برتراند ڕسل

# دەسەڵات و تاك

## لێكۆڵینەوە لەفەلسەفەی كۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی: ئەژین عبدالخالق

چاپی یەكەم: 2006

دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین ــ هەولێر
خاوەنی ئیمتیازو سەرپەرشتیاری گشتی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
بەڕێوەبردن: ئەژین عبدالخالق

ناوی كتێب: دەسەڵات و تاك
بابەت: لێكۆڵینەوەی لەفەلسەفەی كۆمەڵایەتی
ناوی نووسەر: برتراند ڕسل
ناوی وەرگێڕی عەرەبی: نوری جعفر
ناوی وەرگێڕی كوردی: ئەژین عبدالخالق
پێداچوونەوەی كڵ ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
تایپ: عماد ڕەسوڵ
نەخشەسازی و بەرگ:
چاپخانە:
تیراژ: 2000 دانە
ژمارەی سپاردنی( ).

مافی لەچاپدانەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین.

پێرست:

پێشەکی:

برتراند ڕسل، ژیانو بەرهەمەکانی

بەشی یەکەم: دەسەڵاتو تاك

بەشی دووەم: حکومەتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

بەشی سێیەم: بەهرەکانی تاك

بەشی چوارەم: ململانێ لەنێوان پێشکەوتنی پیشەسازیو سروشتی مرۆڤدا

بەشی پێنجەم: باڵادەستی حکومەت و داهێنانی تاك

بەشی شەشەم: پێوەندی تاك بەپێوەرەکانی کۆمەڵگا لەلایەنی سیاسیو خەلقییەوە

## پێشەکی

## بەشی یەکەم
## دەسەڵاتو تاکە کەس

ئەو کێشە سەرەکیەی لەبەشەکانی داهاتووشدا هەوڵدەدەم باسی بکەم، بریتییە لەدۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئازادی تاکە کەس کە یەکێکە لەپێداویستییەکانی پێشکەوتنو نێوان هاوکاری لەگەڵ کەسانی تردا کە تاك بەبێ ئەم هاوکارییە ناتوانێت لەژیان بەردەوام بێت. هەوڵدەدەم لێکۆڵینەوەکانم بەنمایشکردنی پاڵنەرە بۆماوەییەکان لەلای مرۆڤ دەست پێبکەم، ئەم پاڵنەرانەی یارمەتی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان مسۆگەر دەکەن. یەکەمجار باس لەماهیەتی ئەم پاڵنەرانە لەلای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان دەکەم، دواتریش تیشك دەخەمە سەر ئەو گۆڕانکاریانەی لەئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا لەنێو کۆمەڵگا مەدەنیەکاندا ڕوودەدەنو بەسەر ئەم پاڵنەرە بۆماوەییانە دادێن, دواتریش ڕۆشنایی دەخەمە سەر هاوکاری کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی ئەم هاوکارییە لەکاتو شوێنی جیاوازدا، بۆیە بەپێشەوەچوونی مێژوویی ئەم هاوکارییەدا دەچم تا دەگاتە کاتی ئێستاماندو توانای گەشەکردنی لەئایندەیەکی نزیکدا. دوای کۆتایی هێنان بەگفتوگۆ لەبارەی هاوکاری کۆمەڵایەتی، باس لەلایەنێکی تری ژیانی مرۆڤ دەکەم لەنێو کۆمەڵگادا، واتا ئازادی تاکە کەسو هەوڵدەدەم ئەو ڕۆڵە ڕوون بکەمەوە کە لەئاستە جیا جیاکانی پێشەوەچوونی مرۆڤایەتیدا گێڕاویەتیو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا لەکاتی ئێستاو توانای گەشەکردنو پەرەپێدانی ئایندەیی لەلای تاکو کۆمەڵگادا. دواتریش باسی یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی ئێستامان دەکەین، کە بریتییە لەناکۆکی نێوان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە ئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازییە، لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا. بەواتایەکی تر لەپاڵنەرە ئابوورییەکان لای تاکەکەس دەکۆڵینەوە، مەبەستم پاڵنەری موڵکدارێتی کردنە. دوای ئەوەش ئەو شتانە پێشنیار دەکەم کە هەست دەکەم چارەسەری گونجاون بۆ ئەم کێشەیە. لەکۆتاییشدا باسی لایەنی خەلقی دەکەم، کاریگەری ئەم پێکهاتنە لەسەر

پێوەندی نێوان بیرکردنەوەی تاكو چالاكییەكانی لەلایەكو لەلایەكی تریشەوە باڵادەستی كۆمەڵگا بەسەر تاكدا.

ئەو هاوكارییەی دەبێتە هۆی یەكێتی كۆمەڵ، لەنێو هەموو ئافرێدەكراوە كۆمەڵایەتییەكاندا لەسەر بنەمای غەریزە بونیادنراوە تەنانەت لەنێو مرۆڤیشدا. ئەم دیاردەیە زیاتر لەلای مێروولەو مێش هەنگویندا دەردەكەوێت، ئەو دیارە هەڵسوكەوتێكی كۆمەڵایەتی دەنوێنن, دیاردەی هەڵسو كەوتی كۆمەڵایەتیانە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا لای ئەم جێگای سەرسوڕمانە، بەڵام دیاردەی یارمەتیو هاریكاری نێوان ئەم لەخراپە بەدەر نییە، چونكە مێروولەو مێش هەنگوین بارودۆخێكی گونجاو بۆ تاكەكانیان نارەخسێنن تاوەكو تێیدا داهێنانی هونەریو دۆزینەوەی زانستی بەدەست بێننو زانیاری ئاینی تێیاندا سەرهەڵنادات. لەواقیعدا ژیانی كۆمەڵایەتییانەی ئەوانە ژیانێكی میكانیكی چەقبەستووەو بەیەك ئاراستەو ئاستدا دەڕوات، لەبەرئەوە ئێمە حەزدەكەین لەژیانی مرۆڤ جگە لەلایەنی كۆمەڵایەتی، توخمێك لەتوخمەكانی داهێنانی تاك بوونی هەبێت، ئەوە ئەگەر بمانەوێت خۆمان لەدەست چەقبەستوویی كۆمەڵایەتی دەرباز بكەین.

بەبەراورد لەگەڵ هەندێك لەگیانەوەرانی هاوسەردەمی خۆی، مرۆڤی كۆن بێهێز بووەو ئومێدی بەردەوامبوونی لەژیان كزو لاواز بووە, مرۆڤ كاتێك سەری هەڵدا لەهەندێك بونەوەرەوە هاتە بوون كە بەدەركەوتنی لەسەر شێوەیەكی سادەدابووە لەزنجیرەی پیشەوەچووندا و كەمتر لەمرۆڤ پێشەوە چووبوو، ئەم بوونەوەرانە توانای زۆریشیان نەبوو، وەكو ئەوەی بتوانن هەردوو دەستەكانیان بەشێوەیەك بەكاربێنن وەكو ئەوەی مرۆڤی ئێستا بەكاری دێنێت، بەكارهێنانی دەست لەلایەن مرۆڤ پەرەی سەند تاوای لێهات مرۆڤ پێویستی بەدارستان نەما بۆ ئەوەی لێی نیشتەجێ بێت، بەڵكو لەشوێنی دوور لەدارستانەكان نیشتەجێبوون، ئەو شوێنانەی خۆراكیان كەمبووە، هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە مرۆڤ لەئاژەڵەكانی تر زیاتر پێویستی بەزەوی هەیە بۆ نیشتەجێبوون. سێر ئارتەر كیت ئەو رووبەرەی كە تاكە مرۆڤێكی سەرەتایی پێویستی بووە بۆ دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی ژیانی خۆی، بەدوو میلی چوار گۆشە دەخەملێنێت، تەنانەت هەندێك نووسەر وای بۆدەچن كە مرۆڤی كۆن پێویستی بەڕووبەرێكی لەوە زیاتریش هەبووە. ئەگەر هەوڵبدەین چەند بەڵگەیەك لەسەر ژیانی هەندێك مەیمون لەكۆمەڵگا سەرەتاییە هاوچەرخەكان بەدەست بێنین بۆ زانینی ژیانی مرۆڤی كۆن، دەبێت بڵێین مرۆڤی كۆن لەكۆمەڵگای بچووك ژیاونو ژمارەیان لە سەدو پەنجا كەس تێنەپەڕیوە. پێدەچێت هاریكاریو یارمەتیش لەنێوان هەموو تاكەكانی نێو كۆمەڵەكان باو بوو بێت, بەو ڕادەیەی ناكۆكی لەنێوان كۆمەڵو گروپە جیا جیاكاندا سەری هەڵداوە بەتایبەتیش كاتێك لەیەكتر نزیكبوونەتەوەو پێوەندیان بەیەكەوە كردووە، بەڵام بەریەككەوتن لەنێو كۆمەڵە جیاوازەكاندا ئەوكات زۆر كەمبووە، چونكە ڕەگەزی مرۆڤ خۆی لەسەر زەویدا كەمبووەو هەموو گروپێك سنووری تایبەتی خۆی هەبووەو بەریەككەوتن ڕووینەداوە، تەنیا لەكاتی بەزاندنی ئەم سنوورانەوە نەبێت. هەروەها دەبینین هاوسەرێتیش لەم ڕۆژگارانەدا لەسنووری كۆمەڵەو گروپەكان دەرنەچووەتە دەرەوە. ئەگەر ژمارەی ئەندامانی كۆمەڵێك بەڕادەیەك زیادی كردبووایە كە لەوشوێنەی خۆیان جێگایان نەبێتەوە، لەوانەبووە ململانێ لەنێوان ئەو كۆمەڵەو كۆمەڵێكی تر ڕوویدابووایە كە دەكەونە سەر تخوبی یەكتری، ئەم ململانێیەش بەسەركەوتنی ئەو كۆمەڵە كۆتایی دەهات كە ژمارەی تاكەكانی زیاترە لەكۆمەڵەكەی تر. هەموو ئەوانە سێر ئارتەر كیت باسیان لێوە دەكات. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە باوو باپیرانمان كارەكانیان بەپێی نەخشەو پیلانێكی دیاریكراو بەڕێوە نەبردووە, بەڵكو بەردەوام پشتی بەفاكتەرێكی دوولایەنە بەستاوە، یەكەمیان هاوكاری كۆمەڵەكەی خۆیەتی، ئەویتریشیان ناكۆكیو دژایەتی لەگەڵ كۆمەڵەو گرووپەكانی تر. مادام وەكو ئەوەی باسمانكرد كۆمەڵە سەرەتاییەكان لەڕووی قەبارەو ژمارەی دانیشتووانەوە بچووك بوون، ئەوا ساناتر بوو بۆ ئەوەی تاكەكانی یەكتر بناسنو زیاتریش هاریكاری یەكتری بكەن.

خێزان بەردەوام پێكهاتەی سەرەكی ژیانی كۆمەڵایەتی بووە، چونكە درێژی ماوەی پەروەردەكردنی مرۆڤ، بەپێوانە لەگەڵ ئاژەڵاندا، بۆتە هۆی دروستكردنی خێزان. كەمتواناییو بێهێزی ئافرەتیش لەبارەی كۆكردنەوەی خۆراكەوە لەمبارەیەوە فاكتەرێكی تر بووە. ئەوەش لای مرۆڤو لای زۆرێك لەباڵندەكانیش بۆتە هۆی ئەوەی لەو مەسەلانەی پەیوەستن بەكاروباری خێزانەوە زیاتر پشت بەئافرەت

ببەستریت. لەئەنجامدا جۆرێك لەدابەشبوون لەنێوان کاری ژنو پیاودا دروستبوو، پشکی ژن تەنیا کاری ناوماڵو پەروەردەکردنی منداڵە. گواستنەوە لەخێزان بۆ هۆز گواستنەوەیەکی بایۆلۆجییە لەئەنجامی ئەوەی ڕاووشکار هۆیەکی سەرەکی بژێو بووە لەڕابردودا، ئەوکاتەش سەرکەوتووتر دەبوو کە بەشێوەی گرووپ ئەنجام دەدرا. بۆیە پێوەندیو هاوکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵەو گرووپەکان زیاتر بوو، بەوەش هاوکاریو هەماهەنگی لەبەرانبەر دەستەو گرووپەکانی تریشدا زیاتر بوو.پاشماوەکانی مرۆڤی کۆن کە بەم دواییانە دۆزراونەتەوە، ئەوەیان بۆ ئاشکرا کردین کە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ زیاتر لەحاڵەتی گەشەکردنی مەیموون دەچێت، تەمەنی ئەو پاشماوانەش لەملیۆنێك ساڵ تێناپەڕێت. وا پێدەچێت ملیۆنەها ساڵی بەر لەم کاتانە مرۆڤ لەسەر زەویدا بوونی نەبوویێت، بەڵکو تەنیا هەندێك مەیموون بوونیان هەبووە، ئەو مەیموونانەش لەگەڵ مرۆڤی کۆندا یەك بنەچەی هاوبەشیان هەبووە.

گرنگترین شت کە مرۆڤی کۆنی پێ جیاکراوەتەوە قەبارەی کەللەی سەری بووە کە لەگەشەکردندا بوو تاوەکو گەیشتۆتە ئەو بارەی ئێستای.بەدرێژایی ئەو ماوەیەشدا مرۆڤ بەشێوەیەکی هەستناك لەپێشکەوتندا بووە، هەروەها لەچالاکی جەستەییو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیشدا پێشکەوتووە، بەڵام وەکو ئەوەی پێمان وایە هێزی عەقڵی بۆماوەیی مرۆڤ پێشکەوتوو نەبووە، بەڵام وەکو ئەوەی لەلێکۆڵینەوەی ئێسکەکاندا دیارە، پێشکەوتنی بایۆلۆجی ماوەیەکی زۆرە گەیشتۆتە کۆتایی. بۆیە دەشێت بگووترێت کە هێزە بۆماوەییەکانمان زۆر لەو هێزانەی مرۆڤی کۆن جیاواز نییە، کەچی مەعریفەکانمان لەبەرانبەر مەعریفەی مرۆڤی کۆندا زۆرتر گۆڕاوە. دیارە ئێمەش وەکو پێشینەی خۆمان غەریزەمان هەیە، ئەو غەریزانەش پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بەشێوەی گرووپی دیاریکراو بگوزەرێنێتو لەپێناو مانەوەدا لەململانێدان.

ئەو گۆڕانکاریانەی لەوساوە ڕوویانداوە، لەلایەك پشتیان بەخۆشەویستی گرووپ بەستاوە، لەلایەکی تریشەوە بایەخدان بەپاراستنی خود. هەوڵو کۆشش بۆ لەناوبردنی هەندێك غەریزەی سروشتی مرۆڤ بەتایبەتیش ئەوە پەیوەستە بەڕەفتارەوە زۆرجار دەبێتە هۆی لەناوچوون یا کزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە سروشت لەڕێگای لاواز کردنی جۆرو ڕەگەزەوە یا لەڕێگای لەناوبردنیەوە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

لەبەر مەترسی دوژمنان، پێوەندییەکان بەهێزتر بوون، ئەو ترسەی کە لەسەر غەریزەو پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە بونیادنراوە. چەند هێزێکی تریش یارمەتیدەری ئەم کارە بوون. لەقۆناغەکانی بەرایی گەشەکردنی مرۆڤدا، هەموو تاکەکان ملکەچی دەسەڵاتی کۆمەڵ بوون. بەتێپەڕینی کاتیش خەڵك لەڕێگای نمایشکردنی دڵسۆزیان بۆ سەرۆکەکەیانەوە دڵسۆزی خۆیان بۆ کۆمەڵەکەیان دەردەبڕی. سەرۆکیش لای گرووپەکەی خۆیو زۆر گرووپی تری دەوروبەر ناسراو بوو، ئەم شێوازە یارمەتیدەر بەە بۆ زیاد بوونی ئەندامانی کۆمەڵ، بەڵام نەبووە هۆی ئەوەی ترس لەناو بەرێت. هێدی هێدی گۆڕانێکی تریش سەری هەڵدا، جەنگەکان لەبردنەوەوەو لەناوبردنی بەرانبەرەوە گۆڕان بۆ دەسبەسەر داگرتنو کۆیلەکردنی بەرانبەر، بەمجۆرە دۆڕاو دەبووە کۆیلەو خاوەنەکەی دوای ئازارو ئەشکەنجەی زۆر بەئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنا، بەم شێوەیەش کۆمەڵگاکان دابەشبوونە سەر دوو بەش، ئەوەی ئەسڵی کە کۆڵگەو ڕایەڵی سەرەکییە، خەڵکانی تریش کەناچار کراون بەم جۆرە بگوزەرێننو دەسەڵاتی هیچیان نییە، ئەوانە لەناچاریدا ملکەشی دەسەڵاتی لایەنی بەرانبەر ببوون، لەترسان بوو، نەوەکو بەئارەزووی خۆیان بێت. بابلییەکان پانتاییەکی زۆری سەر زەویان حوکم کرد، خەڵکیش لەژێر چەپۆکی ئەواندا دەژیا، مەسەلەکە ئەوەنەبوو کە ئەوان بەغەریزە دڵسۆزی بابلییەکان بوو بن، بەڵکو لەهێزو زەبری ئەوان دەترسان. جەنگ هەر لەسەرەتاوە بۆتە ئامرازێك بۆ کشانی دەسەڵاتی هەندێك کۆمەڵگا لەسەر حیسابی هەندێکی ترداو ترس جێگای دڵسۆزی غەریزی گرتەوە. ئەوە بەتەنیا لەنێو کۆمەڵگا گەورەکاندا ڕوونەدا، بەڵکو اەنێو کۆمەڵگا بچووکەکانیشدا هەروا بوو.

پاش ئەوەی شار گەشەی کرد، جۆرێکی تر لەدڵسۆزی پێشەوەچوو، دڵسۆزییەك هاتە بوون کە لەسەر یەکێتی عەقیدە دوور لەیەکێتی ڕەنگو ڕەگەزو جوگرافیا سەری هەڵدابوو، بۆیە ئایین هات ڕۆڵێکی گەورەی لەم بوارەدا گێڕا. بەم جۆرە دڵسۆزی بۆ عەقیدە ئەوەندە

گەشەی کرد بەشێوەیەك چووە سەرووی هەموو جۆرێکی تر

لەدڵسۆزی، ئەوەش بەڕوونی لەئەوروپای سەدەی شازدەیەمدا دیارە. بەڵام لەکاتی ئێستادا دوو عەقیدە بڵاوە، یەکێکیان بەناوی کۆمۆنیزم کە هاوکارو پاڵپشتی زۆری هەیەو ئامادەن بەرگری لێبکەن، بەرگرییەك هاوشێوەی بەرگری ئایینی بێت، ئەوەیتریشیان ناوی شێوازی ئەمریکیانەیە بۆ ژیانو کەمتریش لەکۆمۆنیزم روونترە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکە لەڕێکای کۆچەوە دروستبووەو بەدەست یەکێتی بایۆلۆژییەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکێتییەی لەوێدا هاتۆتە بوون هاوشێوەی یەکێتی زۆر وڵاتی ئەوروپایە.

کۆچەرەکانو نەوەکانیان لەئەمریکا شێوازێکی نوێیان بۆ ژیان دۆزییەوە کە لەگەڵ شێوە ژیانی کۆن دەگونجێت، بۆیە بیریان لەوە کردەوە بەنێو جیهاندا بڵاوی بکەنەوە. بۆیە دڵسۆزی بۆ عەقیدە لەڕوسیاو ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی هەموو خەڵك کۆبکاتەوەو یەکیان بخات، بەوەش نەتەوەکانیان بوونە خاوەن هێزو نەوەکانیان هەوڵدەدەن عەقیدەکەی خۆیان بەنێو وڵاتاندا بڵاوبکەنەوە. تائێستاش دڵسۆزی بۆ گرووپە گەورەکان لەسەر هەمان بنەما دەروونییە کۆنەکان، ئەوانەی کۆمەڵگاکانی کۆنی لەسەر بونیادنرابوو، بونیادنراوە. چونکە سروشتی بۆماوەیی مرۆڤ نەگۆڕاوە، ئەگەرچی قوتابخانەو ئاینەکانو پڕوپاگەندەکانو ڕێکخستنە ئابوورییەکان هەوڵیانداوە ئەم سروشتی بگۆڕن. مرۆڤ بەشێوەیەکی غەریزیانە بەوە ئەوە دەچێت مرۆڤایەتی بەسەر دوو جۆر دابەش بکات: هاوڕێیو دوژمن. لەگەڵ هاوڕێکاندا هاوکاری دەکاتو لەگەڵ دوژمنانیش ڕکابەری. فاکتەری سەرەکی ئەو مەسەلەیەش بەرژەوەندی تاکەکەسییە. هاوڕێ ئەو کەسەیە کەبەرژەوەندی لەگەڵ ئێمەدا کۆكو تەبایە، دوژمنیش ئەو کەسەیە کە بەرژەوەندی لەگەڵماندا یەك ناگرێتەوە. مادام بەرەوەندییەکانی خەڵك لەگۆڕاندایەن ئەوە دەکرێت دوژمنەکانیش بگۆڕێن، ئەوەی لەکاتێکدا دوژمنەن لەکاتێکی تردا دەبێتە هاوڕێو دۆستێکی نزیك. لەهەندێك حاڵەتدا خاوەن کارگەیەك ڕقی لەخاوەنی کارگەیەکی ترە، لەهەندێك حاڵەتی تریشدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی خاوەن کارگەیەکی تر، بەیەکەوە کاردەکەنو هاوکاری یەکتری دەکەن. بوونی دوژمنێکی دەرەکی هاوبەش بەردەوام خەڵك بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ڕەنگە لەکاتی خۆشی ئاشتیدا هاوسێ ڕقی لەدراوسێکەی خۆی ببێتەوە، بەڵام لەکاتی مەترسیو ناخۆشیدا ئەم ڕق لێبوونەوەیە دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی. زۆرجار مرۆڤ حەزناکات کەسێك لەناو پاسدا لەتەنیشتی دابنیشێت، بەڵام ئەم بێزارییە نامێنێت کاتێك بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە وا لەمرۆڤ دەکات هەست بکات زەحمەتە شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی جیهان لەیەکتری بزیك بکاتەوە. خۆ ئەگەر هەموو جیهان بوو بەوڵاتێكو دوژمنی دەرەکی نەما کە ترس لێی وا دەکات خەڵك زیاتر پەیوەستی دەوڵەت بن. هەردوو ئایینی مەسیحیو بودی هەوڵیاندا هەستێك بەهاوکاری لەنێو سەرجەم خەڵکدا دروست بکەن دوور لەجیاوازییەکانیانو مژدەی برایەتی نێوان مرۆڤیان هێناو گووتیان خەڵك هەمووی یەك خێزانە، بەڵام زۆر لەئەندامو پێڕەوکارانیان حیسابی ئەوەیان نەکردبوو کە ئەو کەسانەی ئایینی تریان هەیە دەبنە دوژمنیانو شەڕیان لەگەڵدا دەکەن. ئاینو ئەخلاقو بەرژەوەندی تاکەکەسیو ئابووری، تەنانەت لەلایەنی بایۆلۆژیدا ململانێش لەپێناوی مانەوەدا پرسی وان کار لەپێناو هاوکاری نێوان مرۆڤەکاندا دەکەن نەوەکو لەدژی. کەچی ئەو غەریزە کۆنانەی لەبابو باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە دەبنە بەربەستو پاڵمان پێوەدەنێن ڕقمان لەیەکتری ببێتەوە. ئەگەر مەبەستی ئێمە یەکێتی مرۆڤایەتییە ئەوە دەبێت شێوازێك بدۆزینەوە بۆ خۆدەرباز کردن لەو دڵسۆزییە تەسکە بۆ گرووپو کۆمەڵو کار بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی وا بکەین کە هاوکاریو یارمەتی نێوان خەڵك بەگشتی زیاتر دەکات.

ئەم کێشەیەش سانا نییەو ناکرێت لەڕێگای پەروەردەی خەلقیو دەروونشیکاریشدا چارەسەر بکرێت، دەروونشیکاری ئەگەرچی زێدەڕۆیی زۆری تێدایە، بەڵام بێگومان دەتوانێت لمبارەیەوە یارمەتیمان بدات. فێری ئەوەمان دەکات کە خەفەکردنی غەریزە سروشتییەکان مرۆڤ بەرەو لادان دەبات، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك ڕەفتاری خراپو گرێی دەروونی. ڕەنگە لەئەنجامی ئەوانەشەوە مرۆڤ ببێتە بوونەوەرێکی دڵڕەقو بێ بەزەیی.

ئەم دیاردەیەش لەنێو هەندێك گەلانی سەرەتاییدا تێبینیکراوە، چونکە هەندێك لێکۆڵەرەوە دەڵێن هەندێك گەلی سەرەتایی کوشتنی مرۆڤ

بەکارێك دەزانن کە کات ڕابواردنو بەسەر بردنە. کوشتنی مرۆڤ بۆ براکەی خۆی دیاردەیەکە تەنانەت لەنێو کۆمەڵگا مەدەنییەکانیشدا ون نەبووەو ماوە، جیاوازی نێوان درندەیی‌و مەدەنییەتیش تەنیا لەشێوەی کوشتنەکەدایە. لەنێو هەموماندا پاڵنەری داهێنانو ڕق لێبوونەوە هەیە، بەڵام عادەتەن کۆمەڵگا ڕێگا بەزۆربەیان نادات گوزارشت لەخۆیان بکەن، ئەوانەی لەشێوەی یاری‌و پێشبڕکێی جەستەیی‌و ڕۆشنبیرییەوە ئەنجام دەدرێت بەس نییە بۆ گوزارشتکردن. ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت جەنگ لەناو بەرین، ئەوە دەبێت بیر لەشێوەی گونجاوی تێر کردنی غەریزە بۆ ماوەییەکانی مرۆڤ بکەینەوە. من پێم وایە دەشێت قەرەبووی غەریزەی جەنگ لەڕێگای چیرۆکی پڕ لەمەترسی‌و ناخۆشی‌و شتی لەمجۆرە بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی لەم بابەتە لەگەڵ زۆر کەس ناگونجێت.

پێم وایە مرۆڤی ساغ دەسبەرداری ململانێ نابێت، چونکە هەر لەکۆنەوە ململانێ فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی خەڵك هان بدات کار بکەن، کەواتە نابێت هەوڵبدەین لەناوی بەرین، بەڵکو دەبێت فۆڕمەکەی بگۆڕدرێتو خراپییەکانی لەناو ببرێت. ململانێ لای گەلانی سەرەتایی کۆششێك بوو بۆ لەناوبردنی نەیارانو تا ئێستاش هەر ماوەو شێوەی نەرمو نیانتری وەرگرتووە لەیاری‌و پێشبڕکێی ئەدەبی‌و هونەری‌و شیعرو شتی لەم بابەتانە. جگە لەوانەش ڕێگا خۆش دەکات تاوەکو غەریزەی ململانێ گوزارشت لەخۆی بکات، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم جۆرە لەململانێ لای خەڵك بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری پێناکرێت.

مەدەنییەتی نوێ هەوڵیدا دڵنیایی لەنێو خەڵكدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام پێم وایە سەرکەوتوو نەبووە، بۆ ئەوەی بەڵگەشتان بۆ بێنمەوە، برگەیەکی کتێبی سێر ئارتەر کیت–تان بۆ دێنمەوە کە تێیدا دەڵێت:" ئەوەی سەردانی ئەو گەلانە بکات کە لەسەر فیترە دەژین بڕوا بەوە دەکات کەبەختەوەرن، فریا ستارك لەبارەی ئەو هۆزانەوە قسەمان بۆ دەکات کە لەباشووری وڵاتی عەرەبییەکاندا دەژینو بەتووندو تیژ وەسفیان دەکات، ئەوانە لەسەر تاڵانکاری بەڕێوە دەچنن بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەختەوەرن. هەروەها دکتۆر ه.ك. فرای هەمان شت باس دەکات لەبارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوستralیاوەو دەڵێت ئەو سەرەتاییانە ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن ئەگەرچی ژیانیا لەمەترسی بەردەوامدایە. دکتۆر لوی–ش هەمان شت لەبارەی دانیشتوانی ئەمریکاوە باس دەکات".

ئەم حاڵەتە دەروونیانە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لای زۆر کەس بینراوە. تێبینی ئەوە کراوە کەزۆربەیان لەکاتی جەنگدا بەختەوەرتر بوون، تەنیا ئەوکاتانە نەبێت کەجەنگ ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوی خستۆتە مەترسییەوە، لەوەشدا مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی هێمنی بێزارکەرە، چونکە مرۆڤ ئەوشتانە بەدی ناکات کە بتوانێت لەمیانەیانەوە گوزارشت لەزۆر لەغەریزەکانی خۆی بکات، خۆ ئەگەر بەر لەچوارسەد ساڵ پێش ئێستا ژیا بووان چەندین دەرفەتیا بۆ دەڕەخسا تاوەکو گوزارشت لەغەریزەکانی خۆیان بکەن. لەبەدبەختیدایە کە زانستی تازە کۆمەڵێك ئامرازی زۆر بەهێزمان دەخاتە بەردەست تاوەکو غەریزە شەڕانگێزییەکانی خۆمانی پێ تێر بکەین. بەداخەوە کێشەی دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئەو غەریزە شەڕانگێزیانەو پێداویستی ئاراستە کردنیان بەشێوەیەکی گونجاو تا ئێستاش لێکۆڵینەوەی لێی نەکۆڵراوەتەوە. لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیشدا کێشەکە گەورەتر بوو. لەئەنجامی ئەوەشدا لایەنی تێکدەر پێشکەوتووتر بوو لەلایەنی بونیادنەر، چونکە مرۆڤی ئێستا دەتوانێت لەچەند چرکەیەکدا نزیکەی نیو ملیۆن کەس بەیەکجار بکوژێت. کەچی مرۆڤ ناتوانێت خێراتر لەبابو باپیرانی منداڵ بەرهەم بێنێت. مادام مرۆڤ ناتوانێت لەچەند چرکەیەکدا نیو ملیۆن منداڵ بەرهەم بێنێت کە ڕۆکێتی ئەوەوی دەیانکوژێتو لەناویان دەبات، بۆیە چالاکی پێشکەوتنخوازی مرۆڤ لەکاتی ئێستادا بەس نییە تاوەکو بتوانێت جۆری مرۆڤ بپارێزێت، بۆیە پێویستە پیشەوەچوونی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت.

ئەو کێشانەی کە چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەری دەکەن پەیوەست نییە بەئامرازو شێوازەکانی دابینکردنی دڵنیایی، چونکە ئەو ئامرازانە ئەگر بوونیشیان هەبێت ئەوە هەر ناتوانن ئارەزووەکانی مرۆڤ تێر بکەن. ارەسەری کێشەکە لەوەدایە گونجاندنو هەماهەنگی لەنێوان پلەیەکی دیاریکراوی دڵنیایی‌و مانەوەی جۆری مرۆڤ لەگەڵ پلیەك لەترسو تووشبوون بەناخۆشی کە یەکێکە لەپێداویستییەکانی پێشکەوتنی شارستانییەت. بەڵام ئەو شتەی دەبێت بەردەوام باسی لێوە بکەین، لەبارەی دۆزینەوەی ئەم گونجانو هەماهەنگییە،

ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زۆر لەدامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانو سیستەمو مەعریفەمان دووچاری گۆڕانی بەردەوام دێت، بەڵام غەریزەکانمان هەروەکو غەریزەی کۆنی بابو باپیرانمان ماوەتەوە. من ئەوە ڕەتناکەمەوە کە دەکرێت پاڵنەرە بۆماوەییەکانمان لەگەڵ شێوازی کۆمەڵایەتییانەی ژیان بگونجێت، بەڵام پێم وایە ئەوە کارێکە مومکین نابێت ئەگەر لەسەر حیسابی یەکێکیان بایەخ بە ئویتریان بدەین. ژیانی بێ مەترسی ژیانێکە لەزەتی تێدا نییە، لەبەرانبەریشدا ژیانێك لەسەر مەترسی بونیادنرابێت دوورو درێژ نابێت.

مرۆڤ بەدوای هەردوو جۆردا دەگەڕێت بەشێوەیەك دەگاتە دڵنیایی، بۆیە هەندێك کەس چێژ لەنواندنی ژیانێکی سینەماییانە وەردەگرێت، هەندێکی تریش لەڕێگای دەرکەوتن لەبواری وەرزشی یا سەربازی یا سیاسی...تاد. کەسی تریش هەیە لەڕێگای خەیاڵەوە ئەم چێژانە بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. گومانم لەوەدانییە کە خەیاڵ هەمووی هەر خراپ نییە، چونکە هەندێکی بۆ ژیان پێویستە، بەڵام ڕەنگە هەندێکی بگاتە ئاستێك کە ئەستەمە بێتە دی بۆیە دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر مرۆڤ. لەنێو جیهانی نوێماندا دەتوانین زۆر دەرگای ڕاستەقینە بەدی بکەین بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانمان، هیوادارین بتوانین ئەوە بەدەست بێنین تاوەکو ئارامی باڵ بەسەر مرۆڤایەتیدا بکێشێتو فەلسەفە شەرشانگێزەکانیش جێکەوتیان نەمێنێت. ئەگەر ئەوەش هاتە دی، ئەوە هەموو کەسێك لەئێمە دەتوانێت ئارەزووە شەڕانگێزەکانی بەشێوەیەك گوزارشت لێبکات کە دژو ناکۆك نەبێت لەگەڵ ژیانی نوێماندا.

## بەشی دووەم

## حکومەتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەزۆربەی هۆزە سەرەتاییەکاندا پێوەندی کۆمەڵایەتی لەلای تاك، تائێستاش لەسەر بنەمای فاکتەرە دەروونییەکان بونیادنراوە، بەبێ ئەوەی پێویست بەبوونی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بکات لەدەرەوەی تاك. گومان لەوەدا نییە کە هەندێك دابو نەریتی هۆزگەرایی هەن کە تاکەکانی ناو هۆز ملکەچی دەبن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە پێمان وایە ئەنجامەکەی نەبوونی پاڵنەری دەروونییە کە پاڵپشتیکەری کەسە بۆ ملنەدانەبەر، لەبەرئەوە پێویستیمان بەبوونی هێزێکی پۆلیسی نییە بۆ پارێزگاری کردن لەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەی نێو خەڵك. لەچاخی بەردینی یەکەمدا، هۆزەکان لەنێو ڕەوشێکدا دەژیان دەتوانین پێیان بڵێین ئاژاوەگەرایی بووە، بەڵام لەکۆمەڵگای نوێدا فاکتەری کۆمەڵایەتی باڵا دەستەو ڕێنیشاندەرەی ڕەفتاری تاکە وەکو ڕێنیشاندەرێکی کۆمەڵایەتی کار دەکات، بەڵام لەچاخی بەردینی دووەمدا خەڵك بەجۆرێك ژیاون جیاواز لەگەڵ ژیانی سەردەمانی پێش خۆیان، چونکە حکومەتیان خاوەن دەسەڵات بووە بەسەر خەڵك، هەروەها کاری کردووە بۆ بڵاوبوونەوەی هاوکاری لەنێوانیاندا، ئەو دیاردیەش بە پشکنینو تەماشاکردنی پاشماوەی کۆن ڕوونتر دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هاوکاریو دەسەڵاتی حکومەت نەبووایە، هەرەمەکان لەمیسر بونیاد نەدەنران، بەڵام لەلایەنێکی تریشەوە دەتوانین بڵێین کە یەکەی کۆمەڵایەتی لەلای ئەم هێزانە لەئەنجامی جەنگ بەرهەمهاتووە. مادام وایە جەنگی سەردەمانی کۆن لەسەر داماویو بەکۆیلە بوون بونیاد نراوە، چونکە لایەنی براوە دەیتوانی سنوورەکانی فراوانتر بکاتو ژمارەی تاکەکانی زۆرتر بکات لەسەر حیسابی لایەنی دۆڕاوی شەڕەکەدا.

جەنگ بەم شێوەیە فاکتەرێك بووە لەفاکتەرەکانی هاوپەیمانێتی لەنێوان دوو هۆز یان زیاتر لەدژی یەك دوژمنی هاوبەش، ئەم هاوپەیمانێتییەش ڕۆڵی هەبووە لەدروستبوونی هاوپەیمانییەتێکی فراوانترو گەورەتر لەدانانی پلانو نەخشەکێشاندا، لەئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی هێزێکی باڵا دەست کە چەندین هۆز ملکەچی دەسەڵاتەکەی بوونو ناوی حکومەت بوو.

بەسەرهەڵدانی دەسەڵاتی حکومەت، هەندێك کەس لەهەندێکی تر زۆرتر دەسەڵاتدار بوون، هێزی ئەو خەڵکانەش پشتی دەبەستا بەزۆری ژمارەی ئەو کەسانەی کە حوکمیان دەکەن. خۆشەویستی دەسەڵات، حەزو ئارەزووی جەنگی ورووژاند، ئەوەی زیاتریش هانی ئەم حەزو ئارەزووەی دەدا، بەکارهێنانی دۆڕاو بوو لەخزمەتی بەرژەوەندی سەرکەوتەوان، واتا کۆیلەکان لەبری ئەوەی بکوژرا بوان، دەبوونە

هێزی کار، چونکە پێشووتر چارەنووسیان مردن بوو، بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵانە سەریان هەڵدا کە هێزی حکومەت پاڵپشتی لێدەکردن.

حکومەت کە هەوڵیدا فاکتەرەکانی ڕق و کێشەی ناوخۆیی لەناو ببات و ڕۆحی هاوکاری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێن بەرەنگاری دوژمنانی ببێتەوە. بەم جۆرە دەسەڵاتی پاشاو میرەکان فراوان بوو. بۆ نموونە لەمیسری کۆندا میر دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو، بەشێوەیەك هیچ دەسەڵاتێك نەیدەتوانی خۆی لەقەرەی بدات، تەنیا دەسەڵاتی کاهینەکان نەبێت، ئەوانیش کەسانێك بوون تایبەت بەکاری ئاینی. میرەکان خەڵکیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنا، بۆ نموونە دروستکردنی کۆشك و هەرەمەکان، کەواتە کەمایەتی باوبوو لەم کۆمەڵگایانەدا. کەمایەتی ئەوکات، پێکهاتبوو لەمیرو دەستو پێوەندەکانی و کاهینەکان، دەسەڵاتەکانیشیان لەسەر گوێڕایەڵی وەستابوو، زۆر لەو خەڵکانەی لەم جۆرە بارودۆخە ژیاون ژیانێکی پڕ سەختیان چەشتووە، بەڵام بەختەوەریش بوونی هەبووە، بەتایبەتی لەکاتی خۆشگوزەرانیدا. لای خەڵکی ئەو کات وا باوبوو خۆیان لەپێناو وڵات بەخت بکەن، ئەم دیاردەش لەو شوێنە باوبوو کە ئێستا ئێمە بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناوی دەبەین. یەکێتی ناوخۆیی پشتی بەئاین و دەسەڵاتی ڕەهای میر دەبەستا. ملکەچ نەبوو بۆ بڕیارەکانی میر، بەدەرچوون لەئاین دادەنراو دەبووە هۆی توڕەبوونی خواوەندەکان. مادام دەسەڵاتدارەکان بڕوایەکی ڕاستگۆیانەیان بەم مەسەلانە هەبوو، بۆیە هەوڵیاندا خەڵکانی تریش بڕوای پێبێنن, بۆیە هاتن فێریان کردن، وەکو چۆن ئاژەڵیماڵی فێری هەندێك کاری سادە دەکرێت.

زۆرجار سەرکەوتنی سەربازی دۆڕاوەکان ملکەچی براوەکان دەکات، ئەوە لەسەردەمی ڕۆمان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویدا. ئینگلترا ئەکاتە یەکێتی ناوخۆیی بەدەستهێنا، کاتێك یەکێك لەدەسەڵاتدارە بیانییەکان هێرشی کردە سەرو پەلاماریدا، هەمان شت بۆ ئیسپانیاو فەرەنساش ڕاستە. جێگری ئەمن و ئاسایش لەزۆر لەوڵاتە کۆنەکان نەبووە، جگە لەمیسر نەبێت کە لەهەندێك سەردەمدا باری ئاسایش تەواو جێگیر بووە، هۆی نەبوونی جێگریی ئەمن و ئاسایشیش پەیوەستبوو بەپەرە نەسەندنی ئامێرە میکانیکییەکان و لاوازی و نەبوونی تەکنیك. ئەسپ خێراترین شتبوو بۆ گواستنەوە، ئاشکراشە گواستنەوەی سەربازیش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر مەسەلەیەکی زەحمەتە، بۆیە زەحمەت بووە بتوانرێت ئەم شۆڕشانە لەناوبرێت کە لەهەندێك ناوچەو شوێنی دوور دەستی وڵاتەکە ڕوویاندەدا، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك میرو پاشای تری ناوچەیی و دابەشبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەندێك هەرێمدا، لەئەنجامدا دەسەڵاتی ناوەندی هەڵوەشایەوە، ئەو ناوچانەش سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. هەریەکێك لەسەرکردە جەنگییەکانی وەکو هۆلاکۆو ئەسکەندەرو جەنگیزخان حوکمی ئیمپراتۆرییەتێکی فراوانیان کردووە، بەڵام ئەو ئمپراتۆرییەتانە هەر لەدوای مردنی ئەو سەرکردانە هەڵوەشاوەتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ کۆتایی هاتووەو درێژەی نەکێشاوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەوڵەتانە پەیوەستی هێزو ناوداری سەرکردەکان بوون. لەم جۆرە ئیمپراتۆرییەتانە هیچ جۆرە یەکێتییەکی دەروونی بوونی نییە، بەڵکو تەنیا پشتی دەبەستا بەیەکێتی سەربازی، واتا یەکێتی لەژێر سایەی زەبرو زەنگدا، بەڵام لەڕۆما بارودۆخەکە جیاوازتر بوو، شارستانییەتی ڕۆمانی ــ یۆنانی لەسەر بنەمای ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانیان بونیاد نرابوو، نەوەکو تەنیا ملکەچ پێکردنیان بەزەبری هێز.

لەو کاتەی کە شێوازی نوێی تەکنیکی داهێنراوە، مومکین نەبووە بتوانرێت پارێزگاری لەئیمپراتۆرییەتە گەورەو فراوانەکان بکرێت بەبێ هانا بردنە بەر چینە بەرزەکانی کۆمەڵگاو خۆشویستنیان لەلای خەڵك بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگران. بنەمای دەروونی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەلایەنگیری بۆ دەوڵەت پەیوەستە بەوەی خەڵك ملکەچی دەسەڵاتی گەورەکانیان بن و ڕێزیان بگرن و خۆشیان بووێن. بەڵام فراوانی ئیمپراتۆرییەتەکان و چڕبوونەوەی هۆزەکان و نەگونجانیان بەیەکەوەو سەختی جوڵاندنەوەی سەرباز لەنێو ئەو خاکە فراوانەی دەوڵەت، بووە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆرییەتەکان بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچن.

لەبەرئەوەی سانا نەبوو حکومەتی ناوەندی بتوانێت شۆڕشە ناوخۆییەکان لەهەرێمە جیا جیاکاندا لەناو ببات. ئەم دیاردانە لەچاخی نوێشدا دووبارە بوونەوە، زەحمەتی جوڵانەوەی سەرباز هۆی سەرەکی لەدەستدانی ئیسپانیاو پوتوگال و ئینگلتەرا بوو بۆ

کۆلۆنییەکانیان لەئەمریکا. بەڵام ئەو وڵاتانە هەوڵیاندا لایەنگیرییەکی قووڵتر لای ئەو کەسانە دروست بکەن کە سەربەخۆیان بوون و لەنێو کۆلۆنیالەکاندا دەژیان، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازە جیهانییە تازەو نوێیەکاندا.

زانستی نوێ بەتەنیا لێکنزیکی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵك دروست نەکرد، بەڵکو وایکرد گروپ و کۆمەڵە گەورەکانی خەڵك لەهەردوو لایەنی ئابووری و سەربازییەوە پێویستییەکی گەورەش بن. بەم شێوەیە سوودەکانی بەرهەمهێنان ئەوەندە فراوان و زیاد بوو، بەشێوەیەك پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەم. هەمووشمان گرنگی بەدەستهێنانی سوودەکانی بەرهەمهێنان لەبەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی لەئەورووپای خۆرئاوا دەزانین. لەسەردەمانی کۆندا، ڕووباری نیل بووە هۆی دروستکردنی یەکێتی لەنێو میسرییەکاندا, سوودەکانی دۆڵی تینسی و بەرزاییەکانی ڕووباری سنت لورنس و ئەو هەموو پێشکەوتنە پیشەسازی و کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵ خۆیان هێنایان، دیارو بەرچاوە. چونکە لەوێوە وزەی کارەبایی سەری هەڵداو گەیشتە چەندین ناوچەو شوێنی جیا جیا، بەوەش لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە سوودی زۆری هەبوو، جگە لەوەی سوودەکانی ناوچەیەکی گەورەتریشی گرتەوە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هێزی ئەتۆمی بۆ مەبەستی مرۆڤایەتی بەکاربێنێت، ئەوە سوودێکی گەلێك زۆری هەیە، چونکە ئەو هێزانەی لە بەکارهێناندا سنووردارن، بەڵام پڕلەمەترسین، ئەگەر بۆ مەبەستی مرۆڤانە بەکاربێت, سوودیان گەلێك زۆرە، بەجۆرێك ڕەنگە ئەگەر بەشێوەیەکی باش و زانستییانە بەکاربهێنرێت، سوودەکانی لەژماردن نایەت.

هەوڵدەدەم ئەوەی لەم بەشەدا ماوەتەوە، بەخێرایی چارەسەرێکی پێشڤەچوونی حکومەت بخەمە ڕوو. کۆنترۆڵی حکومەت لەسەر ژیانی خەڵك بەتێپەڕینی کات گۆڕانی زۆر جیاوازی بەسەرداهاتووە، بەشێوەیەك دەسەڵاتی حکومەت هەر تەنیا وەکو دەسەڵات زیاتر نەبووە، بەڵکو ڕادەی دەست تێوەردانی حکومەتیش لەژیانی خەڵك زیاتر بووە. لەسەردەمانی کۆندا شارستانییەت لەنێو گەلانی میسرو بابل و هاوسەردەمەکانیانداو گەلانی ئێستاوە بڵاو بۆتەوە، چینی سەرووی کۆمەڵگا، واتا میرو کاهینەکانی نێو ئەو ئیمپراتۆرییەتانە چالاکییەکی سیاسی دیاریکراوو هەستپێکراویان هەبووە، بەڵام ئەو جۆرە چالاکییە لەنێو چینەکانی تری کۆمەڵگا بوونی نەبووە. بۆیە کاهینەکان توانیان بەڕادەیەکی زۆر دەست بخەنە نێو ژیانی خەڵکەوە. میرەکان دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر هەموو شتێکدا هەبوو، تەنیا کاروباری ئاینی نەبێت. دەیانتوانی خەڵك بەرەو ماڵوێرانی و جەنگ ببەن. لەنێو میسری کۆندا پیرۆزی پلەو پایەی پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتی میر بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگایەکی جێگیر سەرهەڵبدات، بەڵام ئەو جۆرە لەجێگیری و ئەمن ئاسایشە لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی خەڵك بوو. کەچی لەکۆمەڵگاکانی تری ئەوکاتەدا، جۆرێك لەچەقبەستن هەبوو بەشێوەیەك لەگەڵیدا دروستبوونی ململانێ و بەرەنگاری کارێکی زۆر زەحمەت بوو، وەکو ئەوەی لەجەنگی نێوان گریك و فارسەکاندا دەردەکەوێت.

گریکەکان شارستانییەتێکیان بونیادنا کە پێشتر ڕەگەزو ڕایەڵەکانی لەلایەن باوو باپیرانیانەوە جێگیر کرابوو، ئەو شارستانییەتە لەسەر بنەمای دەوڵەتی بچووك بچووك بونیادنرابوو کە پشتیان بەبازرگانی و بەکارهێنانی دەریا دەبەستا، بەڵام دەوڵەتە شارەکانی گریك لەنێو خۆیاندا لەبارەی ئەو ئازادییەی دەبێت بەهاوڵاتی بدرێت ناکۆك و ناتەبا بوون. ئەگەر ئەسبارتە بەلاوە بنێین، دەبینین ئازادی هاوڵاتیان تاڕادەیەکی زۆر مسۆگەر کرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەو دەوڵەت و شارانە لەهەندێك کاتدا دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکانیانەوە. شۆڕشیش لەو وڵاتە بچووکانەدا ئاسان بوو، بەجۆرێك شۆڕشگێڕان بەئاسانی دەیانتوانی سنووری وڵاتەکەی خۆیان ببەزێنن و بچنە نێو سنووری وڵاتانی دەوروبەر، تەنانەت زۆرجار ئەو وڵاتانە خۆیان لەپشت ئەو شۆڕشانە بوون و هانیان دەدا.

لەسەردەمی حوکمی گریکیدا ئاژاوەیەکی سیاسی گەورە هەبوو کە عەقڵی سیاسی نوێی ئێستاش ناتوانێت قبوولی بکات، بەڵام دانیشتوانی یۆنان ـ تەنانەت شۆڕشگێڕانیشیان ـ لەسەر لایەنگیری وڵات و خۆشەویستی وڵاتدا ڕاهاتبوون، بەجۆرێك ئەگەرچی لەنێو خۆشیاندا ناکۆك بوون، بەڵام ناکۆکیان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بوو. مەزنی یۆنانییەکان لەلایەنی بەرهەمی هونەرییەوە ڕەنگە بەهۆی لاوازیان بوو بێت لەلایەنی سیاسییەوە، چونکە ئەوان هێندەی بایەخیان ئەهونەرو ئێستاتیکا دەدا، ئەوەندە بایەخیان

بەسیاسەت نەدەدا.

ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی کاتێك فراوان بوو، بەشێکی زۆری هەستی لایەنگیریو ئینتیمای لەنێو هۆزەکانی خۆیدا دروستدەکرد، بەڵام ڕەفتاری هەندێك لەم ئیمپراتۆرانە هەندێك خەڵکی بێزار کرد، بەوەش ئەو لایەنگیرییەی کە هەبوو، درزی تێکەوتو چەند پارچەیەکی ئیمپراتۆرییەتەکەی لێ جیابووە، ئەوەی ئەو درزەشی زیاترو گەورەتر کرد، سەپاندنی باجی زۆر بوو بەسەر خەڵك کە بووە هۆی بێزاریو توڕەییان.

ڕۆما لەبەرئەوە نەیتوانی یەکێتی جیهانی لەنێو نەتەوە شارستانییەکانی ئەو کاتدا دروست بکات، چونکە لەبەشێکی زۆری خۆی نامۆو دوور دەستبوو. نەشیدەتوانی لەلایەنی دەروونییەوە خەڵك ئامادە بکات کە بتوانن باڵا دەستی ئەو قبووڵبکەن، بۆیە تووڕەییو بێزاری بەشێکی زۆری ئیمپراتۆرییەتەکەی گرتەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی مەسیحییەتیش خەڵکێکی زۆریش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو جیهانەی ئەوان تێیدا دەژین، جیهانێکە کۆتایی دێتو بەرەو لەناوچوون دەڕوات، بەڵام ژیانی ڕاستەقینە ئەو ژیانەیە کە لەدوای مردنەوە دێت. بەداڕمانی ڕۆما، جیهانی خۆرئاوا دووچاری گۆڕانێکی گەورە بوو، بازرگانی زۆر کەم بۆوەو ڕێگاکان پڕ بوون لەمەترسیو مێرو پاشاکانیش پەلاماری یەکتریاندا، بەشێوەیەك هەرێمەکانیان بچووك بۆوەو ژمارەشیان کەمتر بۆوە. کۆیلایەتی لەناو چوو، لەبری ئەویش کۆیلایەتی زەوی شوێنی گرتەوە. هەرێمە بچووکەکان لەلایەنی ئابوورییەوە پشتیان بەخۆیان دەبەستا، بۆیە لەلایەنی پێوەندییەوە زۆر لاواز بوون، بەنەمانی هێزی ڕۆما وەك ناوەندی دەسەڵات، ئەوانیش هێزیان نەما، بەشێوەیەك ژیان ئەوەندە زەحمەت بوو کە بەرگەی نەدەگیرا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی باڵادەستیو مەزنی ڕۆما. دەرچوونو پێشێلکردنی یاساکانیش ببوە کارێکی باو. ئەوەش هەندێك لەبیرمەندانی ناچار کرد کار بکەن لەپێناو دۆزینەوەی یاسای نوێو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شارستانییەت.

لەسەدەی پازدەیەمەوە تاوەکو ئێستاش بە بەردەوامی هێزی دەوڵەت زیاد دەکاتو هێزی تاك لەلاواز بووندایە. لەسەرەتاشدا داهێنانی بارود یەکێك بوو لەهۆکارەکانی بەهێز بوونی دەوڵەتو فراوانبوونی شوێنی جەگرافی. بەهێزی دەوڵەتو جێگیری باری ئاسایش بووە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر بانگەشەی بڵاو بوونەوەی ئازادی تاکە کەسی بکەن، بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایانەی لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئاژاوەدا بەهیوای دەسەڵاتو هێزی دەوڵەت بوون تاوەکو بیانپارێزێتو ژیانیان مسۆگەر بکات. لەسەدەی هەژدەو نۆزدیەمدا هێزی دەوڵەت بەڕادەیەکی زۆر زیادی کرد تا ئەو ئاستەی توانی یاساو سیستەم بپارێزێتو باری ئاسایش جێگیر بکات، لەهەمان کاتیشدا ئازادی تاکە کەسی کەمتر دەبۆوە، بەتایبەتیش لەلای ئەو چینو توێژانەی لەئاستێکی نزمی کۆمەڵایەتیدا بوون. چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی مەسەلەی ئازادیان فەرامۆش نەکردبووە، بەڵام بەرەو ئەوە چوون پێداویستی یەکسانی کۆمەڵایەتیو چینایەتی ڕوونبکەنەوە، بەهۆی سەرهەڵدانو دورستبوونی چینێکی نوێ لەدەوڵەمەندو سەرمایەداران کە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی سەریان هەڵدابوو. هەروەها پێداویستی ئامادەکاری بۆ جەنگی بەکۆمەڵ، هەموو کەسێکی گەیاندبووە ئەو باوەڕەی کە پێویستە یەکێتی نەتەوەیی دروست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کیانی نەتەوە لەهەڕەشە دەرەکییەکان بپارێزێت. بۆچوونێکیش بڵاوبووە کە هاوشێوەی بۆچوونی میسرییە کۆنەکان بوو لەبارەی پیرۆزی پاشاو پیاوانی ئاینی. ئەم بۆچوونانە ئەگەرچی لەخۆرهەڵات سەریان هەڵداوە، بەڵام لەوکاتانەدا لەخۆرئاواش خاوەن هێزبوون. حکومەتو کۆمپانیا پیشەسازیو بازرگانییەکان تاڕادەیەکی زۆر سنوورو شێوەی ئازادی تاکیان دیاریکردبوو، ئەوەش ببووە هۆی لاوازی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی, ئەم دیاردەیەش هەمان دیاردەیە کە پێشتر هەڕەشەی لەڕۆمای کۆن کردبوو، هەڕەشەشە لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. من بەردەوام هەندێك نامەم لەکەسانێکەوە پێدەگات دەنووسن کە جیهان بەرەو فەنابوون دەڕواتو تاکیش ناتوانێت ڕێگا لەو کارە بگرێتو هەڕەشەکان لاببات. نووسەری ئەم نامانە دەیانگووت ژیانو موڵکدارێتی وەکو دوو واقیع کەوتوونەتە ژێرکۆنترۆڵی چەند کەسانێك، تەنیا ئەو کەسانەن کە بڕیاری جەنگو ئاشتیان بەدەستەوەیە. چالاکی هەرە گەورەی ئابووریش بەدەستی ئەو کەسانەوەیە کە حکومەتو کۆمپانیا مەزنەکان بەڕێوە دەبەن, تاکیش

تەنانەت لەو وڵاتانەی کە بەدیموکراسیش ناودەبرێن، گرنگییەکی ئەو تۆو ڕۆڵێکی بینراوی نییە لەسیاسەتی باڵای وڵاتدا. دواتریش ئەو نووسەرانە دەنگەنە ئەو ئەنجامەی کە لەم حاڵەتەدا کاری تاك تەنیا ئەوەیە خۆی پەیوەست نەکات بە بەرژەوەندی گشتیو بەپێی دەرفەت سەرقاڵی کارو چێژی تایبەتی خۆی بێت. ئاسان نییە مرۆڤ وەڵامی ئەو جۆرە نامانە بداتەوە. ئەو ڕەوشە گشتیو کەمەڵایەتییەی ئێستای دەوڵەتە پاڵ بە هەندێك کەسەوە دەنێت ئەو جۆرە نامانە بنووسن.

هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆئەو درزە گەورەی لەنێوان دەسەڵاتو خەڵکدا هەیە، ئەم حاڵەتە کۆمەڵێك کێشە لەگەڵ خۆیدا دێنێت کە من خۆم پێم وانییە بتوانم چارەسەرێکی سەرکەوتووی بۆ بدۆزمەوە, بەڵام پێم وایە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم چارەسەرییە, بریتییە لەدەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە، دواتریش هەوڵبدرێت شێوازەکانی چارەسەی بگیرێتە بەر تاوەك باشتر بکرێتو چارەسەر بێت.

بنەمای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ـ وەکو ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد ـ لەسەر لایەنگیری بۆ هۆز بونیاد نراوە، ئەو هۆزەی ژمارەی تاکەکانی سنوردارەو هەموویان یەکتری دەناسن. دیاردەی یەکتر ناسینی کۆمەڵایەتی, دیاردەیەکی ئاڵۆزە لەنێو دەوڵەتدا لەبەرگەورەیی ڕووبەرەکەیو زۆری دانیشتوانی. شێوە لایەنگیری کۆن بۆ هۆز، ئێستا وەکو پێشتر ئەکتیف نییەو لەئەنجامی شێوازی ڕێکخستنی نوێدا خەریکە دەپووکێتەوە، ئەو شێوازە لەڕێکخستن کە پێداویستی ژیان دروستیکردووە. خەڵکی ئینگلیزیو ئوسکوتلەندی دەتوانێت هەست بەو سۆزو لایەنگیرییە بکات بۆ بەریتانیا، ئەو شتانەیان لەبیرە کە شکسپێر لەبارەی وڵاتەوە گوتوویەتی، ئەوەش دەزانن کە دوورگەیەکە بەهۆی باری سروشتییەوە بەکۆمەڵێك بەربەستی سروشتی لەوڵاتە دراوسێکانی جیا دەبێتەوە، جگە لەوەی کە ئینگلیزو ئوسکوتلەندییەکان مێژووی بەریتانیا شارەزان، بەتایبەتیش مێژووی جەنگو پێشکەوتنی پیشەسازیو زانستی, هەروەها دەزانن کە دانیشتوانی کیشوەری ئەوروپا بەزمانی بێگانە دەدوێن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لایەنگیری بۆ ئەوروپای خۆرئاوا جێگای لایەنگیری بۆ بەریتانیا بگرێتەوە, ئەوە دەبێت ئینگلیزیو ئوسکوتلەندییەکان هەست بەوە بکەن کە پێویستە کولتووری خۆرئاوا بەشێوەیەکی وا بپارێزرێت چونکە شتێکە لەخودی خۆیدا لەسەرووی سنوورە نیشتیمانییەکانەوەیە. ئەگەر نەمانتوانی ئەو وشیارییە دروست بکەین, ئەوە هیچمان بۆ نامێنێتەوە تەنیا یەك پاڵنەر نەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە, ئەویش ترسە لەبوونی هەڕەشەو دوژمنی دەرەکی، بەڵام ترس پاڵنەرێکی نێگەتیڤە، لەکاتی سەرکەوتندا دەپووکێتەوە.

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، دەوڵەت دوو فرمانی هەبووە: یەکێکیان پۆزەتیڤەو ئەویتریان نێگەتیڤە. فرمانی نێگەتیڤ بریتی بوو لەڕێگاگرتن لەتاکەکانی نێو دەوڵەت لەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریەکتریو دەوڵەتیش لەدەستدرێژی دەرەکی بپارێزێت. دواتر هەوڵدان بۆ پاراستنی ژیانی تاکەکانو موڵكو ماڵاتیانو سزادانی تاوانباران بەپێی سزا یاساییەکان. کەچی لایەنی پۆزەتیڤ بریتی بوو لەوەی دەوڵەت ببێتە نێوەندی ساناکردنی پێوەندی عەقڵیو سۆزداری لەنێوان تاکەکانیدا، ئەوەش بۆ دروستکردنی هەستێکی گشتی کە بریتییە لەهەستی ئینتیمای نیشتیمانی بۆ دەوڵەت.

ئەوەی لەواقیعدا ڕوویداوە ئەوەیە حکومەت بەردەوام لەزۆربەی کاتەکاندا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووە بۆ جەنگ, بۆیە حکومەت هاوڵاتیانی خۆی فێری ئەوە دەکرد کە لەناوبردنی دوژمن بەمانای داگیرکردنی خاكو زەوی ئەو دوژمنە دێتو دواتریش بەکارهێنانی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان.

لەکاتی ئێستادا، فرمانەکانی دەوڵەت گەلێك زیاتر بوون، بەتایبەتیش لایەنی پۆزەتیڤی فرمانەکان, بۆیە زیاتر بایەخ بەپەروەردە کردن دەدرێتو زانستو زانیاری بنەڕەتیان پێدەدرێتو ئەو عەقیدەو ئایدۆلۆژیاو بنەما سیاسییانەیان پێدەدرێت کە بەلای دەوڵەتەوە گرنگە بۆ مانەوە، پیاوانی ئاینیش دژایەتی ئەو جۆرە بۆچوونانەی دەوڵەت ناکەن. ئەوەی زیاتریش پاڵپشتی بوو لەو کارانە، ڕێکخستنی پیشەسازیو یاسا حکومییەکان بوو لەبارەی کرێکارو خاوەن پیشەکان، حکومەتیش، تەنانەت لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا کە

ئازادی تاکە کەس تێیدا فراوانە، بەرپرسیارێتی زۆری لەسەرشانە بۆ ڕێکخستنی پیشەسازیو کۆمپانیاکان. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان تاکەکانی، هەرگیز حکومەت دەستەوەستان ناوەستێت لەئاست کۆمپانیاکاندا, بۆیە هاریکاری نێوان هەردوولا بۆتە مەسەلەیەکی پێویستو هانی کۆمپانیا گەورەکان دەدات بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن.

لەکاتی ئێستادا بیرکردنەوەی سیاسی لەحوکمکردندا بەرەو ناوەندگەرایی دەچێت، ئەوەش مەسەلەیەکی پڕ لەمەترسییە, ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بوو لەسەدەی پازدەیەمدا بووە هۆی داڕمانی سیستەمو بڵاوبونەوەی ئاژاوەگەریو هەژاری, هیوادارم لەڕەوشی ئێستاشدا شتێکی وەها دووبارە نەبێتەوە, بۆخۆ لادان لەڕەوشێکی وا دەبێت بەوردی لەئێستا بکۆڵینەوەو هەنگاوی پێویست بهاوێژین بۆ چاککردنی.

کاتێك باسی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان کرد لەڕابردوودا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە خولیایەکی دوو ڕوو بوونی هەبوو, لەلایەکیان گەشەکردنێکی سەرەتاییانەی ناڕێکخراو هەبوو, دواتر گۆڕا شێوەیەکی ڕێکخراوی وەرگرتووە، حکومەتیش ڕۆڵی لەو ڕێکخستنەدا هەبوو بەشێوەیەك ناوچەیەکی گەورەتری گرتووەو خەڵکێکی زۆریش لێی سوودمەند بوون. ڕووەکەی تری ئەو حاڵەتە زۆر بوونێکی خێرای سامان بوو، ئەو زۆر بوونە لەسامان ئەگەرچی بەیەکجاری نەیتوانی ناخۆشییەکانی ڕابردوو لەناو بەرێت, بەڵام بووە هۆی ئەوەی پێشکەوتنێکی گەورە لەشارستانییەتدا بێنیتە دی. لەلایەکی تردا شارستانییەتی نوێ دووچاری چەقبەستوویی هاتو دەسەڵاتدارانیش تەنیا لەخەمی بەرژەوەندی خۆیاندا بوون, بۆیە ئاژاوە لەنێوان تاکەکاندا بڵاوبۆوەو کۆمەڵگاش نەیتوانی بەشێوەیەکی پێویست پێشبکەوێت. ئەوەش بەڕوونی لەچینو هیندو میزوپۆتامیاو میسرو یۆنانو ڕۆمانی کۆندا دەر دەکەوێت. نەتەوە کۆنەکان ئەگەر جۆری چەکو چۆنییەتی بەکارهێنانیو شێوازی جەنگی دوژمنەکانی خۆیان بزانیبووایە، دەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن, شکستی نەتەوە کۆنەکان لەبەرانبەر هێرشی داگیرکەراندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارەزای شێوازی جەنگو جۆری چەکی دوژمنەکانیان نەبوون. ڕەنگە سەیر بێت کاتێك دەزانین ئەو نەتەوانەی کە هێرشیان دەکردە سەر نەتەوەکانی تر لەلایەنی پێشکەوتنەوە گەلێك دوا کەتوو تربوون لەوانەی هێرشیان دەکرایە سەر, لەبەرئەوەش بوو هێرشبەران نەیاندەتوانی پارێزگاری لەم ئیمپراتۆرییەتە گەورانە بکەن کە دەستیان بەسەردا دەگرت, چونکە نەیاندەتوانی ڕێگاکانی گەیاندنو پێوەندی بپارێزن, ئەنجامیش کەمکردنەوەی یەکە ئیدارییەکان بوو، لەگەڵ جەختکردنە سەر ئیدارە.

جگە لەوانەی تازە باسمانکرد، هەندێك دیاردەی تریش هەبوو وەکو زیاتر بوونی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکومەت بەسەرتاکەکاندا کە هاوشانی کەمبوونەوەی ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەت بوو. ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی زۆر لەئیمپراتۆرییەتی بابلیو میسری گەورەتر بوو, بەڵام ئیمپراتۆرییاتی نوێ لەئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش گەورەترن، بۆیە ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان لەوانە گەورەتر بوون کە دواتر هاتن، بەڵام ئیمپراتۆرییەتە تازەکان لەوانیش فراوانترن، چونکە شێوازەکانی پێوەندی ساناتر بووە. لەڕابردوودا دەوڵەتێکی وا گەورەی وەکو یەکێتی شووروەی بوونی نەبووە کە بتوانێت بەو شێوەیە ئەو هەموو خاکە گەورەو فراوانەو ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵك بەڕێوە ببات, یا تەنانەت ئەو شێوەیەی کە تێیدا بەریتانیا حوکمی گەلانی خۆی پێدەکات. مادام زەوی سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، ئەوە مومکینە ئێستا یەك دەوڵەتی جیهانی گەورە دروست بێت, بەڵام هەستکردن بەیەکێتی ئەو دەوڵەتە وا دەخوازێت بیر لەسەرهەڵدانی دوژمنێکی دەرەکی بکەینەوە کە هەرەشەی لەناوبردنی کیانەکەی دەکات, مادام بوونی ئەو دوژمنەش شتێکی چاوەڕوانکراو نییە، بۆیە زەحمەتە غەریزەی ترس لەنێو خەڵکدا بووروژێنێت, بەوەش سایکۆلۆژیای کۆن ناتوانێت ئەم یەکێتییە بەدیبێنێت.

کەواتە دروستکردنی لایەنگیری بۆ حکومەتێکی جیهانی کارێکی زەحمەتە. بۆ ئەوەی ئەو جۆرە لایەنگیرییە دروست بێت دەبێت هانی بەرژەوەندی خودیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەینو پشت بکەینە فاکتەری ترسو پشتی پێ نەبەستین. بەڵام ئایا ئەوە کارێکە دێتە دی؟ ئەگەر هاتە دی, دەبێتە هۆی پێشکەوتن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کارێکی سانا نییە.

## بەشی سێیەم
## بەهرەکانی تاك

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر ئەو پاڵنەرو ئارەزووانەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك کەس لەناو کۆمەڵگادا لەڕووی قازانجو زیانەوە. ئەو جۆرە پاڵنەرو ئارەزووانەی تاك ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا, لەڕابردوودا هەندێك لەتاکەکانی کۆمەڵگا چالاکتر بوون لەوانی تر لە پیشەی ڕاوو جەنگ (کە گرنگترینو باوترین پیشە بوو ئەوکات) زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ پێوە خەریك بوون هەرچەندە چالاکی تاك ڕەزامەندی تاقمو گرووپەکانی دەوروبەری بەدەستنەهێبایە کەمتر خەڵك سەرقاڵی چالاکی خودی خۆی دەبووو کەمتریش هانی دەدا. هەرچەندە ئەم جیاوازیانە زیاتر بوونز کۆمەڵگاش پێویستی بە پیِ<اویستی زیاتر بوو بۆئەوەی سودیان لێوە ببینیِو ئاراستەیان بکات.

هەموو پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیریو هونەریو داهێنانێك پشت دەبەستێت بە تاکە خاوەن بەهرەکان کە چالاکیان تا ئێستاشو بەردەوام فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە هەمەجیەتەوە بۆ شارستانییەت ڕادەی سود وەرگرتنی کۆمەڵگاش لە بەهرەی تاکەکانی لەسەر ڕادەی پێشکەوتنی ئەم تواناپانە دەوەستێت بەڵام لە کۆمەڵگا ڕێکخراوەکان ئارەزوویکی ئاشکرا هەیە بۆ دیاریکردنی پالاکیو بەهرەکانیان. بەڵام گەر کۆمەڵگا لەلایەکی ترەوە کۆنترۆڵی تاکەکانی خۆی لەدەست بدا, ئەوە ڕەنگە ئەو تاکانە سەرقاڵی هەندێك کار بن کە زیان بەکیانی کۆمەڵگا بگەیەنێت. لێرەدا کێشەی گەورە کێشەی گونجانی نێوان ئازادی تاكو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. لەدەستدانی ئازادی بەرەو ڕکودو شلەژانمان دەبات کەمتەرخەمیشی دەبێتە هۆی ئاژاوەو جیاوازی لەنێوان تاك بەچەند ڕێگایەك دەردەکەوێت. هەندێکیان ئاژاوە چینو هەندێکیشیان تاوانبارنو هەندێکیان بەهرەی هونەری گەورەیان تیایە وەکو دادوەرو پیاوانی ئایینیو زانایانی ئەخلاقو...تاد. پێدەچێت تایبەتمەندێتیو پسپۆری لەوەزیفەکانی نێو مرۆڤدا ئەوەندە کۆن بێت بەقەد کۆنی مرۆڤ. ئەو وێنانەی لەسەر دیواری هەندێك ئەشکەوتەکان دۆزراوەتەوە دەلالەت لەوە دەکەن کە هونەر لەلای مرۆڤی کۆن هەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ئەو کاتە ڕێزی هونەریان گرتووە. لەوانەیە هونەرمەندانی ئەوکات لە کۆمەڵگا دابڕابووبنو لەماڵ بووبن لە کاتێکدا کە تاکەکانی هۆزەکانیتر خەریکی ڕاوچیەتی بووینە.

دەتوانین بڵێین کە شێخی هۆزو ((کاهین))یش وەزیفەیان لەگەڵ ژیانی هۆزگەرایی دەستپێکردبێت ئەمە لەسەر پزیشكو ئەو پیشانەی لەم بابەتەشن هەر ڕاستە بەڵام هەر لەسەرەتادا ئارەزوو هەبووە بۆ دیاریکردنی هەموو چالاکییەکانی لەو جۆرە لەنێو چوارچێوەی دابو نەریتێکی دیاریکراو. وەزیفەی شێخ بۆتە وەزیفەیەکی پشتاوپشتو پزیشکەکانیش چینێکی تایبەت بەخۆیان دروست کردووەو بەم شێوەیەش زۆر سەخت بوو بۆ کۆمەڵگاکان بەهرەمەندان بدۆزنەوە. چونکە دۆزینەوەی بەهرە ئاسان نییە.

هەوڵ دەدەم لەم بەشەدا نمایشێکی مێژووی پەیوەندی نێوان کەس بەهرەمەندو کۆمەڵگا لەلایەكو ئەو بارودۆخەی کە دەکرێت لەسایەیەوە پەرە بە بەهرەکانی بدرێتو سودمەندبێت بۆ کۆمەڵگا لەلایەکی تر باس بکەم...

یەکەم جاریش لە هونەر دەکۆڵمەوە دواتر دێمە سەر ئایینو ئەخلاق, لەکۆتاییشدا دێمە سەر زانست.

هونەرمەند لەوکاتەی ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ڕۆڵێکی گەورە نابینێت زۆرکەس مەیلی ئەوەیان هەیە رقیان لە شاعیری دەربار بێتەوە بەگشتێك بەچاوێکی سوك تەماشای دەکەن, بەڵام لەڕابردوو بارودۆخەکە جیاواز بوو. (هومرو فرجیلو شکسپیر) شاعیری دەربار بوونو لەشعرەکانیاندا مەزنکردنی هۆزو دابو نەریتە باشەکانیان ڕەنگی دەدایەوەو پێیان هەڵدەگوت. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە شکسپیر پێم وانییە شاعیری دەربار بووبێ, بەڵکو دەقەکانی پێچەوانەی ئەوەن.

مێژوونووسە وێڵزیەکان بەباوكو باپیرانی شا ئارتەریان هەڵداوەو نەمریان دەکرد. نووسەرە فەڕەنسیو ئینگلیزییەکانیش هەمان شتیان

بۆ پاشاكانی خۆیان وەك شا هنری هەشتەمیش بۆ هەندێك مەبەستی تایبەتی خۆی هانی دەدان هەندێك نووسەر بە ئەمجادی بارتنۆنو كەنیسە كۆنەكانیاندا هەڵدەدا مۆسیقاش ڕۆڵی خۆی بینیوە. هەم لەهاندانی جەنگو هەم لە پەروەردەكردنی چێژ. بەلاَم ئێستا بەشێوەیەكی گشتی ڕۆڵی هونەرمەندان كەم بۆتەوەو خەڵكیش ڕێزی هونەرمەندان ناگرن.چونكە پێیان وایە هونەر شتێكی دابڕاوە لە ژیان نەك شتێكی پەیوەست بێ بە ژیانەوە وە ئەم ڕێسایە تەنیا هونەری بیناسازی ناگرێتەوە لەبەرئەوە ڕێزی دەگیرێ. چونكە سودی زۆرەو پارێزگاری لە بەشێك لە هونەری كۆنیشی كردووە پووكانەوەی هونەر لەكاتی ئێستادا تەنیا بۆ ونبوونی شوێنو پێگەی هونەرمەند ناگەڕێتەوە لەلایەنی كۆمەلاَیەتیدا بەڵكو بۆئەوەش دەگەڕێتەوە كە ئارەزووكردن لە بەكارهێنانی هونەر تائێستاش چێژ وەردەگرن لێی وەكو پێشتر پێداویستییەكی سەرەكی نییە لەنێو چینە نەخوێندەوارەكان مەیلی بۆ مۆسیقا هەیەو سەمای میللی هەیە تا ئێستاش زۆركەس هەن مامەڵە لەگەڵ شعر دەكەن بەلاَم هەرچەندە ژیان پیشەسازی تر بێت زەحمەتتر دەبێت خەڵك مامەڵەی لەگەڵدا بكەن.

بیركردنەوە لە بارودۆخی ژیانو گوزەران كردن لە ژێر ئەو بارودۆخەی ئێستاماندا دیاردەیەكی ترسناكە خەڵك لە بیركردنەوە لەهونەر دووردەخاتەوە ناكرێت ژیانی هونەریش زیندووبكرێتەوە تەنیا ئەوكاتە نەبێت كە هونەر دەبێتە ئارەزوویێكی گشتی هەموو كەس. هەموو خەڵكە مەزنەكان لەبواری ئایینو ئەخلاق كاردەكەن. سەرەڕای ئەو پیرۆزییەی كە هەندێك خەڵك دوای مردنیان پێیان دەبەخشن.

بەلاَم ئەوانە لە ململانێی بەردەوام دان لەنێو كۆمەڵگاكانی خۆیان. چاكسازی پشت بە هەوڵدان بۆ تێكشكاندنی دابو نەریتە توندو تیژو خراپەكان ماوە بۆ گۆڕینیان بەدابو نەریتی باستر لەگەڵ هەوڵدان بۆ شاككردنو خۆشكردنی پێوەندی نێوان خەڵكو بلاَوكردنەوەی خۆشەویستی لەنێوانیاندا.

هەندێك لە فەیلەسوفانی یۆنان مزگێنی بەخشو بانگەشەكاری بلاَوبوونەوەی برایەتیو مرۆڤایەتیانەیان.

(عبید) كۆیلە– هۆزەكانی تریشدا هەریەك لە مەسیحییەتو بودیزم مزگێنی بەخشی ئەم پرەنسیپانە بوون. لەسەرەتا ئایین فاكتەرێك بوو لە فاكتەرەكانی یەكێتی كۆمەلاَیەتی لەنێو هۆزەكان لەهەر هۆزێكدا ئاین سەری هەڵبدابا دەبووە هۆی ئەوەی دووچاری شەڕو ئاژاوەو ململانێ بێت لەگەڵ هۆزەكانی تردا لەهەمان كاتیشدا لەناوخۆیدا بەشێوەیەكی پتەوتر هاوكاری دروست دەبوو لەكۆتاییدا شێوەیەك وەردەگرێت كە لەسەرووی سنووری هۆزەو ڕووبەڕووی چەمكە ترسناكەكانی هۆزەكەش دەبۆوە هەر لەبەرئەوەش لەسەرەتادا پیاوانی ئایینی دووچاری مەترسی دەبوونەوە. چونكە هەوڵیاندەدا هەندێك لەو بیروباوەڕە باوانەی خەڵك بێننەوە كەلێی ڕاهاتبوون.

لەتێڕوانینی ئایینیشەوە توندوتیژی هۆز شتێكی ناپەسندو ناشیرین بوو كەچی بەر لەوكاتە شتێكی باش بوو خەڵك لەپێناویدا هەوڵو كۆششیان بوو. كۆششیان دەكرد ململانێی گەورە لەنێوان ئەوكەسانەدا سەری هەڵدا كە ئەخلاقی هۆزیان پێ باشتر بوو لەگەڵ ئەو كەسانەی بانگەشەی ئەخلاقی ئایینیان دەكرد. پیاوانی ئایینیو زانایانی ئەخلاق كاریگەرییەكی زۆریان هەبوو لەژیانی خەڵكدا. ئەگەرچی ئێمە لەو كاتەی ئێستاماندا دەبینین زۆر لە بەها ئەخلاقییەكان لە زۆر لە ولاَتانی دنیادا لەناوچوون ئەوەش دەلالەت لەسەر نەمانی ئەو بەهایانە دەكات لەهەموو ولاَتاندا. ئێمە قەرزاریاری زانایانی ئەخلاقین لەبەرامبەر هەوڵەكانیان كە بۆئەوەی ئاستی ئەخلاقی جیهانی بكەنە فاكتەرێك لەسەرووی سنوورەكانی جوگرافیو هۆزەوە دەبێت وە بۆ دژایەتی كردنی كۆیلایەتیو ئەو هەستو نەستە جوانەیان بەرامبەر دیلی جەنگو دەستنیشانكردنی دەسەلاَتی پیاو بەسەر ئافرەتدا. هەڵوێستی گەورە لەبەرامبەر بچووكداو دانپێدانانیان بەوەی هەندێك لەگەلان لەسەرووی هەندێك گەلی ترەوەن دژایەتی كردنی هەردوو بیرۆكەی ئیمپریالیزمو ئیستغلال ئەم بنەمایانە لەداهاتوودا بلاَو دەبنەوەو پەیوەندی خەڵكیش لەنێو خۆیاندا ڕێكدەخات. بیریارانو پێغەمبەران بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كەدەبێت ئەخلاقی گرنگ بە لایەنەكانی خەڵك بدرێتو هەستی خەڵكیش پەروەردە بكرێت. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی كە لەسەردەمی خۆیاندا نەتوانن بەبەختەوەری بژین. سوقرات چونكە مزگێنی بەخشی پرنسیپی نوێ بوو بۆیە ژەهر خوارد كرا.

ئێستا بارودۆخ لە ولاَتە دیكتاتۆرەكان شتێكی لە سەردەمی سوقراتو ڕۆژانی دوایی مەسیحیەت كەمتر نییە. لە ولاَتە دیكتاتۆرییەكانی

ئێستادا هەرکەسێك بیرۆکەیەك پەیڕەو بکات دژی بیرۆکەی دەوڵەت بێت خۆی دووچاری مەترسی دەکاتەوە . کەواتە هەر گۆرانکارییەك لە بیرکردنەوەی سیاسی لە دەوڵەتە دیکتاتۆریەکاندا بەردەوام دەبێت لە ڕێگای حکومەتەوە بێت, کەچی حکومەتیش وەکو ئەوەی ناسراوە لە ئێستاو ڕابردوودا شتێك ناکات کە لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت . لەبەر ئەوەی تەنیا پەیڕەوی یەك مەزهەب دەکاتو داواش لەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ دەکات ملکەچ بن بۆی. ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە لەسایەیەوە حکومەت زیاتر کۆنترۆڵی ژیانی تاکەکانی دەکاو زانستی نوێش پشتگیری لێدەکات. ئێمەش پێمان وایە بلاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بێ هیوامان دەکات لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا. ئاسان نییە لەوکاتەی ئێستاماندا بلیمەتێك بدۆزینەوە پانتاییەك بەدی بکات بلیمەتی خۆی تێدا دەربخات ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا.

لەبارودۆخی ئێستادا چوار ڕێگا لەبەردەم تاکدا هەیە بۆ دەرخستنی بەهرەکانی یەکەم: ئەگەر سیاسییەکی گەورەبێت وەکو لینین. دووەم: یا خاوەنی سامانێکی زۆربێت وەکو رۆکفلر. سێیەمیش: گۆڕینی سەر ڕووی زەوییە لە ڕێگای داهێنانی زانستی هەروەك ئەوەی زانایانی (گەردیلە) کردیان. چوارەمیش: ئەوەی نەیتوانی دەروازەیەکی باش بۆ چالاکیە عەقڵییەکانی خۆی بدۆزێتەوە. کەواتە دەبێتە تا وانبار تاوانباران لەڕووی دادوەرییەوە چاکسازی کۆمەڵایەتی دانانرێن وەهیچ گرنگیو ئەسەرێکیان لەسەر مێژوو نابێت لەبەرئەوە هەندێك لەو کەسانەی کە وشیارو خاوەن ئارەزوویێکی زۆرن هەوڵدەدەن دەروازەیەك بۆ بلیمەتی خۆیان بدۆزنەوە جگە لەتاوانکاری.

دەرکەوتنی زانایان لە کۆمەڵگادا دیاردەیەکی نوێیە. زانایانیش هەوڵدەدەن وەکو پیاوچاکانی تر ڕێگای خۆیان لەنێو ژیاندا بکەنەوە. لەبەرئەوەش هەندێکیان دووچاری کوشتنو سوتانو نەهی لێکردنو شتی تر بوونەوە. زانایان نەیاندەتوانی پارێزگاری لەژیانی خۆیان بکەن تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە حکومەت هەستی کرد ئەم زانایانە لەڕێگای داهێنانی زانستییەکانیانەوە دەتوانن چەکی کۆمەڵ کوژ بەرهەم بێنن شۆڕشگێرە فەرەنسییەکان (لافوازییە)یان لەسێدارەدا دواتر پەشیمان بوونەوە کاتێك زانیان دەیانتوانی هەندێك لەداهێنانەکانی لافوازی بۆ دروست کردنی تەقەمەنی بەکاردێتز بەڵام مەدەنییەکان ڕێزی زانایان دەگرنو داهێنانە زانستییەکانیان لەجەنگ بەکاردێنن حکومەتیش ئازاری زانایان نادات تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەرهەمە عەقڵییەکانیان دەدەنە حکومەتە نەیارەکانیان بەکاری دەهێنن. ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەژین لەڕووی پێشکەوتنی زانستی لەبرەودایە بەبەراورد لەگەڵ سەردەکانیتر پێشکەوتنی زانستی لەسەر ژیانی ڕۆژانەماندا ڕەنگی داوەتەوە بە هۆی بەکارهێنانی هێزی کارەباییو ڕادیۆو سینما. هەروەها کاریگەریو ئاسەواری زانست بەسەر پیشەسازیشدا دیارە بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرو وزەی تر. لەئەنجامی ئەوەشدا لەکاتێکی کەم بەرهەمێ:ی زۆر بەدەست دێت. ئەوەش بووە هۆی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا زۆر ئاسانتر بێت هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی لاوەکان بەبەراورد لەگەڵ پێشووتردا ماوەیەکی زۆرتر لەخوێندن بەسەربەرن لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستیش لەتواناماندایە زانیاری ڕاست لەناو خەڵکدا بلاوبکەینەوە هەروەها دەتوانین فریویشیان بدەین ئەوەش لەڕێگای ڕادیۆو ڕۆژنامەو سینما. هەروەها لەڕێگای زانستەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش سەختە خەڵکی بتوانن لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتێك کە حەزی پێناکات دەربازبن هەموو دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەمانو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانمان. بەرهەمی زانستین. ئێستا دەوڵەت ڕۆڵێکی زۆری هەیە لەپێشکەوتنی زانستیدا. بەڵام لە ڕابردوودا دەوڵەت دژایەتی زانستو پیاوانی زانستی دەکرد ڕوسیای نوێش نموونەیەکی جوانە بۆ بەکارهێنانی زانست لەخزمەتی دەوڵەتدا. ئاسان نییە بیرلە تواناى ململانێی نێوان حکومەتی ڕوسو زانایانی بکەینەوە لەبەرئەوەی حکومەتی ڕوس هێزێکی ڕەهای هەیە کە لەڕابردوودا زۆرداران خەونیان پێوە دەبینی. شوێنگەی زانستی لەڕابردوودا نامۆنەبوو ئەگەرهاتوو لەو بارودۆخە بزانین کە دابوو زانایان چەند شتێکیان دۆزیەوە. کەناکۆك نەبوو لەگەڵ دابو نەریتو سەردەمی باو بەوەش ڕێگایان خۆش کرد گومان لەو بیروبۆچوونانە بکرێت کە باوبوونو کۆمەڵێك بیرو بۆچوونیشیان لەو پیرۆزیە داماڵی کە دەوری دابوو بۆ نموونە ئەو بۆچوونە کۆنەی کە دەڵێت (خۆر بەردێکی سووری گرگرتووە مانگیش لەمادەیەکی خۆڵی پێك هاتووە) خاوەنی ئەم بۆچوونە کە فەیلەسوفێکی یۆنانی بوو چەوسێنرایەوە. لە ئەسیناش

دەرکرا. چونکە ئەو بۆچوونەی دژبوو لەگەڵ بیروبۆچوونی خەڵك کە ئەوکات باوبوو بڕوایان بە پیرۆزی مانگو خۆر هەبوو کە بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفەیە بە (کفر) دانرا ئەو هێزانەی زانست دایهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت دواتر تاکە فاکتەر بوون بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ زانایان بکرێت.

ئەم شێوازە لەمامەڵەکردنیش زۆر لەسەرخۆو هێدی بوو بەڵام کاریگەریشی هەبوو. هەستی هەندێك کەس دژ بە زانست لەو کاتەی ئێستاماندا هەستێکی سەیر نییە ئەمەش ڕەنگە ئەنجامی ئەو مەترسییانە بێت کە دووچاری ژیانی مرۆڤایەتی هاتووە لە ئەنجامی دابەشبوونی گەریلەو پەیدابوونی چەکی (بەکتریۆلۆجی) بەڵام هەرچەندە هەستی هەندێك کەس لەبارەی ئەم مەترسیانە گەورە بێت بەڵام ناتوانن زانایان بنەبڕ بکەن مادام ڕوودانی جەنگ چاوەڕوانکراوە, چونکە یەك لە لایەنەکانی شەڕ دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر لایەنەکەی تر بەهۆی مەودای ئەو چەکە کاولکارانەی کە زانست داویەتە دەستی زانست وەکو ئەوەی کە بریتییە لە مەعریفەی شتێك لەخودی خۆیدا شتێکی باشە زانست وەکو ئەوەی هونەرێکە پراکتیك دەبێ لەسەر ژیان گرنگیەکەشی لەسەر مەبەستی بەکارهێنانی دەوەستێ, کەوتە زانست لە (لایەنی چاکەو خراپەوە) شتێکی بێ لایەن نابێت نەلۆمەی بکەینو نەپێی هەڵبدەین چونکە ئەو لەخودی خۆیدا نەشتێکی چاکەو نەخراپ بەڵکو وەکو باسمان کرد لەسەر ئەو کەسە دەوەستێت کە بۆ چ مەبەستێك بەکاری دێنێت ڕەنگە جێکەوتی زانایان لەژیانی گشتی کۆمەڵەکاندا کەمتر بێت لەجێکەوتی سیاسەتمەداران, سیاسەتمەداران لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانماندا هەیە بەشێوەیەك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شتی وانەبووە پەیوەندی نێوان سیاسەتمەدارو زانایان لەپەیوەندی نێوان فاڵچیو جنۆکە دەچێت. کە بەدوای داخوازییەکانی فاڵچییەو بۆی جێبەجێ دەکات وەکو ئەوەی لە چیرۆکی هەزارو یەك شەوەدا هاتووە چونکە جنۆکە کۆمەڵێك کاری سەرسوڕهێنەر دەکات فاڵچی یا ناتوانێت بەبێ یارمەتی ئەو ئەنجامیان بدات, بەڵام جنۆکە ئەو کارە لەسەر داوای جادوکەر ئەنجام دەدات نەوەکو بۆ خۆی ئەوەش هەمان حاڵەتی زانایانی گەردیلەی سەردەمی ئێستامانە. حکومەت هەندێك لەماڵی خۆیانو یا لە تاقیگەکانیانن سنووربەندیان دەکاتو داواو داخوازییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکات واتە ئەوان دەبن بەکۆیلەی حکومەت.

بەڵام سیاسەتمەداران بەپێچەوانەی ئەوانەن ژیانی لینین سەرکێشی زۆری تێدابووە دوای ئەوەی حکومەتی قەیسەری براکەی کوشت. لینین چەندین ساڵی لە تاراوگەو هەژاری بەسەر برد بەڵام توانی بەچەند مانگێکی کەم ببێتە سەرۆکی نەتەوەیك, کە یەکێك لە مەزنترین نەتەوە هاوچەرخەکان بووە, ڕابەرایەتی لینین لە ڕابەرایەتی زۆر لە سەرکردەکان نەدەچوو ئەوانەی نوقمی چێژی تایبەتی خۆیان دەبن. بەڵکو ڕابەرایەتیەك بوو وڵاتێکی بەرفراوان. لەگەڵ پرەنسیپەکی دیاریکراودا گونجاوو بەپێی ئەوەش ژیانی دانیشتوانەکەی گۆڕیو جۆرێکی نوێی ڕێکخستنی سیاسی بەرهەم هێنا کە بووە هۆی ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر زۆر وڵاتانی ترو بانگەشەی سەردەمێکی نوێ بکات. هەندێك کەس دژی بوونو هەندێك کەس خۆشیان دەویست بەڵام کەس نکوڵی لە گرنگیەکەی نەدەکرد بە شێوەیەك زۆر لەسەرکردەکانی مێژوو خەونیان پێوە دەبینیو ناپلیۆن دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێ بەنوکی حەربە بکات) بەڵام ناتوانێت لەسەری دانیشێت لینین سەلماندی کە دەتوانێت شتێکی وا بکات هەموو مرۆڤە مەزنەکان سوودمەند نەبوون بۆ مرۆڤایەتی بەڵکو هەندێکیان زەرەرمەند بوون, هەندێکیشیان وەکو پیاوانی ئایینیو ئەخلاقناسان هەوڵیاندا بەزەییو خۆشەویستی بڵاوبکەنەوەو وە هەوڵیانداوە توندوتیژیو خراپەکاری لەمامەڵەکردنی خەڵك لەگەڵ یەکتردا کەم بکەنەوە. هەندێکی تریش وەکو زانایان زانیاری زۆریان پێداونکە پەیوەستن بە مەعریفەی هێزی سروشتیو ئەوەش شتێکی جوانە. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی هەندێك کەس بەخراپی بەکاری دێننو هەندێك کەسیش وەکو (شاعیرو گەورە مۆسیقاژەنەکانو شێوەکاران) جوانیەکیان بە سروشت بەخشی کە خەڵکێکی زۆر چێژی لێی وەردەگرێت بەڵام خەڵکانی تر هەن کە خاوەنی هێزێکی زۆریشن بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانە کاریان کرد. من ناتوانم هیچ سوودێك لە بوونی (جنکیزخان) یا (ڕۆبیسیر) وەربگرم واهەستیش ناکەم کە من قەرزاری (لینین)م. بەڵام هەریەك لەم پیاوانە سیفاتی باشەو خراپەی

خۆیان هەیەو من حەزناکەم ئەم سیفەتانە لەناو بچن سیفەتی قوربانیدانو هەوڵو تێکۆشانو سەربەخۆیی هزریو دوور ڕوانینو باشو خراپی ئەم سیفەتانە پەیوەستە بە شێوازی بەکارهێنانیان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تاوانبارە گەورەکانو سیاسەتمەدارە گەورەکان نییە (هەروەك خەڵکی پێیان وایە) ئەگەر خەڵك توانیان کابتن (کیدو الاسکندری) گەورە لەکاتی لەدایك بوونیان بگۆڕنەوە بەیەکتری ئەوە هەر یەکەیان ئەو شێوە ژیانەی وەردەگرت کە ئەوی تریان وەری گرتبوو دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی هەندێك هونەرمەند بڵێین, دەتوانین بڵێین ئەستەمە بەرهەمێکی مەزن لە جیهانی نوێدا بەرهەم بێت ئەگەر تەنیا پشت بە چالاکی تاکەکەس ببەستێتو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هاوکاری نەکەن بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەگەر تاکەکەس توانی خۆی بکاتە سەرۆکی دەوڵەت وەکو (لینین) یا سەرمایەدارێکی گەورەی وەکو (روکفلر) یا پارەدارێکی گەورەی وەکو (بییر بونت مورکان)ی گەورە ئەوکاتە دەتوانین جێکەوتی گەورە لەو جیهانە جێبێڵین کە تێیدا دەژینو دەتوانین ئەگەر زانا بێت هەندێك لە حکومەتەکان بهێنێە ئەو باوەڕەی کە بەرهەمەکانی لە جەنگدا بەسوودن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوەی بەبێ یارمەتی دامەزراوێك یا ڕێکخراوێك کاردەکات ناتوانێت بەم شێوەیە ڕێگای خۆی لە نێو ژیاندا بکاتەوە وەکو ئەوەی پاڵپشتیو یارمەتی هەندێك دامەزراوی کۆمەڵایەتی دەیکات ڕێگایەك بۆ ژیانی بدۆزێتەوە, ئەو قسەیە چۆن لەسەر خەڵکی ئاسایی پراکتیك دەبێت ئاوا بەسەر زانایانیشدا پراکتیك دەبێت لە ڕابردوودا زانایان تەنیا پشتیان بەخۆیان دەبەستو کاریان دەکرد کەچی هاوڕێیانیان لە ئێستادا پێویستیان بە ئامێرو کەرەستەی وا هەیە کە خۆیان ناتوانن بەدەستی بێنن. بەڵام لەڕێگای حکومەتەکانەوە بەئاسانی دەستیان دەکەوێت. یا وەکو ئەوەی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. لەڕێگای ڕازیکردنی سەرمایەدارانەوە دەستیان دەکەوێت بەم پێیەش کەسی زانا ککرێکارەکی سەربەخۆ نییە بەڵکو بەشێکە لە سیستەمێکی هەرە گەورە ئەوەش لەبەدبەختی ئەوە ڕوودەدات چونکە ئەو کارانەی مرۆڤە مەزنەکان دەتوانن بۆ خۆیان بە تەنیا ئەنجامی بەردەوام بەسودترە لەو شتانەی کە بەیارمەتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامی دەدەن لەکاتی ئێستادا سانا نییە تاك بتوانێت ژیانی خەڵك بگۆڕێت, مەگەر کەسێکی سیاسی بێو بارودۆخ لەباربێت بۆئەوەی سەرکردایەتی دەوڵەت بگرێتە دەستی یا زانابێت بەرهەمەکانی خۆی بفرۆشێتە حکومەتو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بکات.

ئەوە تەنیا لەسەر زانایانو بلیمەتان پراکتیك نابێت بەڵکو لەسەر هەموو کەسێکدا پراکتیك دەبێت کە خاوەنی ژیرییەکی دیاریکراوە هەرچەندە کەمیش بێت بۆ نموونە ئەو سەردەمانەی کە شاعیرە گەورەکانی تێدا هەڵکەوتبوو, لەپاڵ ئەواندا شاعیری تریش کە هێندە مەزنیش نەبوون بەڵام دەرکەوتبوون هەمان شتیش بۆ هونەرمەندانو شێوەکاران ڕاستە گەورە مۆسیقاژەنە ئەڵمانەکان ئەو کاتە سەریان هەڵدا کە خەڵك ئارەزووی مۆسیقایان هەبوو هەر ئەوکاتەش هەندێك مۆسیقاژەنی تریش دەرکەوتن کە هێندەی ئەوان مەزن نەبوون. ئەو کاتە شیعرو وێنەو مۆسیقا شتی سەرەکی بوو لەژیانی ڕۆشنبیری خەڵکدا وەکو چۆن لەکاتی ئێستادا یارییە وەرزشیەکان وان هەمان شتیش لەبارەی ژیانی پێغەمبەرە مەزنەکان هەر ڕاستە, چونکە ئەوانە لە سەردەمێکدا توانیان دەربکەون کە تێیدا خەڵکانێك هەبوون لەوان کەمتر ناوداربوون کەمی سەرهەڵدانی ئەوانەش لەکاتی ئێستادا ئەنجامی کۆبوونەوەی دەسەڵاتەو زیاتر ڕێکخستنی کۆمەڵگایە بەڕادەیەك چالاکی تاکەکەسی پەکی کەوتووە گەشەکردنی هونەر لەڕتبردوودا بەهۆی ململانێی کۆمەڵگا بچووکەکان دەگەڕێتەوە بۆ منافەسە بۆ نموونە شارە یۆنانییەکان لە ڕابردوودا شارە ئیتاڵییەکان لەسەردەمی ڕێنیسانسداو دەسەڵاتدارانی هەرێمە ئەڵمانییەکان لەسەدەی هەژدەیەمدا کە هەر سەرکردەی ناوچە ئەڵمانییەکانلەسەدەی هەژدەیەم هەر میرێك مۆسیقاژەنێکی تایبەتی هەبوو لەڕێگای ململانێی ئەم مۆسیقاژەنانەوە (باخ) سەری هەڵدا لەوجۆرە مەسەلانە ململانێ شتێکی باشە ڕۆڵێکی گەورەشی بینیوە لە بونیادنانی (کاتدرائییەکان)دا بە جۆرێك هەر لراهیبێك هەوڵی دەدا (کاتدرائیتەکەی) ئەو لەهی خەڵکانی تر باشتر بێت. شارە تازەکان زۆر پێویستیان بەم جۆرە ململانێیە هەیە نەك تەنیا بە هونەری بیناسازی بەڵکو بە مۆسیقاو وێنەکێشانو کارە هونەرییەکانی تریش ئەمەش شتێکە زۆر سەختە بێتەدی لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم بالادەستەو گەلان زۆر پێویستیان بەسەربەخۆییەو خودپەرستیش لەنێو

تاكو كۆمەڵەكان بلاْوبۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بايەخ بە بلاْوكردنەوەی ڕۆحی ململانێ بدەين بەشێوەيەك ناوخۆيی مرۆڤ هەستی هاوكاری لە دەست نەدات مرۆڤی درندەی كۆن بەشێوەيەك ژياوە كە كۆمەڵگا جێكەوتێكی زۆری بەسەر سنووردار كردنی چالاكييەكانييەوە نەبووە. چونكە چالاكی تاك هەر تايبەت بووە بەڕاوكردنو جەنگو ئەگەر هاتوو تاكەكەس هەستی كرد مەيلی بەلای پزيشكيدا چوو پێويستە لەسەری پەيوەندی بەكەسێكی بەناوبانگ بكات لە پيشەی پزيشكی.

وە ئەگەر هەر كەسێك توانای تری هەبوو دەتوانێ لەهونەری تر بەكاری بێنێت هەروەك ئەنجامدانی هەندێك چاكسازی بەسەرچەكدا بكات.

يا هەندێك گۆڕانكاری بەسەر تواناكانی ڕاوكردندا بكات. هەموو ئەو كارانە وايان كردووە يارمەتی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگا شتێكی مومكينو پێويست بێت بەلاْم ژيانی پياوی ئێستا جياوازە لەگەڵ ئەوەی لەڕابردوودا هەبوو. لە زۆر ڕووەوە سنوورو بەربەست دەخاتە بەردەم چالاكييەكانی مرۆڤ بۆ نموونە ئەگەر كەسێك لەشەقامو ناوبازاڕدا گۆرانی ووت دەڵێن مەستە وە ئەگەر لەناو بازاڕيشدا دەست بەهەڵپەركێ و سەما بكات ئەوە پۆليسی هاتووچۆ دەستگيری دەكەن بەناوی ئەوەی گوايە ڕێی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی گرتووە. مرۆڤ مەگەر زۆر بەشانس بێت ئەگينا تەواوی ڕۆژی خۆی لە كارێكی ميكانيكی سەرف دەكات كە هيچ چێژێكی هونەری تێدا نييە. تەنيا بايەخ بەوە دەدات كە لە بەرامبەر ئەو كارەدا چەندی پارە دەست دەكەوێت نەوەكو بايەخ بەخودی كارەكە بدات. جگە لەوەی كە مرۆڤ وەكو پێشتر ئەوەندەكاتی حەسانەوەی نەماوە ئەوەش لەئەنجامی ئەو جۆرە ژيانە نوێيەو تێيدا بيركردنەوەی مرۆڤ لەنێوان ئەمڕۆو بەيانيشدا دەبێت لە ژيانی مرۆڤی ئێستادا بۆتە شتی ميكانيكی, حزبی نازيەت هەوڵيدا خەڵك بخاتە نێو چوارچێوەيەكی دياريكراو كە تێيدا هەموو شتێك بەئارەزووی دەوڵەت بێت كاری سياسيش ئەوەندە توندوتۆڵ بوو بە شێوەيەك ڕێگا بەتاك نەدەدرا لەو فۆرمە لابدات كە دەوڵەت دەيويست بۆيە خەڵك بەشێوەيەكی بێ وێنە ملكەچی فرمانەكانی دەوڵەت دەبوون. بەلايەنی كەمو دەكەوتن بۆيە هونەرمەندو پياوانی زانستی وا دەركەوتن كە دەوڵەت هانی دەدانو تواناكنی ئەوانی لەبەرژەوەندی خۆيدا بەكاربێنێت, مرۆڤ كاريگەری دەكەوێتە ژێر كاريگەری ئەو ڕوگەيەی كە دەوڵەت دەيگرێتە بەرو دەسەلاْتيش ئێستا لە جاران زياتر چالاكیو بايەخی پايتەختو شارە گەورەكانيش لەزيادبووندايە خەڵك لەهەموو لايەكەوە ڕويان تێدەكەن بۆئەوەی گوزارشت لە تواناكانی خۆيان بكەن ئەگەر كەسێك هەوڵيدا ببێتە شێوەكار هەر بەتەنيا لە ڕێگای پێشبڕكێ و ململانێ كردن لەگەڵ ئەوكەسانەدا نابێتە هونەرمەند كە شارو ناوچەكەی ئەوان بەڵكو بڵكو پێويستە لەسەری بچێتە هەندێك دامو دەزگای ناوداری شێوەكاری ببێتە سەر بەو دەزگاو ڕەوتانە تاوەكو زۆربەی كە باوەڕ بەخۆبوونيان لەدەست دەدەن لەوێدا تواناكانی خۆی دەربخات زۆرجاريش كاتێك ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندە گەورەكان بەريەك دەكەون بڕوای بە توانای خۆی نامێنێ و هونەر جێدێڵێتو ڕوودەكاتە شتێكی تر چونكە لەو شارو ناوچەيەی كەلێی نيشتەجێيە (ئەگەر هاتوو بچووكيش بوو) ناتوانێت ئەو شتانە بەدەست بێنێ كە يارمەتی دەرن بۆ داهێنانو پێشكەوتن– بەتايبەتيش ئەگەر شوێ،ەكە بچووك بوو پێچەوانەی ئيتاليای سەردەمی ڕێنيسانس كەواتە بۆئەوەی بتوانين ژيان لەوچەق بەستووييەی خۆی ڕزگار بكەين دەبێت شێوازی وا هەبن مرۆڤ بتوانێت لەڕێگايەوە ببێتە خاوەنی چالاكی عەقڵیو هونەریو گوزارشتيان لێ بكات. گوزارشت لەهەموو مەسەلە گرنگەكانی ئەو كۆمەڵگايەی تێيدا دەژی نابێت ئەو قسانەی من وا تەفسير بكرێت گوايە من بانگەشەی ڕەتكردنەوەو بەلاوەنانی شێوازی نوێی ڕێكخستنی كۆمەڵگا دەكەم, من چەندە بڕوام بە ئازادی تاك هەيە ئەوەندەش بڕوام بەشێوازێكی نەرمو نيانی ڕێكخستن دەكەم. ئازادی تاك بە گوزارشت كردن لە خودی خۆی لەناو نەبات بانگەشەی جۆرێك لە ئازادی دەكەم پەيوەست بێت بە ڕێكخستنو بەو ڕوگەيەدا بڕوات كە دەبێت بيگرێتە بەر.

## بەشی چوارەم

## ململانێی نێوان پێشکەوتنی پیشەسازیو سروشتی مرۆڤ

مرۆڤ زۆر لەئاژەڵانیتر جیاوازە، چونکە زۆرجار حەز بەئەنجامدانی کارێك دەکات کە ڕەنگە ئەو کارە لەخودی خۆیدا کارێکی حەز پێکراو نەبێت، بەڵکو شێوازێکە بۆ گەیشتن بەمەبەستی تر، بەڵام لەتێڕوانینی زیندەوەرزانانـدا، ئـاژەڵ هەنـدێك کـار بـۆ مەبەسـتی زۆر دیاریکراو ئەنجامدەدات، بۆیە باڵندە هێلانە بۆ خۆیان دروستدەکەنو سـەگی نـاو ئـاویش بەنـداو دروسـتدەکەن، ئـەو کارانـەش ئـەنجامی غـەریزەی بۆماوەیین، نەوەکو ئاژەڵان لەلایەنی عەقڵییەوە درك بەوە بکەن کە ئـەو کارانـەیان سوودبەخشـە، ئـەوە لەکاتییێکدا کـە ئـاژەڵان نـاتوانن بەویستی خۆیان کۆنترۆڵی پاڵنـەرەکان بکـەنو ئاراسـتەیان بکـەن. مـرۆڤ تاکـە بوونـەوەرە کـە دەتوانێـت پاڵنـەرە بۆماوەییـەکانی خـۆی ملکەچی بیرکردنەوەو ویستی خۆی بکاتو کۆنترۆڵیان بکات، بۆیە ئەگەر مرۆڤ کارێکی ئەنجامداو لەسروشتی خۆیدا نەیتوانی بەرگەی ئـەو کارە بگرێت، ئەوە دووچاری سزای دەروونی دێت. لەکاتی ئێستادا ناکرێـت بەتـەواوی لـەو سـزایە دەربـاز بێـت، بـەڵام دەکرێـت لـەڕێگای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییەکەی کەمتر بکرێتەوە.

مرۆڤی کۆن دووچاری ململانێ هات لەنێوان ئەو شێوازانەی کە بـۆ تێرکردنـی پێداویسـتییەکانی خـۆی بـەکاری دەهێنـان، لەگـەڵ پاڵنـەرە بۆماوەییەکاندا، بەڵام ئەو ململانێیەلەڕابردوودا هێندەی ئێسـتا تونـد نـەبووە. ڕاووشـکارو جـەنگو زاوزێ مەسـەلەی پێویسـت بـوون بـۆ مانەوەی مرۆڤو بەرەوپێشچوونی بەسەر پلەکانی پێشڤەچووندا، ئـەو مەسـەلانەش لـەخودی خۆیانـدا، مەسـەلەیەکی ئـارەزوو لێکـراو بـوون. کەچی لەکاتی ئێستاماندا، ڕاووشکار بۆتە جۆرێك لەوەرزش کە هەندێك کەس بەئارەزووی خۆیان ئەنجامی دەدەن.

مرۆڤی کۆن ئەگەرچی چالاکییەکانی زیاتر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە بوو کە لەلای خۆیەوە ئارەزوو پێکراو بوون، بەڵام ئەو چالاکییانەشـی لەدەست نەدا کە پەیوەستبوون بە ئەنجامدانی ئەو مەسەلانەی شـێوازێکن بـۆ هەنـدێك کـاری دەرەوەی خـۆی، بـۆ نموونـە دروسـتکردنی ئامرازی بەردین لەقۆناغە بەراییەکانی پێشڤەچوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتیـدا، دواتـریش پێشڤەچـوونی بـەردەوام لـەو شـێوازانە بـەدیهات کـە هەندێك لەئەنجامەکانی لەکاتی ئێستاداو لەسەردەمی ئێمەدا بەڕوونی دیارە. لەقۆناغی بەردینی یەکەمدا دەکرا بەیەکەوە چێژ لـەداهێنانی هونەریو باڵادەستیو هێز وەربگیرابووایە، چونکە ئەوها تێکەڵاوی یەکتری ببوون، بەشـێوەیەك ئاسـان نـەبوو لەیـەکتری جیـا بکرێنـەوە. لەو حاڵەتانەی کە تێیدا پێوەندی نێوان شێوازو مەبەستەکان ڕوونو ئاشکراو ڕاسـتەوخۆیە، ئـەوە ئـەو شـێوازانە ئـارەزوو پێکـراو دەبـن، ئەگەر مەبەستەکانیان ئارەزوو پێکراو بن. بۆ نموونە، ئەو منداڵەی لەسەر بەفر خلیسکە دەکات، چـێژ لـەو کـارەی وەردەگرێـتو بەرگـەی ماندوو بوونی جەستەیی دەگرێت، بۆیە زۆر کەم بێزار دەبێت. بەڵام ئەگەر ئێمـە بینیمـان منداڵەکـە خـۆی چـێژ لـەکردەی خلیسـکی سـەر بـەفر وەرناگرێـتو هەوڵمانـدا ناچـاری بکـەین بەئەنجامـدانی ئـەو کـارە، بەمـەرجێك دوای ئـەوەی دەچـێتە نێـو تەمەنـەوە پاداشـتێکی خانەنشینانەی بۆ ببڕێنەوە، ئەوە بێتاقەت دەبێتو چالاکیو گورجو گۆڵی لەدەستدەداتو زەوقی خلیسکانی نامێنێت.

پاڵنەری داهێنان دەتوانێت چالاکیو گورجو گـۆڵی درێـژترو قـووڵتر بەدەسـت بێنێـتو پـاڵ بەمنداڵـەوە دەنێـت بـۆ ئـەوەی لەسـەر بـەفر بخلیسکێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو چالاکییە بەپیت تر دەبێت. خەڵکانێکی زۆر هەن چەندین ساڵی تەمەنیان لەهەژاریو برسـێتیو مانـدوو بوون بەسەر دەبەنو هەوڵدەدەن بچنە سەر لووتکەکانی چیای ئێڤەرست، یا بگەنـە جەمسـەری باشـوور، یـا بگەنـە داهێنـانێکی زانسـتی، ئەو کەسانە بەدرێژایی تەمەنی خۆیان بەشـێوەیەکی گونجـاو لەگـەڵ پاڵنەرەکانیانـدا دەژیـن، وەکـو چـۆن منـداڵ لەگـەڵ ئـەو ئامرازانـەی تایبەتن بەخلیسکانی سەر بەفر دەژیـن. بەمـەرجێك ئـارەزوویکی بـەهێزیان هـەبێت بـۆ بـەدیهێنانی مەبەسـتەکانیانو هـەوڵو کۆششـێکی گونجاو سەرف بکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگەکاندا.

بـەکارهێنانی کۆیلـە بـۆ ئەنجامـدانی کارەکـان، بـووە هـۆی ئـەوەی مەبەسـتو ئامـانجی خـاوەن کارەکـان، لەگـەڵ مەبەسـتو ئامـانجی کرێکارەکان لەیەکتر دوور بکەوێتەوە. هەرەمەکانی میسر بۆ ئەوە بونیادنران تاوەکو پاشاو ئیمبراتۆڕەکان چێژی لێوەربگرن، نـەوەکو بـۆ تێر کردنی پێداویستییەکی دیاریکراوی کرێکاران بێت. کۆیلە وەکـو خاوەنەکـەی چـێژ لەئـەنجامی کارەکـەی وەرناگرێـت، بـەڵکو لەترسـی

قامچی خاوەنەکەی کارەکەی ئەنجامدەدات. کۆیلەکانی زەوی چێژێکی ڕاستەقینە لەزەوی کێڵان وەرناگرن کاتێک زەوی دەکێڵن، بەڵکو ئەوانە چێژی لێوەردەگرن کە بەروو بوومی ماندوو بوونی ئەوان دەدروونەوە.
پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، ژمارەی کرێکاران زیادی کرد، لەئەنجامی کەمبوونەوەی کۆیلەکانی زەوی‌و ئەو چینە توانییان چێژ لەو شتانە وەربگرن کە ئەنجامی پیشەسازی دەستی بوون، ئەوەش لەڕووی سیاسییەوە بووە هۆی ئەوەی جۆرێک لەدیموکراتییەتی تاکە کەسی بێتە دی کە سەرۆک جیفرسۆن‌و بانگەشەکارانی شۆڕشی فەرەنسا حەزیان دەکرد بێتە دی. بۆیە مەیلی ئەوە پەیدا بوو کە دەسەلاتەکانی دەوڵەت کەمتر بکرێتەوەو جێکەوتی ڕێکخستنە مەزنەکانیش، کە دواتر شۆڕشی پیشەسازی هانی دابوون، کەمتر بکرێتەوە. شۆڕشی پیشەسازی بووە هۆی لەیەکتر دوور خستنەوەی ئامانجی بەرهەمهێنەران‌و ئامانجی خاوەن کارەکان، بۆیە لەکارگە گەورەکاندان، بۆ نموونە وەکو کارگەی بەهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، ئامانجی خاوەنی کارگەکە ئەوەیە ئۆتۆمبێل دروستبکات تاوەکو قازانج بەدەست بێنێت، کەچی ئامانجی کرێکاران وەرگرتنی پارەیە. ئێمە ئەوە ڕەتناکەینەوە کە ڕەنگە هەندێك لەکرێکارەکان چێژ لەو کارەی بەرهەمهێنان وەربگرن، بەڵام پێمان وایە زۆربەیان چێژ لەزیادبوونی کرێکەیان وەردەگرن، لەگەڵ کەمتر بوونی کاتژمێری کارەکانیان.
لەکاتی ئێستادا سانا نییە دیاردەی بێزاری کرێکاران‌و سروشتی پیشەسازی نوێ‌و گەشەکردنی کۆمپانیا مەزنەکان لەیەکتری جیا بکرێنەوە، جگە لەوەی هیچ ڕۆژێك کەسێك نەبووە بیری لەوە کردبێتەوە بەتەنیا بەشێکی زۆری هەیکەلی ئۆتۆمبێل دروستبکات، بەلام بێگومان دەتوانێت بەشێکی بچووکە لێ دروستبکات.
لەبەرئەوەی لەکاتی ئێستاشدا کارگەکان ئەوەندە گەورەو فراوان بوونن بەشێوەیەك زەحمەتە کرێکارەکان هەست بەوە بکەن لەنێو کارێکی گشتی هاوبەشدا بەیەکەوە کاردەکەن‌و پەیوەست بن بەخاوەنی کارگەکە، یا هەست بەوە بکەن هیچ ئامانجێکی هاوبەش هەیە بەیەکەوەیان کۆ دەکاتەوەو بەدی دێنن. ئەوەش مانای وانییە کە هیچ جۆرە لێکنزیکییەك نەماوە لەنێوان ئیدارەو کرێکاراندا، بەلام ئەو لێکنزیکییە پەیوەست نییە بە بەرهەمن بەڵکو تایبەتە بەزێدەکردنی پارەی کرێکاران‌و کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن. ڕەنگە بەڕێوەبەری کارگە حەز بکات بەرهەم زیاد بکاتن بەلام کاتێك کارگەکە زۆر گەورە دەبێت، ئەوە خاوەن کارگەکە زۆرتر بیر لەقازانج دەکاتەوە، نەوەکو بەرهەم. ڕەنگە لەبری دروستکردنی چێژ لەبەرهەمهێنان لەلای کرێکاران، خاوەن کراگەکان ڕوو بکەنە بلاوکردنەوەی ریکلام‌و پرو پاگەندە بۆ بەرهەمەکانیان تاوەکو پارەی زۆرتر بەدەست بێنن‌و بازاڕی تازەتریش بدۆزنەوە.
دوو فاکتەر بوونەتە هۆی سەرهەڵدان‌و برەودان بەکاری دەستی، یەکەمیان کە کۆنترەو بریتییە لەو چرکەساتەی کە تێیدا پارە دۆزراوەتەو، دووەم بەرهەمهێنانە لەسەر ئاستێکی گەورەترو فراوانتر. دۆزینەوەی دراو بووە هۆە ئەوەی بەهای کالا لەڕێگای نرخەکەیەوە دیاری بکرێت، ئەو نرخەش شتێکی خودی نییە لەنێو کالاکەدا هەبێت، بەڵکو لەڕێگای بەهای کڕین‌و فرۆشتنییەوە وەرگیراوە، ئەوەش هەرگیز مانای وانییە کە دەکرێت هەموو بەروو بوومێك بگۆڕدرێنەوە بەیەکتری، چونکە هەندێك بەهەم هەیە بۆ ئەوە دروست نەکراوە تاوەکو بەیەکێکی تر بگۆڕدرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دروستکراوە تاوەکو بەهاکەی لەڕێگای بەهای کڕینەوە دیاری بکرێت.
بۆ نموونە، باخچەی جوتیاران لەهەندێك ناوچەو گونددا، کە زۆر جوانەو هەوڵ‌و کۆششی زۆری لێ سەرفکراوە، بەلام دیارە خاوەنەکەی بۆ ئەوەی نەبووە کە سوودو قازانجی مادی لێبکاتن بەڵکو بۆ چێژی تایبەتی خۆی بووە. هەمان شتیش لەبارەی جل‌و بەرگی کۆنی جوتیارانەوە هەر ڕاستە، کە ئێستا گەشتیاران زۆر بایەخی پێدەدەن‌و دەیکڕن، هەمان شت لەبارەی پەرستگا کۆنەکانی یۆنانیش، لەگەڵ پاشماوە کولتوورییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. هێدی هێدی پارە جێگای گۆڕینەوەی کالای گرتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نرخی کالا لەڕێگای ڕادەی پێداویستییەوە دیاری بکرێت، نەوەکو بەهای ڕاستەقینەی خۆیەوە.
لەولایەنەوە بەرمەهی زێدە ئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیەش ڕوون بکەینەوە، نموونەیەك دەخەینە ڕوو. ئەگەر گریمانمان کرد کە تۆ قۆپچەی جل‌و بەرگ بەرهەم دێنیت دیارە ئەو قۆپچانە هەرچەندە جوانیش بنن بەلام تۆ هەر تەنیا پێویستیت

بەچەند دانەیەکی دیاریکراوە بۆ جلەکانی خۆت، ئەوەی زیادیش دەبێت، بەشتی تری دەگۆڕیتەوەو خۆراکو شوێنی حەسانەوەی پێ دابین دەکەیت. پێوەندی نێوان قۆپچەو شتەکانیتریش زۆر کەمە، مەگەر تەنیا بەگۆڕینەوە نەبێت. بەمانایەکی تر، ئەوەی لەلای تۆ لەقۆپچەکاندا گرنگە بەهای مادییە، یا تۆ بایەخ بەهای مادییش نادەیت، تۆ بیر لەقازانجو پارەی فرۆشتنیان دەکەیتەوە. بەو شێوەیەش تۆ قۆپچەی زۆرتر دەفرۆشیت ئەوەش واتا بەهای خودی قۆپچەکان دادەبەزێنیت. کاتێك بەرهەمهێنان فراوانو زۆرتر دەبێت بایەخی کەمی شتەکان کەمتر دبێتەوەو جێگای بەرهەمهێنانی تاکە کەسی دەگرێتەوە.

شێوە ڕێکخستنی نوێ، جگە لەوەی باسمانکرد، دوو ئەنجامی تریشی هەیەو عادەتەن ڕووەو کەمکردنەوەی ئارەزووی بەرهەمهێن دەچن لەبەرهەمهێناندا. یەکێك لەو ئەنجامانە، ڕەهەندی شوێنە لەنێوان بەرهەمو قازانجی چاوەڕوانکراو لەو کارەدا، بەڵام ئەنجامی دووەم، بریتییە لەدابڕانی نێوان ئیدارەو کار. بۆئەوەی نموونەی یەکەم ڕوونتر بخەینە ڕوون نموونەیەك پێشکەش دەکەین. با گریمانی ئەوە بکەین کە لەکاتی ئێستادا تۆ سەرقاڵی بەرهەمهێنانی بەشێکی لەمادەیەکی دیاریکراو، دەشێت ئۆتۆمبێل بێت، خاوەنی ئەو کارگەیەی کە تۆ کاری تێدا دەکەیت هەوڵدەدات هانت بدات زۆرترین هەوڵو کۆشش بدەیت لەکارەکەتدا، ئەوەش لەڕێگای ئەوەی کە بڵێت هەناردنە دەرەوەی ئۆتۆمبێل کارێکی زۆر پێویستە بۆ بەدەستهێنانی نان. بێگومان تۆش ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیە کرێکارەکانت توانیت زۆرترین ڕێژەی خۆراکو خواردن بێنیتە نێو وڵات، ئەوە دەتوانیت پێداویستییەکانی خەڵك تێر بکاتو زیادیش بێت، لەو حاڵەتەدا بەتەنیا کرێکارەکان سوود لەو زیادەیەی خۆراك وەرناگرن، بەڵکو خەڵکانی تری ئینگلتەرا کە نزیکەی چوار ملیۆن کەس دەبن، ئەوانیش سوودمەند دەبن. خۆ ئەگەر ئەو کارگەیە یەك ڕۆژ لەیکار بکەوێت، ئەوە پێناچێت بەشێوەیەکی قووڵ کار بکاتە سەر ئابووری وڵاتیش، بەڵام دواکەوتنتو نەچوون بۆ کار ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت، ئەوە کار دەکاتە سەر جۆری کارو ڕادەی کاریگەری لەسەر کاری کەسانیتردا.

بەرپرسیارێتی ئەدەبی زیاتر کار دەکاتە سەر مرۆڤو هانی دەدات ماوەیەکی زۆرتر لەوەی کارەکەی پێویستییەتی کار بکات، کاتێکیش کە کار دەبێتە شتێکی حەتمیو پێداویستییەکی زۆر گرنگ، ئەوە دەبێت کارەکە بەو شێوەیە بڕوات کە پێویستە. لەکاتی دروستبوونی درزێك یا کەموو کورییەك لەو کەشتییەی کە لەنێو دەریادایە، ئەوە دەریاوانەکان هەموو بەیەکەوە بەبێ بیرکردنەوەو دوو دڵی فەرمانی سەرکردەکەیان جێبەجێ دەکەن، چونکە یەك مەبەستی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کە سانایە بێتە دیو دەتوانن بیهێننە دی. بەڵام ئەگەر بەرپرسی کەشتییەکە وەکو حکومەت ناچار بوو وانەیەك پێشکەشی خەڵك بکات تاوەکو خەڵك لەمەبەستو ئامانجەکەی تێبگەن، ئەوە ڕەنگە هێشتا وانەکە کۆتایی نەهاتبێتو کەشتییەکەش نقووم بووە.

لەنێو هەموو کۆمەڵگاکاندا، جا سۆسیالیستی بن، یا سەرمایەداری، بوارێك هەیە بۆ ململانێ لەنێوان بەرژەوەندی تاکو کۆمەڵدا. هەر کارێك کە دەکرێت لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتیەن یا هەر بەرژەوەندییەکی تر، بێگومان کارێکی خراپ دەکاتە سەر جۆرەکانیتری بەرژەوەندی. بۆ نموونە، بەرزبوونەوەی نرخی بەردی خەڵووزی، لەبەرژەوەندی خاوەن کانەکاندایە، ڕەنگە لەوەش تێپەڕ بکاتو ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی کرێی کرێکارانیش. لەکاتێکدا ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخ کارێکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر بەکاربەران. تەنانەت کاتێك کە حکومەتیش دێت نرخی بەردی خەڵووزی دیاری دەکات، ئەوەش هەر زەرەر بەهەندێك کەسی تر دەگەیەنێت کەسانی وەکو خاوەن کانەکانو کرێکارەکان. زۆرجاریش کارەکانی حکومەت زۆر لەبەرژەوەندیو ژیانی ڕۆژانەی کرێکارو هەژاران دوورە، بۆیە سانایە خەڵك ڕقیان لەحکومەت ببێتەوە. لەبەرانبەردا حکومەت ناتوانێت لەبەرانبەر ڕێکخستنە مەزنەکانی خاوەن کارگەو کۆمپانیا گەورەکان بووەستێتو ناتوانێت بەرگەی فشاری ئەوان بگرێت، تەنانەت ئەگەر بیەوێت بەرەنگاریشیان ببێتەوە، دووچاری ڕەخنەی سەختو دژوار دێت. بۆیە زۆرجار ئەو حکومەتەی لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کار دەکات دووچاری ڕەخنەو هەڵمەتی زۆری گلەییو گازاندە دێتو ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن کە خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتن. ئەو حاڵەتەش بەڕووی لەنێو وڵاتە دیموکراسییەکاندا

دەردەکەوێت، چونکە دەستتێوەردانی حکومەت لەڕێکخستنی پێوەندی تاکەکاندا بەهێزە.
دەشێت بڵێین لەوڵاتە دیموکراسییەکاندا، حکومەت بەردەوام لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کار ناکات. ئێمە پێشتر لەچەند شوێنێکدا باسی خراپییەکانی حکومەتی بیرۆکراتیمان کردووە، بۆیە پێویست ناکات بگەڕێینەوە سەریان. لێرەدا دەمەوێت بچمە سەر باسی خراپییەکانی پەیوەست بەپێوەندی تاکەکانی حکومەت لەگەڵ هاوڵاتییاندا. لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆر بەپوختی ڕێکخراون، کەسانی دەسەڵاتداری وەکو وەزیرو تەنانەت فەراشەکانیشیان، خاوەنی بەرژەوەدنی تایبەتی خۆیانن کە ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی کۆی گشتی کۆمەڵگادا. ڕەنگە یەکێك لەسیماکانی ئەو دیاردەیەش ئەوە بێت کە بەرپرسان دەیانەوێت بەشێوەی کەسانی باڵادەست خۆیان پیشان بدەن، کەسانێك گوێ بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان نادەنو کارەکانیان جێبەجێ ناکەن، ئەو دیاردەیەش کۆمەڵێك پاڵنەری سایکۆلۆژی ڕوونو ئاشکرای لەدواوەیە. ئەو کاربەدەستەی حەز دەکات خۆی واپیشان بدات کە گوایە کەسێکی باڵادەستو مەزنەو کاری خەڵك جێبەجێ ناکات، لەیەك کاتدا دوو ئاماژە پیشاندەداتن یەکەمیان ئەوەیە ئەو کەسێکی خاوەن دەسەڵاتە، دووەم گجوێ بە بەرژەوەندی خەڵك نادات. بۆیە بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە باڵادەستە بقەسەر بەرژەوەندی ئەو خەڵکەی کە ئەو بۆ ئەوە دانراوە تاوەکو خزمەتیان بکات. با لەو بارەیەوە نموونەیەکی تریش بخەینە ڕوو، لەنێو جەنگی جیهانی دووەمدان لەئینگلتەرا هەندێك ڕێو شووێن گیرانە بەر تاوەکو ڕێگا لەکەمی خۆراك بگرێت، بۆیە هەر کەسێك ڕێژەیەکی دیاریکراو خۆراکی بۆ دانراو نەدەبووایە کەس لەو ڕێژەیە زۆرتر وەربگرێت، ئەگەر کەسێك بیویستبووایە ڕێژەیەکی زۆرتر وەربگرێت، دەبووایە کارێکی زۆرتر بکاتن بەمەرجێك کارەکەی پێویستی بەو زیادەیە هەبووایە، ئەوەی ئەو یاسایە نەیدەگرتنەوە جووتیاران بوون، بەڵام زۆرینەی ئەو کەسانەی جووتیار نەبوون ناچار بوون دەبووایە خۆراك بکڕن، ئەگەر حکومەتیش نرخی دەستنیشان نەکردبووایە، ئەوە هەر زۆر بەرز دەبۆووەو خەڵك بەگشتی دووچاری بەد خۆراکی دەهاتن، مەگەر دەوڵەمەندەکان نەبێت. ئەگەر چی کەسانێکی زۆر کەم لەئێمە هەستی پێدەکەنن بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئافرەتە کارگوزارەکانی گەنجینەی خۆراکی حکومەت کاری زۆر گەورەیان ئەنجامداوە، بۆیە خەڵك زۆر لێیان بێزا بوو و زۆریش گلەییان لێدەکرا، بەشێوەیەك هەندێك کەس بەناهەق وا وێنای کردن بۆ ڕای گشتی کە زۆردارو نەزانن.
ئەستەمی گونجانی نێوان ئازادی تاکو دەستتێوەرادنی حوکەمت زۆرتر لەکاتی جەنگدا دەردەکەوێت. لەنێو جەنگێکی سەختدا کە کیانی نەتەوەیی دەکەوێت ژێر هەڕەشەوە، سانایە ئازادییە تاکە کەسییەکان لەبیر بکرێنو حکومەت ناچارییان بکات هەندێك کار بکەن کە لەدەرەوەی ویستی خۆیانەوەیە. تەنانەت زەحمەتیش نییە خەڵك خۆیان بچنە ژێر باری داخوازییەکانی حکومەت ئەگەر بزانن ئەو حکومەتە نیازی باشەو بەڕاستی خزمەتیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت دەبێت ئەوە بزانێت کە جەنگ دۆخێکی نێگەتیڤو خراپە نابێت هانای بۆ ببات تاوەکو هەڵوێستی خەڵك یەکبخات لەبەرانبەر خۆیدا. دیارە هیچ شتێکیش وەکو ترسی جەنگ نییە بۆ بەرپاکردنی ڕۆحی یەکێتی نەتەوەیی لەنێو هاوڵاتییاندا، دیارە ترسی هاوڵاتییانیش لەجەنگ لەهەمخوو حاڵەتێکدا هەر باش نییەو نابێت ئەو ترسە ئیستیغلال بکرێت لەلایەن حکومەتەوە، ئەگەرچی زۆرجار ناکرێت حکومەت خۆیشی لەجەنگ لابدات.
پاڵنەری ململانێ یەکێکە لەو پاڵنەرانەی کە ناکرێت بەلاوە بنرێت، بەڵام سۆسیالیستەکان بەگشتی بایەخێکی ئەوتۆی پێنادەنو پێیان وایە یەکێکە لەخراپییەکانی سیستەمی سەرمایەداری. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی روسی هەڵسا بەدروستکردنی دۆخی ململانێ لەڕێکخستنی پیشەسازیدا، شێوازەکەی ئیستاخانۆفیچ بەوەی ئەو کرێکارانە پاداشت بکات کە کاری باشتر دەکەنو ئەوانەش سزا بدات کە تەمبەڵنو کارکەنیان بەباشی هەڵناسوڕێنن، شێوەیەکە لەو کارانەی هەندێك لەسیستەمە سەرمایەدارییەکان پێی هەڵسانو سەندیکاکانی کرێکاران ڕوو وبەڕووی بوونەوەو نەیانهێشت سەر بگرێت. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەو جۆرە کارانە لەروسیادا هەندێك سوودیانە هەبوو، وەکو چۆن سەرمایەدارییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سوودی هەیەو سەندیکاکان پیشانیاندا کە خراپییەکانی زۆرترە لەباشییەکانی. ئەو کارانە ئەو کاتە شکست دێنن کە دەیانەوێت هەندێك کێشە چارەسەر بکەن، ئەگەرچی لەزۆر شێوەشیاندا

ململانێ کارێکی خوازراو نییە، بەڵام بەڕای من ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕێت لەلایەنی زیاتر خستنەگەڕی هەوڵو تواناکانی تاکەوە. جگە لەوەی زۆرجار هەندێك دەروازە هەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت گوزارشت لەئارەزووەکانی خۆی بکاتو خراپیش نین. بەو مانایەی ڕێگا دەدات هەندێك غەریزە بێنە دەرەوە کە ئەگەر بمێننەوە لەناوەی مرۆڤ دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕو جەنگ، بەڵام ئەگەر بەوشێوەیە گوزارشتیان لێبکرێت ساناترە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ململانێ چەکێکی دوو سەرەیە، باشترینیان ئەوەیە کە هانی لایەنە ناکۆکەکان دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین هەوڵو کۆششی خۆیان بخەنە گەڕ تاوەکو بەرهەمەکەیان باشتر بێت، ڕەنگە یاری تۆپی پێ باشترین نموونە بێت لەملایەنەوە.

بەو دواییانە لەبەریتانیا هەوڵێکی سەرکەوتوو درا بۆ ئەوەی پاڵ بەخەڵکەوە بنرێت کار بکەن، ئەوەش لەڕێگای ورووژاندنی هەستی بەرپرسیارێتیو بەئەنجام گەیاندنی ئەرك، لەبەرئەوەی بەتایبەتی لەکاتی ئێستا پرسی بەئەنجام گەیاندنی ئەرك پرسێکی گرنگو هەستیارەو هانا بردنە بەری لەکاتی قەیرانەکاندا کارێکی پێویستە. هەستکردن بەئەرك هەرچەندەی سوود بەخشیش بێت، بەڵام چارەسەرییەکی بەردەوامی کار کردن نییەو ناکرێت بۆ ماوەیەکی زۆریش پشتی پێ ببەسترێت، چونکە هەستکردن بەماندوو بوون لەخۆیەوە دەگرێت لەگەڵ ڕوو بەڕوو بوونەوە. هەستکردنی بەردەوام بەماندوێتی زۆرجار پاڵنەرە سروشتییەکانی کار کردن لاواز دەکات، خۆ ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش بەردەوام بێت، ئەوە مرۆڤ هیلاك دەکاتو لەتوانای دەخاتو چالاکییەکانی پەکدەخات. ئەگەر لەڕێگای هەندێك یاساوە هان نەدرێت، بۆ نموونە (10) بنەماکان کە لەنێو هەردوو ئاینی یەهودیو مەسیحیدا هەنو هانی خەڵك دەدەن کاری چاکە ئەنجام بدەن، کە دەبێت لەسەر بنەمایەکی ئابووریو سیاسی ئاڵۆزەوە ئەو ئەرکە جێبەجێبکەن، ئەگینا هەموو خەڵك پەکیان دەکەوێتو گوێ بەهیچ شتێك نادەنو ڕووەو ئەوە دەچن هانا ببەنە بەر هەندێك بیروباوەڕی وا وەکو ئەوەی بڵێن چەند ڕێگایەکی کورت هەیە بۆ گەیشتن بەدادپەروەری کۆمەڵایەتی.

بەردەوام ئەوەی هانی خەڵك دەدات کار بکەن، یا هیوایە بەسەرکەوتن، یا ترسە لەشکست. ئەگەر بمانەوێت پاڵ بەخەڵکەوە بنێین کار بکەن، دەبێت هەر یەك لەهیواو ترس دوو شتی ڕاستەقینە بنو لەبەر دەستدا بن تاوەکو کارا بن. بۆیە دەبینین هیستیریای پڕوپاگەندە، یا ئەو پڕوپاگەندەیەی هیستیریا دروست دەکات لەنێو جیهانی تازەدا کاریگەریو جێکەوتێکی مەزنی هەیە.

بەگشتی خەڵك دەزانن ژیانی ڕۆژانەی ئەوان بەندە بەهەندێك ڕووداو کە لەشوێنی دوورتر ڕوودەدەن، بەڵام هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە نازانن، مەگەر توێژێکی کەمی پسپۆڕ نەبێت، بۆیە خەڵکانێکی زۆر هەن نازانن بۆچی برنجو مۆزو هێلکە لەئینگلتەرا کەمە. ئەگەر بەرپرسیارێتییەکە بخەینە ئەستۆی وڵاتی هیند، یا ڕۆتینی حکومەت، یا سیستەمی سەرمایەداری، یا سۆسیالیستی، ئەوە ئێمە خۆمان لەزانینی هۆی ڕاستەقینە دەدزینەوەو نامانەوێت ڕوو بەڕووی ببینەوە. ئەو جۆرە شیکردنەوەیە لای مرۆڤ ئەنجامی ئارەزوویێکی خۆڕسکە بەوەی بەردەوام مرۆڤ هەوڵدەدات شتێك بدۆزێتەوە کەموو کوڕییەکانی بخاتە سەرشان. ئەو ڕەوشە وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤی سەرەتایی تێیدا بوو کاتێك نەخۆشی بۆ ڕۆحە شەڕانگێزەکان دەگێڕایەوە. بیرکردنەوەی ئێمە لەپرسە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا لەبیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان دەچێت لەبارەی سەرچاوەو هۆی نەخۆشییەکانەوە.

دانانی دوژمنێکی دەرەکی بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆمانی پێ هەڵواسین، کارێکە لەژیانی ڕۆژانەدا زەرەرمان لێدەدات، چونکە چالاکییە غەریزەییەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەرەتاییمان بەهەندێك شێوە بەکار دێنێت کە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. زۆر ڕێگاش هەیە بۆ لەناوبردنی ئەو جۆرە کارانەن گرنگترینیان چاککردنەوەی هەڵەو کەموو کوڕییەکانی خۆمانە کە وامان لێدەکات بەدوای دوژمنی وەهمیدا بگەڕێین. ئەگەر ئەوەش نەکرا، خۆ دەکرێت هەندێکجار هۆکاری ڕاستەقینەی مەسەلەکان بڵاوبکرێتەوە. بەڵام ئەوەش کارێکی ئاسان نییەن بەتایبەتیش لەنێو ڕەوشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وا کە هانی ئەو جۆرە هیستیریایە دەدات.

زۆر کەس هەن دەزانن لەئێستادا بەریتانیا چی گەرەکەو دەبێت چیبکرێت بۆ ئەوەی چاکسازی ئابووری نەتەوەیی ئەنجام بدرێت کە

ببێتە هۆی زیاتر کردنی بەرهەمو کەمتر کردنەوەی بەکار بردنو هاندانی هەناردنە دەرەوە. بەڵام زۆربەمان نازانین بەچ شێوەیەك بەرهەم زیاد دەکرێتو چۆنیش دەکرێت کەمتر بەکار ببرێتو چۆن هەناردنە دەرەوە زیاتر دەبێت. زانینی ئەو شێوازانەش تەنیا لەڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەی دوورو درێژەوە دەبێت کە حکومەتو دەستە تایبەتییەکانو تاکە کەان پێی هەڵبستن.

دیموکراسییەتی ئێستا، تەنیا ڕێگا بەکەمایەتییەکی بچووك دەدات کە بەشێوەبەکی گونجاو پێڕەوی مافە سیاسییەکانی خۆیان بکەن، بەڕای ئێمە دیموکراسییەتی گریکی کۆن هەندێك هەڵەو کەموو کوڕی تێدا بووەن وەکو ڕێگا نەدان ئەئافرەتو کۆیلەکان بۆ بەشداریکردن لەژیانی گشتیدا. بەهەموو ئەو کەموو کوڕییانەشەوەن دیموکراسییەتی گریکی لەزۆر لایەنی گرنگەوە لەدیموکراسییەتی ئێستا دیموکراسیتر بووە. هەموو هاوڵاتییەکی یۆنانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکرد لەدەنگدان لەبارەی پرسە گشتییەکانداو لەخۆی زیاتر کەسێك نەبوو بەنوێنەرایەتی ئەو قسە بکاتو بڕیار بدات. ئەو خۆی ڕاستەوخۆ سەرکردەکانی خۆی هەڵدەبژارد، تەنانەت سەرکردە سەربازییەکانیشی هەڵدەبژاردو خۆیشی لەسەر کار لایدەبردن کاتێك لەگەڵ زۆرینە پێیان وابووایە کەسانێکن شایستەی ئەو پلەو پایە نین. ئەوە مومکین بوون چونکە ژمارەی هاوڵاتیان زۆر کەم بوو، بۆیە سانا بوو مرۆڤ پێوەندی بەیەکترییەوە بکەنو ڕوو بەڕوو وتووێژ لەبارەی پرسە گشتییەکاندا بکەن. پێم وایە ئەو سیستەمە بەگشتیو ڕەهایی باش نەبوو، چونکە هەندێك هەڵەو کوموو کوڕی تێدا بوو. بەڵام ڕێگادان بەوەی هەموو کەسێك ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێت، دیاردەیەکە لەزۆر سیستەمی دیموکراسی ئێستادا بەدی ناکرێت، چونکە پێوەندی دەسەڵاتدار بەهاوڵاتی وەکو پێوەندی دەسەڵاتدارە بەکۆیلەکەی خۆی.

بۆ نموونە با ئێمە پێوەندی هاوڵاتییەکی ئاسایی بەمیری دەریاوە وەربگرین، میری دەریا لەلایەنی تیۆرییەوە کارمەندە لای گەل، گەلیش بریتییە لەو کەسانەی باج بەحکومەت دەدەن، نوێنەرانیش کە نوێنەری گەلن، دەنگ لەسەر مووچەی مانگانەی میری دەریا دەدەنو ئەو حکومەتە هەڵدەبژێرن کە ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی پلە بەرزکردنەوە یا لەسەر کار لابردنی میری دەریای هەیە. بەڵام کاتێك کەسێکی ئاسایی بیەوێت وەکو کەسێکی باڵادەست بەسەر میری دەریادا خۆی پیشان بدات، وەکو ئەو پێوەندییەی لەنێوان کرێکارو خاوەن کاردا هەیەن ئەوەی بۆ ناچێتە سەرو لێی قبوولناکرێت. میری دەریا کەسێکی مەزنەو بەردەوام لەسەر شێوەی کەسێکی دەسەڵاتدار دەردەکەوێتن نەوەکو کەسێکی ئاسایی دەسەڵات بەسەر سەپێنراو.

ئەو دیاردەیە لەنێو هەموو فەرمانیەراندا هەیەن بەڵام بەڕێژەی جیا جیا. فەرمانبەران لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا دەیانەوێت خۆیان وەکو بەرپرس پیشان بدەن، نەوەکو کەسێکی فەرمانبەر کە بۆ خزمەتی خەڵك کار دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بمەوێت نامەیکە لەڕێگای دائیرەی پۆستەوە بنێرم، ئەوە بەرپرسی پۆستە دەسەڵاتێکی مالی هەیە بەوەی بڕیار بدات من دەبێت چۆرە پوولێك بکرم تاوەکو نامەکەم بنێرم، خۆ ئەگەر میزاجی باش نەبێت، ئەوە دەتوانێت زۆر بێزارم بکاتو بمنێرێتە لای کەسێکی تریشن ئەویش دیسان بمنێرێتە لای فەرمانبەرێکی ترو .. تاد. لەواقیعدا بەرپرسی پۆستە لەلایەنی تیۆرییەوە خزمەتکارەو بۆ ئەوە کراوەتە بەرپرس تاوەکو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکات، بەڵام واقیع ئەوەمان پیشاندەدات کە مرۆڤو هاوڵاتی ئاسایی ئێستا وا هەست دەکات خزمەتکاری پیاوانی سوپاو پۆلیسو فەرمانبەرانی دەوڵەتە. هەرچەندەی کۆنترۆڵی دیموکراسی لەهاوڵاتی ئاسایی دوور بێتو کارگێڕی گشتیو بەرپرسەکان لەناوەندەوە دەستنیشان بکرێن، ئەوەندە هاوڵاتی ئاسایی هەست دەکات کەسێکی بێ بایەخەو کەس گوێی لێناگرێت، ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ ڕۆحی دیموکراسییەت.

زۆربەی ئەو شەڕانگێزییانەی ئاماژەمان بۆکردن لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوونو تازە نین، لەوەتەی مرۆڤ هەیە، ئەوانیش هەن. هەژاریو نەزانیو نەخۆشی لەکۆنەوە هەیەو بەردەوام پشکی زۆری بەر کۆمەڵگاکان کەوتووەن کەچی چەندایەتییەکی کەم دەستیان بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا گرتووەو کۆنترۆڵی داهاتی کۆمەڵگایان کردووە. لەلایەنی تیۆرییەوەن سیستەمی دیموکراسی مزگێنی ئەوە دەدات کە هەموو خراپەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەلاوە بنێتو بانگەشەی ئازادیو یەکسانی دەکات لەنێوان تاکەکاندا لەلایەنی

مادیو مەعنەوییەوە، هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکات کە ڕێز لەتاکو ئازادییەکانی تاک دەگرێتو دەبێت مرۆڤ وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە هەست بکات ئامانجە نەوەکو شێوازێك بۆ ئەوەی خەڵکانیتر بگەنە مەبەستەکانی خۆیان. ئەو پرنسیبە باڵایەش بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا دەسەپێت.

ئەو بیرۆ بۆچوونە بووە هۆی ئەنجامدانی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لەنێو بیرکردنەوەی ڕەگەزی مرۆییداو لەلای زۆر کەسیش بووە بنەمای کار کردن، (150) ساڵی ڕابردووش مەیدانێکی فروان بوو بۆ پراکتیك کردنی ئەو پرنسیبانە، ئەگەرچی کاتێكو خەباتێکی زۆرتری پێویستە. ڕەنگە ئەستەمی پراکتیك بوونی ئەو پرنسیبانە ئەنجامی بەلاوەنانی شێوازی گونجاو بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. بگرە ڕەنگە هەندێك شێواز گیرابێتە بەر هەرگیز یارمەتیدەر نەبووبێتن بەپێچەوانەوە ناکۆك بووە لەگەڵیدا. ڕەنگە لەکاتی هەوڵماندا بۆ بەدیهێنانی یەکسانی پاساوی وامان هێنابێتەوە کە لەگەڵ پرسەکەدا ناگونجێت، یا ڕەنگە بۆ هەندێك کاری تر باش بێت کە هیچ کەمتر نییە لەیەکسانیو برایەتیو دادپەروەری.

ئەوەی بیەوێت بەراوردێك بکات لەنێوان کۆمەڵگا هاوچەرخەکانو کۆمەڵگاکانی پێشووتر، دەبینێت کە هەندێك کۆمەڵگای پێشووتر لەهەندێك لایەنی کۆمەڵایەتییەوە لەپێش هەندێك لەکۆمەڵگاکانی ئێستاوەن، بێگومان ئەوە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگا تازەکان لەکۆمەڵگا کۆنەکان خراپترن لەڕووی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە کە شتی باشیان کردووە. لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکن جا کۆن یا تازە بێت، خاڵی بەهێزو لاوازی هەیە، فرمانو کاری چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە ئەو خاڵانە بدۆزنەوەو خاڵە لاوازەکان لەناو بەرن.

لەیەکەم تەماشاکرندا وا دێتە بەرچاو وەکو ئەوەی یەکسانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئازادی تاکو هەستکردن بەکەرامەتی مرۆڤ ناگونجێت. هەستکردنی مرۆڤ بەکەرامەت مانای وایە مرۆڤ هەست بە بەهای خودی خۆی بکات وەکو مرۆڤێكو قوربانی بە بەرژەوەندی خۆی نەدات لەپێناو بەرژەوەندی کەسانیتردا. ئەگەر مرۆڤ ئەو هەستەی لا دروستبوو، ئەوە دەبێتە فاکتەرێکی کارا لەدروستکردنی ڕای گشتیو ناچێتە ژێر باری هیچ ڕاو بۆچوونێك کە پێی وابێت سودو بەرژەوەدنی خۆی تێدا نییە، تەنانەت ئەگەر لەلایەن حکومەتیشەوە دەرچووبێت. ئەو جۆرە لەهەستکردنە وا لەپێشکەوتنی خەلقیو عەقلی دەکات مومکین بن. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئەوەی لەدەستدا، ئەوە ڕاستەوخۆ بەبێ وتووێژ دەکەوێتە ژێر باری ڕای کەسانیترەوەو ژێر دەستە دەبێت.

پێشکەوتنی پیشەسازیو زانستی وایکرد مرۆڤ بتوانێت بەسەر هەر سێ دوژمنی سەرەکی مرۆڤایەتیدا زاڵ بێت کە بریتین لە (هەژاری، نەزانی، نەخۆشی)، بۆئەوەی بەتەواویش لەناویان ببات، دەبێت پیشەسازیو زانست بۆ کاری مرۆڤانە بەکار بێت، ئەگینا دادپەروەری کۆمەڵایەتی نایەتە دی.

## بەشی پێنجەم
## باڵادەستی حکومەت و داهێنانی تاك

کۆمەڵگای نوێ، کە لەململانێدایە بۆ پێشکەوتن، پێویستی بەهەردووك لە باڵادەستیو کۆنترۆڵی ناوەندیو چالاکی تاکو بەکۆمەڵ هەیە. لەدەستدانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە، وەکو چۆن نەبوونی داهێنانی تاکە کەسی دەبێتە هۆی چەقگیریو چەقبەستوویی. لەو بەشەدا هەڵدەدەم بگەمە هەندێك پرنسیبی گشتی لەبارەی ئەو پرسانەی کە دەبێت حکومت باڵادەست بەسەریانداو کۆنترۆڵیان بکات، لەگەڵ ئەو پرسانەی کە دەبێت بۆ تاکەکان خۆیانو کارو چالاکییەکانیان جێبهێڵرێت. هەموو کۆمەڵگایەك دووجۆرە سیفەتو تایبەتمەندییان هەیە: یەکەمیان سیفەتە جێگیرەکانە، ئەویتریان سیفەتە گۆڕاوەکانە. سیفەتە گۆڕاوەکان پەیوەست دەبن بەچالاکییەکانی تاك، کەچی سیفەتە سیفەتە جێگیرەکان پەیوەستن بەکۆنترۆڵو باڵادەستی حکومەت. چالاکییەکانی تاك، یا چالاکی

بونیادنەرانەیە، یا چالاکی ڕووخێنەرانە، بۆیە بەردەوام وا باشترە لەڕێگای دامەزراوە کۆمەڵایەتیو حکومییەکانەوە هانی جۆری دووەمی سیفەتەکان بدرێت، کە سیفەتە گۆڕاوەکانن. هەرچەندەی کۆمەڵگا ئاڵۆزتر بێت، ئەوەندە زیاتر چالاکییەکانی تاك پێویستیان بە ڕێنیشاندانو ئاراستە کردنی حکومی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەست تێوەردانی حکومەت چەکێکی دووسەرەیە، چونکە ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕاستو دروست چالاکییەکانی تاك ئاراستە بکات، یا ڕەنگە خەفەیان بکاتو بەهەڵەیاندا بباتو بیان پووکێنێتەوە.

بەڕای من، ئامانجە سەرەکییەکانی حکومت بریتییە لەسێ شت: دڵنیایی، دادپەروەری، پارێزگاری. ئەو سێ ئامانجە گرنگییەکی زۆریان هەیە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگییەکەیان لەڕەوشو سەردەمێکدا جیاوازەو لەگۆڕاندایە. دەشێت بەرژەوەندی گشتی وا بخوازێت لەپێناو بەدیهێنانی دوو ئامانجەکەی تردا، قوربانی بەیەکێك لەئامانجەکان بدرێت. ئێستاش با بەیەکەوە یەکە یەکە ئەو ئامانجانە بخەینە ڕوو، بزانین چین.

دڵنیایی، واتا پاراستنی ژیانو موڵکدارێتی مرۆڤ، بەردەوام یەکێکە لەبنەماو کۆڵەگە سەرەکییەکانی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت هەڵدەدات تاك لەدەستدرێژیکردنە سەر بپارێزێت، بەڵام زۆر کەم هەوڵدەدات لەدەستدرێژییەکانی خۆی دووری ڕابگرێت. دەوڵەت بەردەوام بەبیانووی پاراستنی مافەکانی تاكو داکۆکیکردن لەمافەکانی، دەستدرێژی دەکاتە سەر تاك، بۆیە بەردەوام خەڵك هەست بەدڵنیاییو حەسانەوە ناکەن. لەو چەند ساڵەی دواییدا جۆرێکی تر لەدڵنیایی سەری هەڵداوە کە بەریتییە لە دڵنیا بوون لەنەکەوتنە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی تر، ئەوە مەسەلەیەش بەتێپەڕینی کات گرنگی زیاتر وەردەگرێت، بەتایبەتیش ئەو پێشکەوتنە زانستییانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی چەکی نوێ بەکاربێت. لەئێستادا دەتوانین بڵێین تاك هەست لەدڵنیایی ناکات لەبەرانبەر هێرچو دەستدرێژی دەرەکیدا، تەنیا ئەگەر یەك حکومەتی جیهانی بێتە بوونو کۆنترۆڵی هەموو جۆرە چەکەکان بکات. لێرەدا من چیتر ڕۆشنایی ناخەمە سەر ئەو خاڵە، چونکە لەو بابەتە نزیك نییە کە من دەمەوێت بیخەمە ڕوو. بەڵام دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە دڵنیایی بەتەواوی نایەتە دی تەنیا ئەگەر ئەو حکومەتە جیهانییە دابمەزرێت کە باسی لێوە دەکەم.

دەسگیر کردنی دڵنیایی ئابووری بەردەوام یەکێك بووە لەئامانجە سەرەکییەکانی یاسا دانەرە ئینگلیزییەکانی تازە، ئەو دڵنیاییەش لەنێو دابینکردنی دڵمیاییدا دێت لەدژی بێکاریو نەخۆشیو دەردی پیری. دابینکردنی ئەو جۆرە لەدڵنیایی، بارگرانییەکی گەورەی لەسەر شانی کرێکاران لابرد. زانستی نوێ جۆرێکی تریش لەدڵنیایی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە پەیوەستە بەکەمتر بوونی ئەگەری نەخۆش کەوتنو درێژتر بوونی تەمەنی مرۆڤو زووتر چاکبوونەوە لەهەندێك نەخۆشی سەخت لەڕێگای پێشکەوتنی پزیشکییەوە. بۆیە ژیان لەوڵاتە خۆرئاواییەکان کەمتر جێگای مەترسییە ـ تەنیا لەکاتی جەنگ نەبێت ـ بە بەراورد لەگەڵ سەدەی هەژدەیەمدا. هەموو ئەوانە لەبنەمادا بۆ هەندێك کاری حکومەت دەگەڕێتەوە.

دڵنیایی، ئەگەرچی بێگومان شتێکی باشە، بەڵام چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش نییە. دەشێت ژیانێکی دڵنیاکار، خۆش نەبێت. بگرە ڕەنگە ژیانێکی بێزارکەرو ناخۆشیش بێت. زۆر کەسیش، بەتایبەتی لەکاتی لاویدا، چێژێکی زۆر لەژیانی پڕ مەترسیو موغامەرە وەردەگرن، بگرە هەندێکیان چێژ لەجەنگ وەردەگرن بۆ ئەوەی لەبێزارییەکانی ژیان دوور بکەونەوە. دڵمیایی خۆیشی پاڵنەرێکی نێگەتیڤەو بەرهەمی ونبوونی پاڵنەری ترسە. ژیانی خۆشو باش، دەبێت ئامانجێکی پۆزەتیڤی هەبێت کە بەرهەمی هیوا بێت. ئەو جۆرە لەهیوای سوودبەخش مەترسیش لەناوەخۆیەوە دەگرێت، بۆیە پاڵنەری ترسی تێدایە. بۆیە مەرج نییە هەموو جۆرە ترسێك زەرەر مەند بێت.

ئێستاش دەچمە سەر باسی دادپەروەری. دادپەروەری، بەتایبەتیش دادپەروەری ئابووری، لەو دوایانەدا بۆتە یەکێك لەکارو فرمانە گرنگەکانی حکومەت. بەردەوام دادپەروەری وا ڕاڤە دەکرێت وەکو ئەوەی یەکسانی بێت، تەنیا لەوحاڵەتانە نەبێت کە یەکسانی دەست نادات. دادپەروەری سیاسی، واتا بەدیموکراتیزەکردنی سیاسی، بیرۆکەیەکە بەقەد شۆڕشی ئەمریکیو فەرەنسی کۆنە، کەچی

دادپەروەری ئابووری، ئامانجێکی تازەو نوێیەو پێویست دەکات حکومەت کۆنترۆڵی بکات. سۆسیالیستەکان پێیان وایە ــ بەڕای منیش لەسەر حەقن ــ کە دادپەروەری ئابووری بریتییە لەمولکداریتیکردنی حکومەت بۆ شێوازە گەورەکانی بەرھەمھێنانو ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکی. نەیارەکانی سۆسیالیزمیش بەتەواوی دژی ئەو بۆچوونەنو پێیان وایە دادپەروەری ئابووری ھەرگیز لەڕێگای حکومەتەوە نایەتە دی. لەگەڵ ئەوەشدا ھەندێك سنووری دادپەروەری کۆمەڵایەتی ھەیە کە ھەردوولا دانی پێدا دەنێن. دیارە ناکرێت یەکسانی ئابووری لەنێوان نەتەوە ئەورووپییەکاندا بێتە دی بەبێ وڵاتانی باشووری خۆرھەڵاتی ئاسیا، مەگەر بەشێوەیەکی ھێدی ھێدیو گەلێك لەسەرەخۆ بێت، ئەگینا ئەوە وڵاتە خۆشگوزەرانەکانیش دادەبەزنە ئاستی وڵاتە خوارەوە.

دادپەروەریش وەکو دڵنیایی بوون، چەند سنوورێکی ھەیە کە ناتوانێت بیانبەزێنێت. دادپەروەریش چەند جۆرێکە، ھەندێکیان خراپە، وەکو ھەوڵدان بۆ ئەوەی ھەموو خەڵك ھەژار بێت. چونکە ئەگەر ناکرێت ھەژارەکان دەوڵەمەندتر بکرێن، ھەرگیز کارێکی باشو دادپەروەرانە نییە دەوڵەمەندەکان ھەژار بکرێنەوە. دادپەروەری ئەوکاتە دەبێتە زۆرداری کاتێك ھەوڵدەدەین لەڕێگای بەدەستھێنانی یەکسانییەوە ھەژارەکان وا لێبکەین لەوە ھەژارتر بن کە ئێستا ھەن. دەکرێت ئەوەش ڕووبدات ئەگەر ئاستی خوێندن دابەزێتو ئاستی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش دابەزێتە خوارەوە. لەڕابردوودا چەندین بەربەست ھەبوو ڕێگر بوون لەبەردەم بەدیھێنانی دادپەروەری ئابووری لەجیھاندا، کەچی ئێستا کە پرۆسەی بەرھەمھێنان گەشەی کردووە، ھیچ پاساوێك نییە بۆ بوونی زۆرداری ئابووری لەنێو نەتەوە پیشەسازییەکاندا.

ئێستاش با قسە لەسەر پرنسیبی سێیەم بکەم کە بریتییە لەپارێزگاری. پارێزگاری وەکو دڵنیاییو دادپەروەری پێویستی بەکاری حکومەت ھەیە. مەبەستیشم لەپارێزگاری، پاراستنی شوێنە مێژووییو جوانەکانو ڕێگاکانی ھاتوو چۆو شوێنە گشتییەکان نییە، بەڵکو مەبەستم بایەخدانە بەسەرچاوەکانی سامانی سروشتی لەنێو جیھاندا.

خەڵك بەگشتی لەماوەی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا مادەی خاویان بەکارھێنا بۆ پیشەسازیو ئەو زەوییانەی کشتوکاڵی لەسەر دەکرا بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەکارھێنران، بەشێوەیەك توانای بەرھەمھێنانیان کزو لاواز بوو. پاڵەپەستۆش لەسەر نەوت ئەوەندە زۆر بوو لەلایەنی پیشەسازییەوە بەجۆرێك ئەو ڕێژە نەوتەی کە لەجیھاندا بەرھەم دەھێنرێت ــ ئەگەرچی زۆر دیاریش نییە ــ بەڵام دیارە کە سنووردارە. پێویستی بۆ نەوت گەیشتە ئاستێك بەشێوەیەك ڕەنگە ببێتە ھۆی نانەوەی جەنگی جیھانی سێیەم. ئەگەر ڕێژەی نەوتیش بەو شێوەیە کەم بۆوە، ئەوە دەبێت گۆڕانکاری لەشێوەو فۆرمی ژیانی خۆماندا بکەین. ئەگەر ویستیشمان زۆر پشت بەنەوت نەبەستینو ڕوو بکەینە چالاکی ئەتۆمی، ئەوە ڕەنگە ڕێژەیەکی زۆرتریش لەیۆرانیۆمو تۆریۆم بەکار بێنین. تائێستاش پیشەسازی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەسامانە سروشتییەکان دەبەستێت. ئەو سامانە سروشتییانەش ناکرێت تا ئەبەد ھەر بەردەوام بن، چونکە ڕێژەکەیان دیاریکراوەو لەناو دەچنو نامێنن.

ھەندێك لەشارەزایان پێیان وایە کە ڕەنگە ئەو سامانە سروشتییانەی پەیوەستن بەکشتوکاڵ لەناو بچنو نەمێنن. تەنانەت لەم دواییانەدا یەکێك لەنووسەرەکان لەکتێبێکدا بەناوی "ڕێگای بەرەو مانەوە"باسی ئەوە دەکات کە ئەو شێوازانەی تائێستا لەزۆر لەوڵاتاندا بۆ کشتوکاڵ بەکارھێنراون، بوونەتە ھۆی ئەوەی بەپیتی زەوی لەناو ببەنو لاوازی بکەن. تەنانەت سەرھەڵدانی سەرچاوەی نۆزو خۆڵو گەردە لوول لەئەمریکا دیاردەیەکی ئەو جۆرە کارانەیە. دوای حیسابێکی زۆر ورد، ئەو نووسەرە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دانیشتووانی زەوی لەماوەی پەنجا ساڵی داھاتوودا زۆر زیاد دەکاتو ڕێژەی بەرھەمی خۆراکیش زۆر کەم دەکات ئەگەر ھەندێك ڕێو شوێنی پێویست نەگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن لەو کارانەو سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی بەپیتی زەوی. دیارە ئەو ڕێو شوێنانەش سەرکەوتوو نابێت ئەگەر حکومەتو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری تێدا نەکەنو نەیگرنە ئەستۆی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا دەست تێوەردانی حکومەت لەھەندێك کاری لەو جۆرە دووچاری ڕەخنەی زۆری دەکاتەوە لەلایەن زۆر لەدەزگاکانەوە.

ئـەو کێشـەیە تائێسـتا بەشـێوەیەکی جدی چارەسـەر نـەکراوە، بۆیـە دەبێـت خـەڵك بەگشـتی بایـەخی پێبـدەن، بەتایبـەتیش ئەوانـەی گەرەکیانە جیهان لەمەترسی جەنگێکی تری ماڵوێرانکەر دوور بکەوێتـەوە. جـەنگی نـوێ، جەنگێکـە زیـاتر لەجەنگـەکانی ڕابـردوو جیهـان کاولو ماڵوێران دەکات. ڕەنگە کێشەی چاککردنی کشتوکاڵ یەکێك بێت لەکێشـە هـەرە گرنگـەکانی حکومـەت لەئاینـدەی نزیکـدا، ئەگـەر بکرێت خۆمان لەجەنگ دوور بگرین.

من باسی هەر یەك لەدڵنیاییو دادپەروەریو پارێزگاریم کرد، وەکو ئەوەی فرمانی سەرەکیو ئەرکی سەرشـانی حکومـەت بێـتو نـەکرێت بەهیچ شێوەیەکی تر چارەسەر بکرێت تەنیا لەڕێگای حکومەتەوە نـەبێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا دیـارە حکومـەت لـەپاڵ ئـەو کارانـە، فرمـانی تریشی هەیە. بەڵام ئـەو فرمانانـە دەشـێت هەنـدێك دەزگـای تایبـەتی نـاحکومی بەشـداری تێـدا بکـات، وەکـو چـۆن دەبێـت تاکـەکانیش بەشداری تێدا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حکومت ڕۆڵێکی سەرەکی لەو کارانـەدا ببینێـت. لەبەرئـەوەی هەنـدێك چـالاکی تاکـە کەسـی هەیە ڕووەو ئاژاوەو تاوانکاری دەڕوات، بۆیە نابێت حکومەت لەئاسـت ئـەو چالاکیانەدا نـەرمی بنوێنێـت. هەنـدێك چـالاکی تـری تـاکیش هەن، کە دەبێت حکومەت هانیان بدات، چالاکی وەکو داهێنانو ئافراندن. بەڵام چالاکی زۆر گەورەو فراوانتریش هەیە کـە ناکرێـت پێشـتر پێشبینی بکرێت تاوەکو نەخرێتە بواری کارکردن. بۆیـە سـوودو زەرەری ئـەو چالاکییانە دەوەسـتێتە سـەر جـۆری بـەکارهێنانیان. بۆیـە دەبێت بەردەوام هانی چالاکی تاك بدرێتو ڕووەو لایەنێکی کۆمەڵایەتی سوودبەخش ئاراستە بکرێت.

ئەو هەوڵو کۆششانەی دەوڵەت دەیدات بۆ ئەوەی تاکـەکانی خـۆی والێبکـات وەکـو یـەك بـن لەلایـەنی بیرکردنـەوەو هەسـتو سـۆزەوە، هەندێکجار سوودمەندەو هەندێکجاریش زیان بـەخش. سـوودو زیانـەکانی کـارێکی لـەو جـۆرە دەوەسـتێتە سـەر شـێوازی ئاراسـتەکردنو ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی. لەفلۆرنسادا، بەرلەوەی مۆسۆلینی بێتە سەر حوکم، سیستەمێکی تایبـەت هـەبوو بـەهاتوو چۆ تـەواو جیـاواز بوو لەو سیستەمانەی تر کە لەشارەکانی تری ئیتالیا پێڕەو دەکران. بۆیـە هـەوڵو کۆششـەکانی مۆسـۆلینی بـۆ گـۆڕینی ئـەو سیسـتەمە سوودمەند بـوو تـاوەکو لەگـەڵ شـارەکانیتردا یـەکبخرێت. بـەڵام هـەوڵو کۆششـەکانی مۆسـۆلینی بـۆ سـنووردار کردنـی بیرکردنـەوەی ئیتالییەکان هەوڵو کۆششـێکی زیـان بـەخشو تێکـدەر بـوو. هانـدانی تاکـەکان بـۆ بیرکردنـەوەو ململانـێ کـارێکی باشـەو دەبێتـە هـۆی پێشـکەوتنی کۆمـەڵگا، بۆیـە دەبێـت لەلایـەنی عەقڵییـەوە هـانی ڕۆشـنکردنەوە بـدەین بـۆ ئـەوەی ببێتـە هـۆی پێشـکەوتنی زانسـتیو کۆمەڵایەتی. ئەگەر لەهەر شوێنێکدا ململانێی عەقڵی هەبوو، ئەوە پێویستە لەسـەر حکومـەت شـێوازەکانی ئاراسـتەکردنی ئـەو ململانێیـە دیاری بکات، نەوەکو هانا بباتە بەر کوشتنو تیرۆرکردنو زیندانیکردن تاوەکو خـۆی لـەو بۆچـوونانە دەربـاز بکـات کـە لەگـەڵ بۆچـوونی دەسەڵاتداراندا یەکناگرێتەوەو ناکۆکە. لەو مەسەلانەدا دەبێت دەوڵەت ڕێگای ڕازیکردنی زانستییانە بگرێتە بەر.

ململانێی زانستیو هونەری هەڵهێنجراو لەچالاکی تاکەکان لەهەندێك وڵاتی خۆرئـاوایی وەکـو ئیتالیـای سـەردەمی ڕێنیسـانسو ئـەلمانیای سەدەی هەژدەیەم، بووە هۆی پێشکەوتنی هونـەریو زانسـتی مـەزن. بـەڵام کاتێـك دەولـەت زۆر گـەورە دەبێـت وەکـو ئـەوەی لەڕوسـیا ڕوویدا، ئەوە پرۆژە تاکە کەسییەکان کەمتر دەبنەوەو داهێنانیش کەمتر دەبێتەوەو گۆڕانکاریش کزتر دەبێتو دەولەتیش فشـار دەخاتـە سەر ئازادییە تاکە کەسییەکان. ڕەنگە هونەرمەندو نووسەران لەکاتی ئێستادا تاکە چینو تووێژ بن کـە خـاوەنی داهێنـانی تاکـە کەسـین، ئـەوەش بـەڕوونی لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا دیـارە. کاتێـك لـەکالیفۆرنیا بـووم، بیسـتم کـە دوو پیـاو دەستنیشـانکراون بـۆ تێگەیشـتن لەڕەوشـی جیهـانو ڕەوشـی کرێکـارە کۆچـەرەکان لـەو ویلایەتـەدا. یـەکێك لـەو پیاوانـە ڕۆمـاننووس بـوو، لـەنێو ڕۆمـانو نووسینەکانیدا چارەسەری ڕەوشـەکەی خسـتبووە ڕوو. کەچـی ئـەویتریان مامۆسـتایەکی زانکـۆ بـوو لـەڕێگای لێکۆڵینـەوەی زانسـتییەوە لەزانکۆکـەی ئـەو ڕەوشـەی خسـتبووە ڕوو. ئـەوەی یەکـەمیان لـەوەی دووەم سـەرکەوتوو تـر بـوو، چـونکە خـەڵکێکی زۆر ڕۆمانیـان دەخوێندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی نووسەر دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە ئەگەر دەزگاکانی چاپکردن سەر بەدەولـەت بـن وەکـو ئـەوەی لەڕوسیادا هەیە، چونکە حکومەت تەنیا ئەو شتانە بڵاودەکاتەوە کە لێیان ڕازییە.

پیاوانی زانست دەتوانن بەسەربەخۆیی لەدەولەت کار بکەن. هەریەك لەکافیدیشیو فارادیو مندل لەلێکۆڵینەوەکانیاندا پشتیان بەحکومەتو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی نەبەستاوە، داروین پاڵپشتی حکومەتی نەبوو، تەنیا لەهەندێك لەگەشتەکانی نەبێت، ئەوە ئەگەر لەڕابردوودا کارێکی ئاسایی بووبێت، لەئێستادا زۆر زەحمەتە، چونکە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان پێویستییان بەپارەی زۆرو ئامێرو ئامرازی زۆر هەیە. ئەگەر حکومەت یا زانکۆ پێی هەڵنەستێت، زەحمەتە ئەنجام بدرێت. ئەگەر حکومەتیش دەستی تێوەر بدات، زەحمەتە ئەو کەسانە جێگایان ببێتەوە کە دەبێت هاوکاری بکرێن، ئەگەر حکومەتیش هاوکاری چینو تووێژە توونڕەوو کۆنەپەرستەکانیان کرد، ئەوە پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەوەستێتو ڕۆحی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکوژرێت وەکو ئەوەی لەسەدە ناوەڕاستەکاندا ڕوویدا.

چاکسازی سیاسی نویٚ لەوڵاتی دیموکراسی ئێستادا ئەنجام نادرێت تەنیا لەڕێگای دروستکردنی ڕایەکی گشتی نەبێت کە پاڵپشتی لێبکات. پێویستە تاك ئەو حزبە سیاسییە ڕازیبکات کە کاری تێدا دەکات گویٚ لەبۆچوونە سیاسییەکانی بگرێت لەبارەی چاکسازیو دواتریش لەڕێگای دەنگدەرانەوە ئەو بۆچوونانە کار بکاتە سەر حزب. واتا حزب دەبێت پاڵپشتی لەڕای تاکە کەس بکاتو وا بکات دەنگدەران پاڵپشتی لێبکەن تاوەکو پشتگیری حزب بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەگینا ئەو ڕاو بۆچوونانە نایەنە پراکتیك بوون. ئەگەر خاوەنی ئەو بۆچوونانە لەپلو پایەیەکی حکومی بەرز بێت، سانایە ئەو شتانە پراکتیك بکات کە پێی باشە بەبیٚ ئەوەی هانا بباتەوە بەر حزبێکی سیاسی. چاکسازی سیاسی لەوڵاتە دیموکراسییەکاندا هێدی هێدیو لەسەرەخۆ ئەنجام دەدرێتو دەبێت پاڵپشتێکی یاسایی هەبێتو بەشێوەیەکی یاسایی بێت.

لەنێو کۆمەڵگا تازەکاندا مەیلێك هەیە بۆ بەگەڕخستنی چالاکییەکانی تاك لەڕێگای دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو حکومەتدا. هەموو چالاکییەکی تاکڕەوانە بیٚ بەهایە لەڕووی کردارەکییەوە ئەگەر بەتەنیا پشت بەتوانای ئەو تاکە کەسە ببەستێت. هەرچەندەی گرووپەکانیش کەمترو بچووکتر بن، ئەوەندە کاریگەری تاك بەسەر کۆمەڵەکە گەورەترو زیاتر دەبێت. هەرچەندەی گەورەش بێت، ئەوەندە ڕۆڵی تاك کەمتر دەبێتەوەن تەنیا مەگەر کەسە زۆر ناودارەکان بتوانن کاریگەرییەك جێبێڵن. بۆیە دەتوانین بڵێین، هەرچەندەی کۆمەڵگا گەورەتر بێتو بەرژەوەندی تاکەکانی ئاڵۆزتر بوو، ئەوەندە جێکەوتو کاریگەری تاکێکی ئاسایی لەئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی دەولەتدا کەمتر دەبێت. لەملایەنەوە ئەگەر تاك کاریگەریو جێکەوتیشی هەبێت، ئەوە هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێت، بەڵکو لەڕێگای نوێنەرانییەوە دەبێت لەپەرلەمان. زۆرجاریش ئەو پەرلەمانتارانە بەڕاستیو دڵسۆزی نوێنەرایەتی ئەو کەسانە ناکەن کە هەڵیانبژاردوونو دەنگیان پێداون، بەوەش هەندێك لەهەڵسو کەوتەکانیان نا دیموکراتی دەبێت. بۆیە، لەنێو کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا زۆرتر پێویستی بەگونجانو هەماهەنگی دەبێت لەنێوان ئازادی تاکو دەست تێوەردانی حکومەتدا، بۆ ئەوەی چالاکییەکان لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی بەکار بێت. بۆیە کۆنترۆڵی حکومی بەڕادەی هەبوونی ئازادی تاکە کەسی گرنگە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت کۆنترۆڵی حکومی لەدەرەوەی ڕێگای کۆکردنەوەی دەسەڵاتیشەوە لەناوەند بێتە دی، ئەوەش لەڕێگای دابەشکردنی دەسەڵات دەولەت بەسەر دەستەو دامەزراوە جیا جیا جوگرافیو پیشەسازیو کولتوورییەکاندا، بەمەرجێك ئەو دەسەڵاتەی بەو گرووپانە دەدرێت لەگەڵەوە هەڵقوڵابێتو لەپێناو خۆشبەختیو خۆشگوزرانی ئەوان بەکاربێت. ئەو گرووپانە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن پێویستیان بەیارمەتی دارایی هەیە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی ناوەندیش پاڵپشتییان بکات، جۆرو ڕادەی پاڵپشتیکردنەکەش دەوەستێتە سەر ڕەوشو بارودۆخی ناوخۆییو دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایە خۆی.

بیرۆکەی داماڵینی دەسەڵات لەگرووپو کۆمەڵە ناوچەییە جیا جیاکان، بیٚ زەرەرو کێشە نییە. من بڕوام بەوە هەیە کە دەبێت هەموو دەسەڵاتێکی مومکین بدرێتە گرووپە بچووكو جیا جیاکان بۆ ئەوەی ببنە هاوکاری حکومت لەبڵاوکردنەوەی ئاسایشو دڵنیایی لەنێو خەڵکدا، بۆیە پێم وایە دەبێت ئەو دەسەڵاتەی دابەش دەکرێت بەسەر گرووپو کۆمەڵە جیا جیاکانن دەبێت پلەو پایەی هەبێتو وەکو

یەکتری نەبێت، چونکە دەبێت هەر گرووپێك بەپێی گرنگیو قەبارەی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت سەبارەت بەکاروباری ناوخۆیان، دەبێت دەسەڵاتەکان لەدەسەڵاتی سنووورداری ئەنجومەنی هۆزەکانەوە دەست پێبکات تاوەکو دەگاتە دەسەڵاتە فراوانەکانی حکومەتێکی جیهانی. فرمانی حکومەتی جیهانی ئەوەیە رێگا نەدات جەنگ هەڵبگیرسێت، کەواتە پێویستە دەسەڵاتی پێویستیشی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کارە جێبەجێبکات. ئەوەش کۆنترۆڵکردنی هێزە چەکدارەکانو دەسەڵاتی مۆرکردنی پەیماننامەو هەمووارکردنیو مافی چارەسەر کردنی کێشە نێو دەولەتییەکانی هەبێت. نابێت حکومەتی گشتی دەست بخاتە نێو کاروباری ناوخۆی وڵاتە ئەندامەکانی، تەنیا لەمەسەلەی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیماننامەکان نەبێت. حکومەتی هەرێمەکانیش دەبێت بوارێکی فراوان بۆ ئەنجوومەنە ناوخۆییەکان بهێڵێتەوە تاوەکو بتوانێت کارە ناوخۆییەکانی خۆی راپەڕێنێت، ئەو ئەنجوومەنانە خۆشیان بوار بۆ ئەنجوومەنی بچووکتر خۆش دەکەن.

هەر دامەزراوەیەك، جوگرافی بێت، یا کولتووری، یا پەیوەست بێت بەفەلسەفەی سیاسی، دوو جۆرە پێوەندی هەیە: یەکێکیان تایبەتە بەناوەخۆیو پێی دەگووترێت پێوەندی ناوخۆیی، دووەمیش پێوەندی دەرەکییە کە تایبەتە بەدامەزراوەکانیتر. دەبێت پێوەندی ناوخۆیی بۆ ئەندامەکان خۆیان جێبهێڵرێت، بەڵام پێوەندی دەرەکی ئەگەر نەکرا بەشێوەیەکی ئاسایی لەرێگای وتووێژو دانوستانەوە چارەسەر بکرێت لەنێوان هەردوو لادا، ئەوە دەبێت بخرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی بێلایەن.

نابێت لەجیاوازی نێوان وڵاتان بترسین، مادام ئەو جیاوازییانە نابنە هۆی دروستکردنی دەستدرێژیکردنە سەر یەکتری. ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەك لەوڵاتێکی بێگانەدا بژی، دەتوانێت هەست بەهەندێك شتی خراپی نێو وڵاتەکەی خۆی بکات، ئەوە هەر رووددەدات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەچ وڵاتێك دەژی، هەمان شتیش لەبارەی بەشە جیا جیاکانی وڵاتەکانەوە هەر راستە، بۆیە دەبێت ئەو بیرۆکەیە لەناوبچێت کە پێی وایە دەبێت خەڵك بخرێنە نێو یەك قاڵبی هاوشێوە لەڕووی رەفتارو هەڵسو کەوتەوە. پێشڤەچوونی بایۆلۆژی پشتی بەستا بەجیاوازی بۆماوەی تاكو گرووپەکان، ئەگەر هەر هەوڵێکیش بدرێت بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییانە لەناو بچن، ئەوە ژیان چەقگیرو چەقبەستوو دەبێتو بەرهەمی هزری تاكو داهێنانیش دەپووکێنەوە.

دەبێت بەردەوام تاکەکان هانبدرێن بۆ ئەوەی توانا بۆماوەییەکانیان دەربخەنو بیانخەنە گەڕو بەشێوەیەکی سوودمەندانە لەپێناو کۆمەڵگادا بەکار بێت. خۆ ئەگەر ئەو تواناییانەی تاك بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە ئاراستە نەکرێت، ئەوە زەحمەتە تاکڕەویو تاکپەرستی لەناو ببردرێت، چونکە مرۆڤ خۆی مەیلێکی غەریزەیی هەیە بۆ پاراستنی ئەو شتانەی بەدەستیان دێنێتو زۆرجاریش هەوڵدەدات دەست بەسەر ئەوشتانەشدا بگرێت کە خەڵکانیتر بەدەستیان هێناوە. هەموو کەسێکیش پاڵنەری داهێنانی خودی تێدایەو هەوڵدەدات لەڕێگایەوە شتی نوێ پێشکەش بەجیهان بکات کە پێشتر کەس بەدەستی نەهێناوە، ئەوەی هەریەك لەشکسپێرو نیوتن دۆزییانەوە، لەگەڵ ئەو کارانەی هەندێك لادێ نشین لەبارەی بیناسازییەوە ئەنجامی دەدەن کاری لەوجۆرەن.

مرۆڤ زۆرتر دەتوانن خاوەندارێتی شتە مادییەکان بکەن لەوەی بتوانن خاوەندارێتی شتە عەقڵییەکان بکەن کە دەبێتە موڵکی زانایان. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەندارێتیکردنی شتە مادییەکان دەبێتە هۆی بێبەش بوونی خەڵکانیتر لەو مادانە، کەچی ئەوەی خاوەنداریێتی شتە زانستییەکان دەکات رێگا دەدات خەڵکانیتریش سوودی لێببینن. رەنگە هەر ئەو هۆیەش لەپشت ئەو داوایە بێت بۆ پراکتیك کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەشتە مادییەکاندا. ئەوەی لەشتە عەقڵییەکاندا گرنگە ئەوەیە کە رێگا بەتاك دەدرێت گوزارشت لەتواناکانی خۆی بکات، ئەگەرچی زۆرجار قاڵنەری داهێنانی تاك قاڵنەرێکی مادی نییە. کەمن ئەو زانایانەی پاداشتی کارەکانیان بەشێوەی مادی وەردەگرن. زۆر لەزاناو چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو بەرگری لەڕاو بۆچوونی خۆیاندا بوونە قوربانی توونڕەوی، سوقرات باشتلاین نموونەیە. ئێمە پێمان وایە ئەگەر بەسوقراتیان گووتبا ژیانێکی خۆشگوزرانت بۆ دابین دەکەین، بەڵام دەسبەرداری ڕاو بۆچوونەکانی خۆت بە، ڕازی نەدەبوو بەو شێوەیە ژیان بباتە سەر.

دەتوانین بڵێین هەرچەندەی دەسەڵات لەدەستی کەمایەتییەکی دەسەڵاتداردا کۆبکرێتەوە، ئەوەندە ئارەزووی داهێنان لەلای زۆرینەی خەڵك کەمتر دەبێتەوە، جگە لەوەی کۆکردنەوەی دەسەڵات دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگا نەدرێت ڕاتو بۆچوونە نەیارەکان دەربکەونو گوزارشت لەخۆیان بکەن، تەنانەت ئەگەر هەندێك لەو بۆچوونانە کەوتنە ڕوو، خاوەنەکانیان دووچاری هەڕەشەو مەترسی دێن، دیارە ئەو جۆرە حاڵەتانە ڕێگرە لەبەردەم بزاڤی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕەهایی خراپ نییە، چونکە ڕادەی خراپیو باشی دەوەستێتە سەر جۆری بەکارهێنانی. کۆنترۆڵکردنی خولیا پیسەکانو ڕاو بۆچوونە تێکدەرەکان پێویستە، چونکە ڕێگا لەبەردەم بونیادی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێن خۆشدەکات. ئەوەش مانای وا نییە کە دەبێت پاڵنەرە تاکە کەسییە نازەرەرمەندەکان لەناو ببردرێن، بەڵکو دەبێت ڕێگای پێبدرێت گەشە بکات، بەمەرجێك بەشێوەیەکی سوودمەندو کۆمەڵایەتی ئاراستە بکرێت. بۆ ئەوەی ئەوەش بێتە دی، دەبێت دەولەت ئەرکی ڕێکخستنی خۆی بگێڕێتو نابێت نارەزایی هەندێك کەس ڕێگر بێت. بەڵکو دەبێت لەپێناو بەرژەوەندی گوی کۆمەڵگادا بەکار بێنێت.

## بەشی شەشەم

## پێوەندی تاك بە پێوەرەکانی کۆمەڵگا لەلایەنی سیاسیو خەلقییەوە

هەوڵدەدەم لەو بەشەدا لەپێوەندی نێوان پێوەرە خەلقیو سیاسییەکانی کۆمەڵگاو نێوان ڕەفتاری تاك بکۆڵمەوە، لەگەڵ پێوەندی نێوان ڕەفتاری تاكو پێوەرەکانی کۆمەڵگا لەلایەنی سیاسیو ئەخلاقییەوە. دیارە ئەوانە کار لەیەکتری دەکەن. ئەوەی لەم لایەنەشەوە گرنگە، جۆری ئەو کاریگەرییەیە نەوەکو تەنیا ڕوودانی. هەرچەندەی ئەو کاریگەرییە سوودبەخش تر بێت بۆ تاكو کۆمەڵگا، ئەوندە زۆرتر دەبێتە فاکتەری پێشکەوتن. بێگومان ڕەفتارەکانی تاك لەژێر کاریگەری کولتوورەکەیدایە، سەرچاوەکانی ئەو کولتوورەش زۆرن گرنگترینیان مالو شێوازەکانی گەیاندنو زانکۆکانن. زۆرجاریش ئەو شێوازانە بۆ ئەوە کار ناکەن تاوەکو تاك ڕۆشنبیر بکەنن بەڵکو زیاتر مەبەستیانە بیرو بۆچوونی خۆیان بگەیەنن، ئەوەش دەبێتە هۆی پەکخستنی بیرکردنەوەی تاك. ئەوەی ئێستاش لەڕوسیادا ڕوودەدات، باشترین بەڵگەیە، چونکە زاناو بیریاران کەوتنە ژێر چەپۆکی ڕاو بۆچوونی چینێکی سیاسەتمەداری نەزان بەکاروباری زانستی، ناتوانرێت ئەو کارەش کۆتایی پێبهێنرێت، تەنیا لەڕێگای دەستنیشانکردنو دیاری نەکردنی چالاکیو کاری سیاسەتمەداران نەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە نابێت ڕێگایان پێبدرێت دەست لەئیشو کاری زانستی وەربدەن. سیاسەتمەداران دەتوانن لەلایەنی تیۆرییەوە سەرکردایەتی خەڵك بکەن لەلایەنی سیاسییەوە، بەڵام نابێت بۆیان هەبێت ڕاو بۆچوونی خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن لەمەسەلەی تایبەت بە مۆسیقاو زانستو فەلسەفەدا. دەست تێوەردانی سیاسەتمەداران لەو بابەتانە مەسەلەیەکی نەویستراوە، تەنانەت ئەگەر لەو بوارانەشدا خاوەنی زانیاری زۆربنو چێژی بەرزیان هەبێت.

ئازادی شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە، بۆیە هیچ مرۆڤێك نییە لەڕەفتارو هەڵسو کەوتدا ڕەها بێت. هەروەها هیچ مرۆڤێك نییە هەموو شێوە ئازادییەکی خۆی لەدەستدا بێت. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، ئازادی پێویستی بەپلەیەکی باشی ڕۆشنبیریو خود کۆنترۆڵکردنو ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان هەیە. خود کۆنترۆڵکردن ڕەنگە لەملکەچکردن بۆ هەندێك یاساکانی ئەو کۆمەڵگاگەیەدا بەرجەستە بێت کە مرۆڤ تێیدا گوزەران دەکات، بەو ڕادەیەی کە لەنێو دەرچوونی تاك لەشتە گەندەڵەکانی کۆمەڵگاشدا بەرجەستە دەبێت. کەواتە ئازادی بریتییە لەدەرچوون لەهەندێك سیستەمو پیادەکردنو ڕێزگرتنی هەندێکی تریان. ئەو دیاردەیەش لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژستانیشەوە پاڵپشتی لێدەکرێت. دیارە کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەناوچوون کە کۆمەڵگاکان لەکۆندا شانازییان پێوە دەکرد، وەکو خواردنی گۆشتی مرۆڤ، چونکە کەسانێکی زۆر ڕوو بەڕووی ئەو دابونەریتانە بوونەوەو نارەزاییان بەرانبەری نیشاندا. کۆمەڵگاش پێش ناکەوێت، مەگەر لەڕێگای هەندێك کەسی چاکسازەوە نەبێت کە بەسەر شتە کۆنو گەندەڵەکاندا هەڵدەگەڕێنەوەو

پێشنیاری شتی تازەو گونجاوتر دەکەن کە باشتر بێت.

کەواتە ئەخلاقناسی تەنیا بایەخ بەئەرکی تاك نادات بەرانبەر بەئەوانیتر، جا ئەو ئەرکانە هەر چییەك بێت، چونکە مەرج نییە بەردەوام ئەنجامدانی ئەرك ژیان خۆشتر بکات، چونکە مرۆڤ حەزدەکات چێژی تایبەتی خۆی بەدەست بێنێت. مرۆڤ ئەگەرچی بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تاکرەوەو حەز بەتاکرەویش دەکات، بۆیە دەشێت پاڵنەرە تاکرەوییەکانی بۆ کۆمەڵگا بەسوود بن‌و زەرەر بەخشیش بن. دەکرێت مرۆڤ لەرێگای بەزەیی خۆشەویستییەوە هاوکاری خەڵگانیتر بکات، وەکو چۆن لەرێگای رق‌و قینەوە دەستدرێژییان دەکاتە سەر، ژیانیش سانا نییە بگوزەرێت ئەگەر رێگا نەدرێت هەست‌و نەستی تاك گوزارشت لەخۆیان بکەن. ژمارەیەکی کەمی خەڵك هەیە چێژ لەتەنیایی دەبینن، مرۆڤیش هەرگیز بەختەوەر نابێت لەکۆمەڵگایەکدا کە رێگا نەدات بەئازادی کار بکات‌و بیر بکاتەوە.

رەفتارو ئاکاری سوودمەندی تاك جگە لەلایەنی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستە بەمامەڵەکردنی جوان لەگەڵ خەڵك، لایەنێکی تریش لەخۆیەوە دەگرێت کە بریتییە لەلایەنی خودی کە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بەدوای چێژە تایبەتییەکانی خۆیدا بگەرێت. پرسی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە نابێت مرۆڤ لەپێناو چێژی تایبەتی خۆیدا قوربانی بەئەرك‌و فرمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بدات، بەڵکو دەبێت هاوسەنگییەك لەنێوان هەردوولا دروست بکات‌و دەسبەرداری چێژە پووچەکانی خۆی بێت. کەواتە ئەرکی کۆمەڵایەتی بەرادەی چێژی تاك گرنگەو نابێت مرۆڤ قوربانی بەو دوو ئەرکە بدات مەگەر لەحاڵەتێکی زۆر پێویستدا نەبێت. ئەوەی گەرەکمە لەو بەشەدا بیڵێم، نزیکە لەئاکاری مەسیحییەت، بەڵام پشتیشی پێ نابەستێت.

تاکە بنەمای ئەو بۆچوونەم بریتییە لەپووچی چێژە تێپەرەکان لەپێناو بەدەستهێنانی سوودی کۆمەڵایەتی زۆرترو بەردەوامتر. ئەو دیاردەیەش لەلای مەسیحییەکان زۆرتر دەردەکەوێت کاتێك هانی خەڵك دەدەن عیبادەتی خوا بکەن خۆشیان بووێت تاوەکو لەمیانەی خۆشەویستی ئەوەوە مرڤیشیان خۆشبووێت. پاڵنەری خەلقی هاوشانی ژیانی سەرکردە ئاینییە مەزنەکان‌و هونەرمەندە ناودارو داهێنەرو زانایانیش بووەو یارمەتیداون بۆ ئەوەی گوزارشت لەپاڵنەرە داهێنەرەکانیان بکەن‌و بیگەیەننە ئاستێکی باڵاتر. ئەو سۆزە بنەمای ئەوەیە کە بەئەرك بەرانبەر بەخوا ناودەبرێت‌و پەیوەستە بەعەقیدەی ئایینی. بەڵام، ئەرکەکانی مرۆڤ لەوە تێپەر دەکەن تاوەکو دەگەنە ئەرك بەرانبەر بەخەڵکانیترو خۆیشی، ئەرکەکانی بەرانبەر بەکەسانیتر لەئەرکی بەرانبەر بەخۆی کەمتر نین. ئەو دوو ئەرکە ــ تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتی ــ ییە، دوو پرسی هاوبەشن‌و زەحمەتە لەیەکتری جیا بکرێنەوە. زۆرجاریش هونەرمەندو زاناو دۆزەرەوان هەندێك شت بەرهەم دێنن کە سوودی کۆمەڵایەتی زۆریان هەیە، بەڵام ئەو پاڵنەرەی لەدوای ئەو داهێنانە بووە پاڵنەری خودی بووەو تایبەت بووە بەتواناو حەزی تایبەتی خۆی.

بۆیە نابێت پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان باشتر تەماشا بکرێن لەپاڵنەرە تاکەکەسییەکان، چونکە هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەرێگای پاڵنەرە تاکەکەسییەکانەوە دێتە دی، کاری پێغەمبەرو سۆفی‌و شاعیرانیش نموونەی ئەو بۆچوونەن. ئەوانە بەکارە سەرسوورهێنەکانیان باوو ئاساییان تێپەراند، بەو شۆرشەی کردیان ئەرکەکانی خۆیان بەو شێوەیە جێبەجێ نەکرد کە کۆمەڵگا داوای دەکرد، بەڵکو ئەرکی تازەو نوێیان داهێناو کۆمەڵگاکانی خۆیان هاندا پیادەیان بکەن‌و دەسبەرداری ئەرکەکانیتریان بن. بەوەش هەندێکیان دووچاری لێدان‌و سزاو سووکایەتی پێکردن هاتن، بەڵام بەخۆراگری‌و توانایانەوە ناوی خۆیان‌و کارەکانیان بەنەمری هێشتەوەو نموونەیەکی بەرزیشیان پێشکەشی جیهان کرد لەئایین‌و زانست‌و هونەردا.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ژیانی مرۆڤ تاریك نەبێت، دەبێت دان بە بەهای خۆی‌و بەسوودی کارەکانیدا بنێین. دیارە کارە سوودبەخشەکان دەبنە دوو جۆر: هەندێ کار هەیە هەر خۆی بەسوودە، هەندێکی تریش هەن بەسوودن چونکە دەبنە وەسیلە بۆ هەندێك کاری تر. هەردوو جۆریش لەژیاندا گرنگن‌و ناکرێت دەسبەرداریان ببین. کێشەی سەرەکیش لەوەدا نییە کە یەکێکیان بخرێتە پێش ئەویتریان،

بەڵکو بریتییە لەدۆزینەوەی تەوافق لەنێوان وەسیلەو مەبەستەکاندا، واتا لەنێوان ئەوانەی بۆ خۆیان سوودبەخشن، لەگەڵ ئەوانەی وەسیلەن بۆ سوودبەخشین. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی ئەو تەوافقە کارێکی سانا نییە. ڕەنگە شکستی لەدۆزینەوەی ئەو تەوافقە بێت کە کەسێکی مەدەنی لەکەسێکی وەحشی جیا بکاتەوە، منداڵ لەگەورە جیا بکاتەوە، مرۆڤ لەئاژەڵ جیا بکاتەوە. هەرچەندەی مرۆڤ لەلایەنی ڕۆشنبیریو کولتوورییەوە پێشبکەوێت ئەوەندە زیاتر بەرچاو ڕوون دەبێت بۆ تێگەیشتن لەچارەنووسی پرسەکانو زیاتر بایەخ بەوەسیلەو مەبەستەکان دەدات، بگرە ڕەنگە ناچار بێت هەندێك وەسیلەی بێزراویش بگرێتە بەر بۆ گەیشتن بەچەند ئامانجێکی بەسوود. ڕەنگە لەداهاتوو دەسگرتن بەهەندێك وەسیلەی بێزراو بۆ بەدەستهێنانی سوود پێگەیشتنێکی عەقڵی دیاریکراویش بخوازێت.

کەواتە نابێت دەست بەوەسیلەکان بگیرێتو مەبەستەکانیش فەرامۆش بکرێت، چونکە بەلاوەنانی هەر یەکێکیان ڕەنگە مرۆڤ دووچاری مەترسی گەورە بکاتەوە. ئەو کەسەی بەردەوام خەریکی پارە کۆکردنەوەیەو ئاگای لەتەندروستی خۆی نییە، ئەوە بێگومان دواتر لەکاتێکی تردا دووچاری زۆر نەخۆشی لەناکاو دێت.

ئێمە زۆرجار ئەوەمان بیر دەچێتەوە کە سیاسەتو ئابووریو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پەیوەستن بەوەسیلە نەوەکو ئامانجەکان. کاتێکیش وەکو ئامانج تەماشا دەکرێت ئەوە ئەنجامی فریودانی ئێمەیە لەلایەن بەرپرسو سیاسەتمەدارانەوە، چونکە حکومەت بەلای ئێمە بریتییە لەخزمەتگوزاری بەردەوامی خەڵك، بەوەش هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە وەسیلە نەوەکو ئامانج. خۆ ئەگەر حکومەت وا تەماشا بکرێت کە بۆ خۆی بریتییە لەئامانج، ئەوکاتە زۆر سانایە خەڵك ملکەچی خۆی بکات. چاکسازی کۆمەڵگاو ڕاستەڕێی لەسەر ڕادەی توانای حکومەت وەستاوە لەسەر خزمەتکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، بەوەش حکومەت دەبێتە وەسیلە بۆ ئەوەی تاکەکان ژیانێکی سروشتی بەسەر ببەن، چونکە هەرگیز دەوڵەتو حکومەت لەدەرەوەی تاکەکانەوە بوونێکی دابڕاوو ڕاستەقینەیان نییە.

بەراوردکردنی دەوڵەت بەبوونەوەری زیندوو، بەراوردکردنێکە دوور نییە لەمەترسی، ئەگەر مەبەست لەو لێکچواندنە ئاشکرا نەکرێت. خەڵك ئاژەڵان بوونەوەری زیندوون، واتا کاریگەر بوونی هەر بەشێکیان بەکاریگەرییەکی دەرەکی هەموو بوونەوەرەکان دەخاتە ژێر هەڕەشەی ئەو کاریگەرییە. ئەگەر من ددانێکم ئازارم بدات، یا پەنجەیەکم، ئەوە هەموو لەشم هەست بەو ئازارە دەکات، لەبەرئەوەی هەموو لەشم پەیوەستە بەیەکەوە. پیشاندانی کۆمەڵگا وەکو بوونەوەرێکی زیندوو هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نییە، چونکە ئەگەر ماڵی کەسێکی جوتیار بسووتێت، ئەوە هەر تەنیا ئەو ماڵە دەسووتێتو ماڵی هەموو کەسێك ناسووتێت. مرۆڤ بەکۆی گشتی دووچاری مەترسی دێت کاتێك یەکێك لەبەشەکانی دووچاری مەترسی بێت، کەچی ئەگەر هەندێك کەس دووچاری مەترسی بێن، ئەوە هەموو کۆمەڵگا ناگرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو کۆمەڵگا لەمەترسیدا بێت. ئەوەی بەسەر کۆمەڵگا دادێت ـ لەباشەو خراپە ـ بەسەر هەموو کەسەکاندا دێت کە ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنن، ئەو قسەیەش کە دەڵێت بەرژەوەندی کۆمەڵگا لەبەرژەوەندی تاکەکان گرنگترو پیرۆز ترە، قسەیەکی قۆڕو بێمانایەو هەرگیز ڕاست نییەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دیکتاتۆرییەت بەرهەم دێنێت.

هەندێك فەلسەفەکارو سیاسەتمەدار پێیان وایە دەبێت دەوڵەت خاوەنی کیانی تایبەتی خۆی بێت بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵوێستەکانی لەئاست خەڵکدا. من هەرگیز ناتوانم ئەو ڕایە قبووڵ بکەم، چونکە لەلای من دەوڵەت شتێکی مەعنەوییەو بەڕاستی بوونی نییە. بەڵام لەوڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا ئەوە زۆرجار دەوڵەت بەو کەمایەتییە ئیداریو سیاسییە دەلکێنرێت کە بەڕێوەی دەبەن. ملکەچی تاك بۆ دەوڵەت مانای ملکەچییە بۆ ئەو کەمایەتییە، دیارە شاراوەش نییە کە ئەوە چەندە دەستدرێژی کردنە بۆسەر ئازادییەکانی تاك، کەسێکیش قبووڵی ناکات کە بڕوای بەدیموکراسییەت هەبێت.

ئێمە لەڕاردوودا تیۆری دیکتاتۆریمان لەسیاسەتدا پووچەڵکردەوە، ئێستاش دەمانەوێت تیۆری بایۆلۆژی پووچەڵ بکەینەوە. ئەو تیۆرە ناودەبرێت بەتیۆری بایۆلۆژی، ئەگەرچی زۆر لەبایۆلۆژستەکانیش بڕوایان پێی نییە. ئەو تیۆرە پەیوەستە بەتیۆری پێشڤەچوون کە پێی

وایە ململانێی مانەوە هێدی هێدی بۆتە هۆی ئەوەی بوونەوەرە زیندووەکان ئاڵۆزتر بن، هەرچەندە بەرەو سەرووتر هەڵدەکشێن ئەوەندە ئاڵۆزتر دەبن‌و تادەگاتە مرۆڤ کە ئاڵۆزترین بوونەوەرە. دەڵێن مانەوەی ژیان لەسەر ئەو بنەمایە بالاترین ئامانجی مانەوەی جۆرە. مادام مانەوەی ژیان بوو بە ئامانج، ئەوە هەر شتێك کە یارمەتی ئەو بۆچوونە دەدات، شتێکی سوودبەخشەو دەبێت هان بدرێت. هەموو ئەو شتانەش کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پێشڤەچووندا، ناسوودبەخشن‌و دەبێت لەناو ببردرێن، هەرچەندەی ژمارەی ئەو کەسانە زۆرتر بێت کە بەو پرۆسەیەدا تێدەپەڕن، ئەوە ئەو جۆرە ئەوەندە بەرزو بالاترە.

من هیچ پاساوێك بەدی ناکەم بۆ ئەوەی ئەو رایە میکانیکی‌و حیسابییەم قبوول بێت، چونکە سانایە مرۆڤ پارچە زەوییەکی بچووك بدۆزێتەوە ئەوەندەی مێروولە تێدا بێت، لەهەموو دانیشتوانی سەر زەوی زیاتر بێت. بۆیە ناکرێت بڵێین مێروولە لەمرۆڤ باشترە. کێ هەیە لەئێمە گەلێکی مەزن‌و زۆری پێ باشتر بێت کە لەنێو هەژاری‌و نەداری بژین، لەگەلێکی بچووکتر، بەلام لەخۆشگوزەرانیدا بن؟

ئەوەش مانای وا نییە کە لەگرنگی مانەوەو بەردەوامبوونی ژیان کەم بکرێتەوە، بەلام بێگومان دەڵێت جۆری ئەو کەسانەی ماونەتەوە جێکەوتێکیان هەیە، جگە لەرێژەیان. ئەوە لەکاتێکدا مانەوە ئێستا بەدی نایەت، تەنیا لەمیانەی پاراستنی حکومەت نەبێت بۆ تاکەکانی، بەلام حکومەتیش ڕەنگە هەندێکجار خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە لەژێر دەسەلاتیدا دەژین. ئالێرەدا جارێکی تریش دەبێت بگەڕێینەوە سەر گرنگی دۆزینەوەی تەوافقێك لەنێوان کۆنترۆڵو بالادەستی حکومەتدا، لەگەڵ ئازادی تاکەکەس.

ئەگەر ئێستا بمەوێت بنەماو پرنسیپی سەرەکی نێو ئەو کتێبە کورت بکەمەوە، دەڵێم ململانێیەکی دوورو درێژ هەیە لەنێوان لایەنگرانی لێکنزیکی کۆمەلایەتی نێوان تاکەکان‌و نێوان ئەو کەسانەی بایەخ بەئازادی تاکەکەسی دەدەن. مێژووی ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە سەردەمی یۆنانییەکان. من خۆم، پێم وایە هەردوو ڕاو بۆچوون، خالی بەهێزو لاوازییان تێدایە. کێشەکەش وەکو گووتم، کێشەی ئەوە نییە کامەیان ــ ئازادی تاك، یا ڕێکخستنی کۆمەلایەتی ــ گرنگترە، بەڵکو کێشەکە دۆزینەوەی تەوافوقە لەنێوانیاندا. مرۆڤایەتی لەمێژووی دوورو درێژی خۆیدا لەنێوان ئەو دوولایەن‌و بۆچوونەدا خولاوەتەوە، ئەگەرچی گونجاوی‌و تەباییەکیش بوونی نەبووە. لایەنگرانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی هەوڵیاندا تاك ملکەچی دەوڵەت بکەن، لەبەرانبەر ئەوانیشدا، لایەنگرانی ئازادی تاك داوای ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی دەکەن. ئێمە داوا دەکەین پێوەندی‌و تەباییەك لەنێوان هەردوو پرنسیپدا بێتە بوون، چونکە ئازادی بەبێ ڕێکخستن مانای ئاژاوەیە، ئەو ڕێکخستنەش کە ئازادی لەتاکەکان دەستێنێتەوەو زەوتی دەکات، ڕێکخستنێکی زانستی نییەو بەتووندی دەستی بەملی کەسەکانەوە گرتووە.

بەردەوام دەسەلاتی حکومەت هەولدەدات چالاکییەکانی تاك کۆنترۆڵ بکات، بەو شێوەیەش ئەگەر تاك ئەو دەسەلاتەی قبوول بێتن ئەوە ئامادە دەبێت بۆ هەر شتێك کە دەسەلات بەسەریدا دەسەپێنێت، جا بۆچوونی سیاسی بێتن یا کۆمەلایەتی، بەوەش تاکەکەس بڕواو متمانە بەخۆی لەدەست دەدات‌و خۆی دەداتە دەست هێزە دەرەکییەکان‌و بەو شێوە پالی پێوەدەنێن کە خۆیان گەرەکیانە، ئەو کاریگەرییەش زیاترە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە لەوەی لەلای ڕۆشنبیران، ئەوەش لەحالەتی قەیرانەکاندا دەردەکەوێت کاتێك کێشەی زۆرو ئاڵۆز سەرهەڵدەدەن.

یەکێك لەباشییەکانی سیستەمی نامەرکەزی ئەوەیە کە کۆمەڵێك دەرفەتی نوێ بەهیواکان دەبەخشێت، بەو چالاکیانەی تاك کە ئەو هیوایانە بەرجەستە دەکەن. ئەگەر ئێمە بەردەوام سەرقالی کێشە سیاسییەکان‌و قەیرانە گەورەکانی جیهان بین، ئەوە زۆر سانایە بێهوایی‌و نائومێدی رووومان تێبکات‌و کۆنترۆڵ بکات. ترس لەجەنگو شۆڕش‌و پەرچەکردارەکان، دەشێت بەپێی میزاج‌و مەیلی حزبی کۆنترۆڵمان بکات. ئەگەر بەشێکیش نەبین لەگرووپێکی گەورەی بەهێز، ئەوە ڕەنگە زووتر هەست بەوە بکەیت کە تۆناتوانیت لەئاست ئەو کارانەدا هیچ ڕۆڵێکت هەبێت. بەلام سەبارەت بەکێشە بچووکەکان، کێشەی وەکو سەندیکاکەت، یا شارەکەت، یا ناوچە حزبییەکەت، دەتوانیت بەهیوای ئەوەبیت کاری باش بکەیت‌و ڕۆڵی باشیشت هەبێت. ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی رۆحێکی گەشبینانە، رۆحی

گەشبینانەش گرنگترین شتە کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە ئەگەر بمانەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشەو قەیرانە گەورەکاندا بکەین. جەنگ بۆتە هۆی دروستکردنی جۆرەها قەیرانی دارایی کەوا خەریکە دەبێتە سەرتاپاگیرن بەوەش وای لێهاتووە دەسگرتن بەهیوا بێهوودە بووە. سەرکەوتن، ئەگەر لەسەرەتادا بچووکو سنوورداریش بێت، بەڵام باشترین چارەسەرییە بۆ ئەو میزاجەماندوو و ڕەشبینە.
سەرکەوتن لای زۆرینەی خەڵك بەمانای پارچە پارچەکردنی کێشەکانمان دێت، واتا ئازاد بین لەوەی جەخت بکەینە سەر ئەوکێشانەی زۆر مەزن نین بەشێوەیەك دووچاری بێهواییمان ناکەن.
جیهان بۆتە نێچیری هەندێك عەقیدەی سیاسی کە ترسناکترینیان لەڕژگاری ئەمڕۆماندا سەرمایەداریو کۆمۆنیزمە، پێشم وانییە هیچ یەکێك لەو دووانە بتوانن چارەسەرییەك پێشکەش بکەن بۆ ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیەو بتوانن ڕێگری لەو کێشانە بکەن. سەرمایەداری هەندێك دەرفەتی کەم بەهەندێك کەس دەدات، کۆمۆنیزمیش دەتوانێت جۆرێك لەئاساییش و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات ــ ئەگەرچی لەواقیعدا نایکات. ئەگەر خەڵك بتوانن خۆیان لەو تیۆرە سادانەو ئەو ململانێیانە دەرباز بکەن، ئەوە دەکرێت، تەکنیکی زانستی بەشێوەیەکی دانایانە بەکار بهێنرێت کە هەموو خەڵك بەیەکەوە لێی سوودمەند بن و ئەمن و ئاساییش دابین بکات. بەداخەوە، تیۆرە سیاسییەکانمان لەزانستەکانمان زیرەکتر نین و تائێستاش فێری ئەوە نەبووین چۆن سوود لەمەعریفەکانی خۆمان وەربگرین تاوەکو ژیان خۆشترو بەختەوەرانەتر بێت.
بەتەنیا ئەزموونی جەنگو ترس لەجەنگ دووچاری ڕەشبینیو ناخۆشیمان ناکەن، ئەگەرچی لەهەمووان ناخۆشترن. ئێمە بەدەست ئەو هێزە کەسایەتییانەوە دەتلێینەوە کە کۆنترۆڵی ژیانی ئێمەیان کردووەو لەسایەیانەوە بووینەتە کۆیلەی دەستی ڕۆژگار، ئەگەرچی ئێمە بەپێی یاسا کۆیلەش نین، بۆیە پێویست ناکات ئەو دیاردەیە بێتەوە گۆڕێ، چونکە ئەوە هی سەردەمی پاراستنی خواوەندە ساختەکانە. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ کۆیلایەتی داهێناوە، دەسەڵاتداران پێیان وابووە بەختەوەری ئەوان لەڕێگای چەوساندنەوەی کەسانیترەوە بەدەست دێت. هێدی هێدی لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراسییەتو پێڕەو کردنی تازەی ئەخلاقییەتی مەسیحی بەسەر سیاسەتو ئابووریدا، خەریکە نموونەی باشتر لەنموونەی کۆیلەی زەوی بێتە دی، لەئێستاشدا ئەوەندەی دان بەپێداویستییەکانی دابینکردنی دادپەروەری نراوەن هەرگیز لەهیچ سەردەمێکدا شتی وا نەبووە. بەڵام ئێمە لەمیانەی سیستەمی ئاڵۆزدا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێین، بۆیە ئەوەمان بیر چۆتەوە کە دادپەروەری بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو خۆشی ژیانی ڕۆژانەو ئەو کاتانەی کێشەو خەممان نییەو سەرکێشیو بەدیهێنانی چالاکی تاکەکەسی، هەر هەموویان بەلایەنی کەم هەمان گرنگی دادپەروەرییان هەیە لەبەدیهێنانی ژیانێکی گونجاو کە بشێت مرۆڤ تێیدا بگوزەرێنێت.
دەشێت بێزاری زیاتر لەخۆشیو ناخۆشی مەترسیدار تریش بێت. ئەو کەسانەی دێن چاکسازی کارگێڕی ئەنجام دەدەنو پلان دادەنێن بۆ چاککردنی ڕەوشی ژیانی خەڵكو کۆمەڵگا، زۆربەیان کەسانێکن تەمەنی لاوێتییان تێپەڕاندووە، زۆرجاریش بیریان چۆتەوە کە جگە لەڕاستەوخۆیین کبریای خودیش بەشێکی گرنگە بۆ دەسگیرکردنی بەختەوەری. شانازیکردنی کەسێکی سەرکەوتوو لەجەنگ مەرج نییە جیهانێکی ڕێکو گونجاوی لێبکەوێتەوە، بەڵام شانازیکردنی هونەرمەندو دۆزەرەوەیەك، ئەو کەسەی سارایەك دەگۆڕێتو دەیکاتە باخچە، یا ناخۆشییەك دەگۆڕێت بۆ بەختەوەری، ئەو جۆرە شانازیکردنە شتێکی باشەو دەبێت سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمەش هەوڵبدات بیکاتە شتێکی مومکین، بەتەنیا بۆ چەند کەسانێ نان بەڵکو بۆ هەرە زۆری.
ئەو غەریزانەی لەکۆندا هانی چالاکی ڕاووشکارو کوشتاریان داوە لای باپیرە هەمەجەکانی ئێمە، دەبێت لەڕۆژگاری ئێستاشدا دەروازەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بەتاڵ بکرێتەوە، چونکە ئەگەر هەر لەناوەوە بمێنێتەوە، ئەوە دەگۆڕێت بۆ ڕقو ناخۆشی. هەندێك دەروازە بۆ ئەو غەریزانە هەن، دەروازەی خراپیش نین، بۆیە دەشێت کوشتار بگۆڕدرێت بۆ وەرزشو ململانێی وەرزشی، ڕاووشکار بگۆڕێت بۆ چالاکی سەرکێشیو گەڕانو دۆزینەوەی شتی نوێ لەدەشتو شاخەکانداو داهێنانی تازەی لێبکەوێتەوە. ناکرێت

ئێمە ئەو غەریزانە پشتگوێ بخەین، نابێت هیوای ئەوەش بخوازین کە بوونیا نەبووایە، چونکە ئەوە هەر بەتەنیا سەرچاوەی شتە خراپەکان نییە، بەڵکو سەرچاوەی شتە داهێنراوو باشەکانی مرۆڤیشە. کاتێك ئەمنو ئاسایش بەدەست دێت، گرنگترین کاری ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی مرۆڤایەتییان گەرەکە، دەبێتە دۆزینەوەی ئەو دەروازانە، بەشێوەیەك لەبری ڕقو کینەو ناخۆشی‌ن ببێتە هۆی خۆشیو شادیو پێکەوە ژیان.

بەدرێژایی مێژووی پێشڤەچوونی مرۆڤدا، خەڵك دووچاری دوو جۆرە کەساسی بوونەتەوە: ئەوەی کە سروشت دەیسەپێنێت، لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان بەهۆی خراپ بەکارهێنانەوە بەرهەمی دێنن. لەسەرەتادا خراپترین کارەساتەکان لەلایەن سروشتەوە بوو، مرۆڤ کەمتر بوونو لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندا بوو، بۆیە نەوەکو مەیموون سووك بوو، نە فەروەی ئاژەڵانی هەبوو، زەحمەتیش بوو بتوانێت لەدەست ئاژەڵە دڕندەکان ڕابکات، بەرگەی سەرمای زستانیشی نەدەگرت. مرۆڤ ئەوکاتە تەنیا دوو شتی هەبوو: قیت بوون بەوەش ئازادانە هەردوو دەستی بەکار دەهێنا، مێشکی هەبوو دەیتوانی سوود لەئەزموونی ئاژەڵان وەربگرێت. هێدی هێدی‌ن ئەو دوو شتە بوونە هۆی ئەوەی بالادەستی بەمرۆڤ ببەخشنو ڕێژەی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵانیتری مەمکدار زیادی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیدەتوان لەئاست کارەساتە سروشتییەکاندا بووەستێت.

لەسەردەمی ئێمەدا، بەهۆی گەشەکردنی ئیدارکی زانستی، زۆر بەخێرایی پێوەندیمان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا کەمتر دەبێتەوە. ئەگەرچی برسێتیو کارەساتە سروشتییەکان هەر بەردەوامنن بەڵام ئێمە ساڵ بەساڵ باشتر فێر دەبین چۆن ڕوو بەڕوویان ببینەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بەپێی پێویست دانا نین، ئەوە هێشتا پێویستیمان بەکاری زۆرترە. ئەگەر ئاشتیو هاوکاری هەبێت، دەتوانین لەڕێگای هەندێك کاری مەزنو قورسەوە کەمێك بەماقووڵی بژین. لەگەڵ ئەو تەکنیکانەی کە ئێستا هەیە، دەتوانین دانایی خۆمان مومارەسە بکەینو لەزۆر شێوەی حوکمی سروشتی دەرباز بین.

بەکورتی، هێشتا خراپ مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری کۆتایی نەهاتووە، وەکو چۆن ملکەچی مرۆڤیش بۆ سروشت کۆتایی نەهاتووە. تائێستاش شەڕو ئاژاوەو جەنگ لەزۆر شوێندا هەر بەردەوامە، تائێستاش خەڵکانێکی زۆر لەسەر حیسابی کەسانیتردا دەوڵەمەند دەبن، هێشتا هێزو سەرکوتکردن دوو فاکتەرن کۆنترۆڵی ملی زۆر کەس دەکەن. دەکرێت مرۆڤ بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵ بێت، چونکە شتێك نییە لەنێو سروشتی خودی مرۆڤدا، بەڵکو ئەوە ئەنجامی گەندەڵی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژی. بڵاوکردنەوەی دادپەروەریو دڵنیاییو لەنێوان خەڵکدا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ جێگیر کردنی ژیانیان. ئەگەر بتوانین ترسو برسێتیو نەزانیو نەخۆشی لەناو بەرین، ئەوە مرۆڤ بەسانایی دەتوانن بەیەکەوە هاوکاری یەکتری بکەن لەژیاندا. دەبێت شێوازە زانستییەکانمان، ئەوانەی بوونە هۆی زاڵبوونمان بەسەر سروشت، بەشێوەیەك ئاراستە بکەین ببێتە هۆی زاڵبوون بەسەر ناخۆشیوو ئاژاوەی کۆمەڵایەتی ئێستاماندا. زانستو پیشەسازی لەزۆر لایەنەوە ژیانی ئێمەیان خۆشترو باشتر کرد، بۆیە دەبێت هانی هەموو ئەو شتانە بدەین کە ژیانمان باشترو ئارامتر دەکات. ئێمە ناتوانین لەڕێگای تۆقاندنی خەڵکەوە جیهانێکی پێشکەوتوو بونیاد بنێین، بەڵکو دەبێت لەڕێگای هاندانو پەروەردەکرنو شانازیکردن بەئازادی تاکەکەسیانەوە ئەو کارە بکەین، بەشێوەیەك گوێ بەهیچ شتێك نەدەن تەنیا پرسەکانی دادپەروەری نەبێت. ئەو جیهانەی ئێمە توانی زۆر لەوە زیاتری تێدایەو دەکرێت زۆر لەوەش باشترو بالاتر بێت. هەروەها دەکرێت زۆر لەوەش خراپتریش بێت. ئێمە زانیمان چۆن چۆك بەهێزەکانی سروشتدا دەدەین، بەڵام هێشتا نازانین چۆن بەسەر هێزە خودییەکانی خۆماندا زاڵ دەبین. ئەخلاقناسەکان زۆر بایەخیان بەپەروەردەکردنی دەروون داوە، بەبێ ئەوەی سروشتی ئەو دەروونە بناسن. بەڵام من لەو کتێبەدا هەوڵمدا سروشتی دەروون وا پیشان بدەم کە دەیبینم لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا.

جارێکی تر پێشکەشە بە روحی ئەحلام مەنسور